# نەوشەفەق 52

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

کانوونی دووەم
2008

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**


**پەخشانە شیعر تەنها ڕوو لە خوێنەر ناکات، بەڵکو بەرەو ناخی شعوری و وروژانی ئەقڵیی پەیامـوەرگر دەچێ، کە لەدایکبووی ئەزموونی سەردەم و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانە**

د. ئازاد عەبدولواحێد

**ئەو کۆمەڵگانەی لەبیرە داسەپاوەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیان تاکەکانی یاخی دەبن و یا بەرەو نامۆبوونێکی دەروونی و زەینی دەچن، ئەوان ئازارەکانی نەگونجان لەلایاندا هاوبەهای مانەوەیە لە شوێندا**

نەجات حەمید

**شیعری ئینگلیزی خاوەن بناغەیەکی زیاتر بە ١٥٠٠ ساڵە و کەچی شاعیریشیان هەیە ناوی لە ئەنسۆلۆژیای ئەدەبیدایە و شیعرەکانیشیان زۆر بەهێز نین**

مەشخەڵ


**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
م/ ٠٧٥٠٤٦٧٥٠٥٦ - م/ ٠٧٧٠٢١٩٧٦٧١

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


با زیندووەکانمان زیندوو ڕاگرین. **سەروتار**. سەرنووسیار ........ 3

پەخشانە شیعر لە نێوان ڕەهایی زمان و ... **لێکۆڵینەوە**. د. ئازاد عەبدولواحید کەریم ........ 5

چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقی یەکدەنگ و... **لێکۆڵینەوە**. بۆتان جەلال ........ 16

گوزارە لە دەقی شیعریدا . **لێکۆڵینەوە**. سەردار جاف ........ 20

مێژووی زمانی کوردی. **زمانەوانی**. سەباح موسا عەلی ........ 39

شوێن و مانەوە. **هزر**. نەجات حەمید ئەحمەد ........ 45

چیرۆکی ئۆسکار لە سەرەتاوە تاکو ئێستا . **هونەر**. ئا: کاوە فەتاحی ........ 51

پەشیمان نیم لەو خەباتەی کە کردوومە،... **چاوپێکەوتن**. عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ........ 62

غەریبی. **شیعر**. سەڵاح شوان ........ 77

چەند هەناسەک. **شیعر**. تریفە دۆسکێ ........ 82

با نەدیوان، بۆ کێ بەرن سکاڵایان. **شیعر**. فەرەیدوون ئەرشەدی ........ 86

بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن. **شیعر**. حەمە کاکە ڕەش ........ 91

چیرۆکی دەلاقە – بەشی دووەم و سێیەم. **چیرۆک**. زەینەب یوسفی ........ 94

نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی. **کورتەچیرۆک**. بەکردەروێش ........ 97

سەردان. **کورتەچیرۆک**. بورهان ئەحمەد زەنگنە ........ 102

ڕیتوالی مێژوویی دێرینەکان. **چیرۆک**. زایەر زەنگنە ........ 110

لە بەهاردا بوو. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. ن. ئێرنست کلایز و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ........ 114

چراهەڵکە. **شاکارەکانی دوێنێمان**. ئیحسان مستەفا ........ 130

سەروتار



سەرنووسیار

# با زیندووەکانمان زیندوو ڕاگرین

هەواڵنامەی کتێب

که کارەساتی یەکی شوبات ڕوویدا لە پرسەنامەکەیدا جاکسترۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دوای دەربڕینی نیگەرانی خۆی دەربارەی شەهید سامی عەبدلڕەحمان وتی ئەو پیاوە ساڵانێکی زۆرە کاری لەسەر دیموکراتیزەکردنی ئەو هەرێمە دەکرد. خۆزگە پێشتر پێش لە دەسدانی ئەو پیاوە گوێمان لەو قسەیە دەبوو...

لەو ماوەیەدا د. فازڵ جافم دوواند کە بۆ ئیمارات بانگهێشت کرابوو دەبوو بچێ لە بەریتانیا موحازەرەیەک پێشکەش بکا بۆ (١٥٠) بەریتانیانی لە لەندەن

بەزمـانـی ئینگلیـزی کـە ئەو لەو کـەسـانە بـوو وەک پەنجـەی دەست دەسـتنیـشـان کـرابوو دەیگوت دوای ستایشم بۆ ئەوەی بچم لە گلاسگۆ شانۆیەک دەربهێنم پێیان دەوتم تۆ مڵکی ئەم وڵاتەی، چونکە لێرە خوێندووتە، هەروەها ڕووسـەکان پێی دەڵێن تۆ سـەفیری ئێمـەیت چونکە تێزی دکـتـۆراکەت لە وێندەر خـوێندووە. کـەچی کە دێتـەوە ئەم هـەرێمـەی خـۆمـان و دەیەوێ بەردێ لەسـەر بەردێ دابنێ. نەک هـەر سـتـایش ناکرێ و کـەس بەسـەفـیر و مـوڵکی ئەم وڵاتەی نازانێ. کەچی ئەو پیاوە نەباتییە باسی گۆشت خواردنەکەی دەکەن کە نایخوا...

غـەریبـە ئەم هـەرێمـەی ئێمـە، لە ڕۆژنامـەیەکدا خـوێندمـەوە دەیانـوت با بەخـتـیـار عـەلی و ئاراس فـەتاح و مـەریـوان... هـتـد هیـچ دواندێک نەدەن چونکە ئێمـەش بەقـەد دەسـتـەسـڕێ زەویمان پێ بەخشیوون...

لەتیف هەڵـمـەت وتەنی بچـوکـترین نووسـەری عـەرەب نیـیـە بیـست جـار خـەڵات نەکرابێ کەچی ئـەو ڕۆشنبیرانـەی ئێمە ئاوهـایان دەرحەق دەکەن کە سەد هێندەیان قابیلە. غـەریبە ئەو جیهانەی ئێمـە... پیاوێکی وەک پیرەمێرد و موکریان یەکەمیان خانووەکەی ڕەهن دەکرد بۆ چاپخـانەی ژین و ئەوی دیش لە حەلەبەوە پیت و وشـەی کوردی دەهێنایە ئەم هـەرێمەوە. جەخـار چیمـان بۆیان کرد بـەزیندووی ئەو پەیکەرەی کە پێیـان دەوت لای... دابەزین هـەیە... ئای کە قـەومێکی غـەریبین کـەس لە ڕەنگمـان نییـە. لەو دووایەش بەدران ئەحـمـەد بەهـەوڵی زۆری چاپخانەیەکی لە وڵاتی ئەڵمانیاوە هێنا... ئای کە چرکەی خـۆشە و بەخشـشی بۆ ئەم هـەرێمـە لە بـن نایە، کـەچی جـەخـار سـەدان تیـرو توانجـمـان لە دەرەوە گـوێ لێ دەبێ... زۆر جار دەبینم خەریکی هەڵەگری کتێبێکە کە ٦٠٠- ٧٠٠ لاپەڕەیە ئەو قەڵەندەرە بـۆ فاریزە و لامێکی قەڵەوە شـەونخونی دەکا، بەڵام کە دەچێتە دەرێ هـەناسـەی ساردی ئەوتۆت گوێ لێ دەبێ ڕەنگە تەنهـا هـەر وتەی ئەم هـەرێمـە بێ، ئای ئەدی بۆ دەسـت خـۆشی ناکـەن زمـانی حـەسـادەت و ئیـرەیی کوێری کـردوین. کە بۆ خـۆمـان و مـیللـەت و کـەلتـوور و پاشـەڕۆژمـان نقـەمـان لە دەمـەوە نایەت لـە خـراپە زیاتر. ئای کـە قـەومـێکی نەگـبـەتین... چـاومـان بەپێـشکەوتووەکـانی خـۆمـاندا نـایا... ئەوانەی وڵاتان شـانازیان پێـوەدەکـەن... کـە زادەی قوتابخانەی ئەوانن و بەڵام بۆ ئێمە کە کوڕی ئاووهەوای ئەم خاکەن و دەیانەوێ بەخشش پێشکەش بکەن پێمـان خۆشە ڕۆژێک پێشتر بییانکوژین و دواتریش ئەو زمانانە دەبڕین بەهەڵە و خەوشێک باسیان بکا... ئەی ئەدی ئێستا چ بووە چ قەوماوە.

لێکۆڵینەوە



د. ئازاد عەبدولواحید کەریم

# پەخشانە شیعر
# لە نێوان ڕەهایی زمان و بە پەراوێزکردنی شیعردا

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە فیکری و ئایدیۆلۆژییەی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بەسەر کۆمەڵگا و سیستەمی سۆسیۆلۆژیی ئەوروپادا هات. ئەدەبیش بەر ئەو شالێوی گۆڕانکارییە کەوت. شاعیرانیش بە مەبەستی خۆ ڕزگارکردن لە ڕکێفی کۆتە شیعرییە کۆنەکان لە بنیاتی شیعریدا ژانرێکی ئەدەبیی تازەیان داهێنا، کە بە پێی زاراوەی ئەدەبی بە ژانری سێیەم – پەخشانە شیعر– دەناسرێت. پەخشانە شیعر و نووسینە شیعرییە –پەخشانییە هاوچەرخەکان کران بە مەیدانی فیکر، پاش ئەوەی لە فەزای کۆنی بەیتی شیعریدا سنووری هەموو تەقلیدییەتێک بەزێندرا، بە تایبەتی پاش ڕەوانەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و سەقامگیربوونی ڕێبازی سیمبۆڵیزم. هەتا وای لێهات هەر ئەزموونێکی تر، لە دەرەوەی بازنەی شیعردا، کرا بەئەلتەرنەتیڤێکی ڕیتمی و بە پەخشانە شیعر دەناسرا، چونکە هاوکات لەگەڵ چوارچێوەی گشتیی ئایدیۆلۆژییە نوێیەکە شاعیران بەرەو ئەقڵییەتی دامەزرێنەریی گوتاری پەخشان چوون. بەو پێیەی کە (کێش) بناغە نییە لە دەق و ڕەهایی دەقیش بە ڕەتکردنەوەی فۆرمە هەبووەکانی شیعر دەبێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ئەدگار و سیماکانی شیعر و شیعرییەتی دەق لە نێوان ڕەهایی زمان و ڕەوتی نوێی شیعردا. ئەو میتۆدە نوێیەی لەمیانەی پەخشانە شیعرەوە پێڕەوی کرا، هەوڵدانێک بوو بۆ داڕشتنەوەی دەق لە دەرەوەی سیستەمی کێش و سەرواوە.

هەروەها سەربەستییەکی تەواوی بە شاعیر بەخشی بۆ هەڵبژاردنی ڕیتم و فۆرم و بنیاتی نوێ و دەرچوون لە بازنەی دەقە کۆنەکان.

پەخشانە شیعر تەنها ڕوو لە خوێنەر ناکات، بەڵکو بەرەو ناخی شعوری و وڕووژانی ئەقڵیی پەیاموەرگر دەچێ، کە لەدایکبووی ئەزموونی سەردەم و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانە. مۆسیقای پەخشانە شیعریش وەڵامدانەوەیەکی نوێیە، لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریی – پەخشانیدا .هەندێک لە ڕەخنەگران پەخشانە شیعر بەوە دادەنێن، کە هەوڵدانێکە بۆ پەراوێزکردنی شیعرو سەپاندنی دەسەڵاتی شاعیر. بەوەش لە بەهای تەکنیکیی دەقی پەخشانەشیعر کەم دەکەنەوە و دەیخەنە دەرەوەی بازنەی شیعر و سەنترالیزمییەتی دەقی شیعرییەوە. پەخشانەشیعر زمانێکی نوێیە لە چوارچێوەی چەند پەیوەندییەکی تەعبیریی نوێدا، کە سیمیۆلۆژیای زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بنیاتی ڕیتمیی هەر دەقێکی پەخشانەشیعریدا. لەو حاڵەتەشدا مۆسیقای شیعری، لە دەرەوەی دەقەکەوە بەرەو ناوەوەی دەچێت و لەمیانەی ڕەوتی شعوورییەوە خۆی دەنوێنێ. لە ئەنجامدا سیما و ئەدگاری وروژان و سەرنج ڕاکێشان، بەرەو سیمانتیکای دەقەکە دەخاتە سەر و وزەی ڕیتم و مانا گشتییەکەی. لە لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدەین بۆ خستنەڕووی سیماکانی پەخشانە شیعرو شیعرییەتی دەق لە نێوان ڕەهایی زمان و ڕەوتی نوێی شیعریدا.

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە دەسەڵاتی دانەرو هزر و بیر و ڕامانی پەیاموەرگر (خوێنەر) لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقی پەخشان و شیعردا. بەشی دووەمیش، ئەو مەبەستانە دەخاتەڕوو، کە لەمیانەیدا ئەرکی ڕیتم و زمانی شیعری و چوارچێوەی گشتیی هەر دەقێک دەسنیشان دەکەن. دوا بەشیش، واتا بەشی سێیەم– کە مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەیە– ئەو سیماو ئەدگارانە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کە زۆرجار ڕەخنەگران پەخشانە شیعر وەکو دەقێکی ئەلتەرنیتیڤیی بەدەر لە سەنترالیزمییەتی شیعر دادەنێن. بەپێی بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگران، مەبەست لە نووسینی پەخشان، بە پەراوێزکردنی شیعرو کەمکردنەوەی بایەخ و گرنگیی ڕیتم و زمانە لە بە تەکنیک کردنی هەر دەقێکی نوێدا، کە لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازی نوێخوازیدا بگونجێت.

### بەشی یەکەم: دەق لە نێوان دەسەڵاتی دانەرو ڕامانی خوێنەردا

کێشەی ئەزموونی شیعری، لە سیستەمێکی تایبەت لە یەکێتییەکی ئۆرگانیزمیی نێوان بەشەکانی هەر دەقێکدا سەرهەڵدەدات، کە شاعیر تێیدا ڕۆڵێکی دیار دەبینێ لە بەرەو

مەرکەزییەت کردنی ئامێتەیەکی بەرجەستەکراو لە شیعرێکی پەیامدارو وەڵامدانەوەی حاڵەتە زەینییەکانی مرۆڤ. هەتا لە نێو پلانێکی بنەڕەتیی ئەپستمۆلۆژی و بە ڕیتم کردنی وشە و وێنەی هەست ورووژێندا، نێوەندێک بۆ بنیاتی هونەریی شیعر دامەزرێنێ. هەرچەندە دەق Text ئاراستەیەکی دینامیکی نییە، بۆ وەڵامدانەوەی حاڵەتێکی ساتەوەختیی تۆمارکراوی نێو زەینی شاعیر. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی وشیاریی شاعیر ناوزەد دەکرێت. هەمدیس بەشێکیشە لە گشتی نێو چەقی بازنەی چالاکییە مرۆییەکان.

لەو زنجیرە تیۆریزمییانەی، کە لە پرۆسەی ڕەخنەدا کراوان، لە سەر بناغەی ڕەتکردنەوەی پەیوەندییە ئۆرگانیزمییەکانی نێوان ئاستە جیاجیاکانی چالاکیی فیکریدا پیادەکراون.هەر دەقێکی تەکنیکیش، بەتایبەتی (پرۆسەی شیعر) بە بەرهەمێکی لە بارچوو دادەنرێت، ئەگەر هەوڵدانێک بێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆشنبیریی(من)ی شاعیر بەرامبەر بە هەرس نەکردنی فیکرەی دەقەکە لەلای (ئەو)ی پەیاموەرگرەوە. ڕەنگە شاعیر لە ڕوانگەی سەربەستییەکی موتڵەقەوە ڕەفتار لەگەڵ (ئەزموونەکە / دەقەکە)ی خۆی بکات. واتا لە ڕوانگەی نەری کردنی تەواوی هەر مەرجێک کە ڕەخنەگر بۆی دادەنێت،بەڵام ئەو جۆرە سەربەستییە، زۆرجار ڕێگای داهێنانی لێ دەگرێت. بەوەی کە هەر (دەق)ێک ئەزموونێکی فیکرییە، لەنێو پرۆسەی هەر گۆڕانێک کە لە کۆمەڵگە ڕوو دەدات.

هەروەها (شیعر–دەق)ە کە دەبێت بە کێشەیەک، نەوەک هەر هیچ پەیوەندیی بە شاعیرەکەوە نییە، بەڵکو دەبێت بە پرۆژەیەک، کە لەسایەی نەبوونی سەربەستیی شاعیرەوە، کەسایەتیی (شاعیر) دەسەلمێنێ لەو ڕوانگەیەوە شاعیر لە بەردەم دوو ئەزموون [illegible] خۆ تێهەڵکێش کردن لەگەڵ هەڵوێست و پەیامداریی هەر شتێکی ئایندەیی. یانیش ڕەتکردنەوەی هەر ویست و داواکارییەکی کۆمەڵ. لە حاڵەتی یەکەمدا، دەقەکە بەهای فیکری و مێژوویی خۆی دەپارێزێ. کەچی لە حاڵەتی دووەمدا دەبێت بە ئەزموونێکی داخراو لە پەراوێزی هەر گەشەسەندنێکی ڕۆشنبیریدا .ئەو چارەنووسەش،جیاوازیی نێوان وزەی شیعری ڕاستەقینە و شیعری ڕووکەش ئاشکرا دەکات.لەو نێوەندەشدا پەیوەندییەکی (پۆزەتیڤی) و (نێگەتیڤی) لە نێوان چوار لایەندا دروست دەبێت، کە ئەمانەن:

١– کەلەپوورێکی شیعریی ئامادەکراو، کە لە سەر بنەمایەکی ڕۆشنبیری دامەزراوە.

٢– خودی شاعیر.

٣– پەیاموەرگر.

٤- بازنەی ڕووداوەکان و دەوروبەر.

لەو حاڵەتەدا، دەقی یەکەم ڕەهایە و هاوتەبایە لەگەڵ چوار لایەنەکە. کەچی هی دووەم هاودژە، وەک لەم دایەگرامەی خوارەوەدا دیارە:

I

دەقی یەکەم= II لایەنەکان IV ؟ دەقی دووەم III

کە دەڵێین دەقی یەکەم ڕەهایە، مەبەستمان ئەوەیە کە بە نێو ڕوئیایەکی قووڵ و بەشداری کردنی فیکر و فەلسەفە و ژیار و سەرچاوەکانی خوێندنەوەکانی بۆ دەوروبەردا ڕۆچووە و توانیوێتی هەماهەنگی و ئاوێتەیەکی بەرجەستەکراو لە نێو ژانرە و هونەرەکانی تری ئەدەبدا بڕەخسێنێ. واتا لە خەیاڵ و مەعریفە و دیدی شاعیردا چێژی وەرگرتنی تێدایە.مەرجیشە کە دەق بە پێی چەند پێوەرێکی ڕەچاوکراو لە دوو لایەنەوە بە بنیاتێکی دروست دابنرێت:-

یەکەم: دیوی ناوەوەی: بە پێی مانا دەبێت ڕستێک بێت لە ناوەڕۆک و مەبەستێکی دیاریکراو.

دووەم: دیوی دەرەوەی: بە پێی بوونی، دەبێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی پەیامێک بەرهەم بهێنرێت.

چونکە (شیعر/دەق) پرۆسەیەکە لە ناوەوە دەست پێ دەکات و هەتا لە دەرەوەشدا لەگەڵ بووندا یەکانگیر دەبێت[١].

هەواڵنامەی کتێب

لە هەر پرۆسەیەکی (دەق)دا، دەسەڵاتی دەق جێگای دەسەڵاتی دانەرەکەی دەگرێتەوە، بەوەی کە زیاتر بایەخ بە بیرو بۆچوونی خوێنەر دەدرێت و ئەویش دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە دەقنووسەکە جێی هێشتووە. ڕۆلێن پارت سەبارەت بە مردنی(نووسەر- دەقنووس) دەڵێت: (با دەقەکە بە بێ ئیمزای باوک بخوێندرێتەوە، چونکە زمان لە ئەدەبدا خۆی قسە دەکات نەوەک دانەر)[٢]. بەوەش ڕەخنەگرانی ئەدەبی نوێ لە سەر هەمان بیری پارت ڕەفتار لە گەڵ دەقدا دەکەن. تەنانەت دروشمی(دەق، دەق هەموو شتێکە، هیچ شتێک نییە دەق نەبێت) بووە پرۆژەی ڕێبازێکی ڕەخنەیی. بەڵام هێشتا ئەوەش لێکدابڕانی پەیوەندیی دەسەڵاتداری نییە لە نێوان حەتمییەتی موڵکدارێتیی دەق لەلایەن (نووسەر / شاعیر) لە نێو جوغزی پرۆسەیەکی زمانگەراییدا. یان بەخشینی دەسەڵاتە بە (خوێنەر / پەیاموەرگر)، کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا هیچ دەورێکی نییە، تەنها چێژوەرگرتن و هەڵسەنگاندنی دەقەکە نەبێت. بۆیە دەسەڵاتی دەق زۆر ناخایەنێت، چونکە ڕێبازەکانی پاش ستراکچەرالیزم (بونیادگەری)، بە تایبەتی هەڵوەشاندنەوە (التفکیکە)، بە یەکجاری دەسەڵاتی لە دەقنووس وەرگرتووەتەوە و بەخشیویەتی بە خوێنەر.لەو بارەیەوە پۆڵ دی مان جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە (کە ڕۆژگاری دەسەڵاتگەرایی

پرۆسەی ئەدەبی کۆتایی پێ هات )[٣].

به پێی بۆچوونی مەعریفی و دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، کە لە سەرووی میتافیزیکاوە مامەڵە لەگەڵ حیکمەتەکانی گەردووندا دەکات. دەسەڵات تەنها دەسەڵات و ویستی خاوەن دەقە لە فەزایەکی بەرینی وشکدا.(ڕامانێک) کە سیستەمی پرسیاری (بۆ)؟ زیندوو دەکاتەوە و لە نوێبوونەوەی هەر دەقێک و دەسەڵاتێکی دی بدا بە (گوتن) لەفەزایەکی شیعری ڕەهادا سنوور بۆ هیچ دەقێک دانانێت )[٤]. بەرامبەر بەوەش ڕامانی خوێنەر دەمێنێتەوە بۆ دەقەکە، کە لە سێ حاڵەتدا کۆدی تێگەیشتن و چێژوەرگرتن لە ئاراستەی زمانی دەقەکە دەدۆزێتەوە:

١- خوێندنەوەیەکی سەرپێی و بێ گوێ دانە هیچ تەکنیک و بەهایەکی فۆرم و ناوەڕۆک، کە زیاتر بۆ کات بەسەربردن یان چێژ وەرگرتن دێت.

٢- خوێندنەوە و ڕامانێک لە دەرەوەی بازنەی مەعریفەتدا، بەڵام ڕەچاوکردنی ئیستاتیکا و لایەنە تەکنیکیەکانی دەق، بەڵام ئەوە هیچ مەترسییەک بۆ نووسەر درووست ناکات.

٣- خوێندنەوەیەکی قووڵ و ڕەخساندنی ئەقڵییەتی مەعریفی و داژەنینی دەقەکە و پاشان پێکەوە گرێدانەوەی یەکێتییە ئۆرگانیزمییەکەی، بەوەش (خوێنەر- ڕەخنەگر) مەترسی ڕەتکردنەوەی لایەنێک لە لایەکانی دەقەکە دەخاتە سەر دانەر.

کەواتە لێرەدا لە ئەنجامی کرداری (نووسین) و (چێژوەرگرتن)دا سەرەنجامێکمان لەلا گەڵاڵە دەبێت کە چێژی دەق لە ڕەهایی نووسەرەکەیەوە دێت و مەرجیش نییە دەقەکە چێژێکی تەواو ببەخشێت.هەر وەکو پارت لەو باوەڕەدایە کە«هەمووان دەتوانن شایەدی بدەن کە چێژی دەق بە تەواوەتی ڕوو نادات، چونکە هیچ شتێک نییە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێ کە ئەم دەقە لەکاتێکدا بۆ جاری دووەم بخوێنرێتەوە ڕەنگە چێژمان بداتێ »[٥] ئەوەش جۆرە تاوتوێ کردنێکی چۆنیەتی گەیاندنی چەمکی گوتاری داهێنەرانەیە، کە نووسەر لە ڕووی مانا و سیمانتیکاوە دەقەکەی لە سەر دادەڕێژێ. بۆ نموونە شاعیر لە بازنەی دەقی شیعریدا (فۆرمە کەم ناسراوەکان) بەکار دێنی.هەمبەر بەوەش (ڕەخنە/خوێنەر) ئەو مانایە وەردەگرێت،کە بنیاتی شیعرەکەی لەسەر نراوە. بەو پێیەش سیمانتیکای بنیاتی شیعر(دەق) لە ناوەوە پەرە پێ دەدات نەوەک لەدەرەوە»[٦] هەر ئەو کاتەش دەسەڵاتی خوێنەر خۆی بەسەر دەقەکەدا باڵادەست دەبێت.

**بەشی دووەم: شیعرییەت**

شیعر لە بازنەی تەعبیرکردن لە مەبەستێکی دیاری کراودا، هەوڵ دەدات کەرەستەی قسەکردن بگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی خۆی. بەو مانایەی کە وشە ڕەهایە و وەڵامدانەوەی ویستی مۆسیقاو

تەعبیرکردنە. ئیستاتیکای چامەی شیعر حەتمییەتی خۆی لەوەدا دەسەلمێنێ، کە پێویستی بە مێینەکردنی وشەیە(تأنیث الکلمات) لە نێو پرۆسەی ڕامانی قسە و بنیاتنانی یەکێتییەکی ئۆرگانیزمدا. هەڵبەتە شیعر هیچ کەرەستەیەک بەکارناهێنێ بۆ قسەکردن و گەیاندن، بەڵکو خۆی قسە لەگەڵ خوێنەردا دەکات.بەوەش هێزی کارلێکردن لەمیانەی چێژوەرگرتن و مەعریفیی پەیاموەرگردا دەبێت بە ڕەگەزێکی گرنگ لە بنیات و شێوازی بەخششە شیعرییەکە. هاوکێشەیەکی هاوبەشیش هەیە لە پرۆسەی هەر دەقێکدا، ئەویش دوالیزمی زمان و ڕیتمە. تای یەکەمی کێشەکە زمانە، چونکە زمان نابێت «تەنها بەهێز نەبێت، ئەو هێزەش بەهۆی زمانەوە دێت، چونکە هەر کە واقیع بوو بە ئاخافتن. ئەوا ئەو واقیعە چارەنووسی ئیستاتیکی خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی زمانەوە، دەقەکەش چێژێکی تایبەتی تێدا نەبێت دەبێت بە پەخشان»(٧). تای دووەمی هاوکێشەکەش ڕیتمە، کە یەکێکە لە ئەرکە بەرجەستەکراوەکانی شیعرییەتی زمان و بە هاوبەشی لەگەڵ مۆسیقای برگەدا، هێزێکی ڕێکخەری بنیات دەنێن و جووڵەی دەروونی و وروژانی هزر و شعوری پەیاموەرگر دەگەیەننە ئاستی چێژوەرگرتن. هەر ڕیتمیشە کە موعاناتی شیعری هەڵدەسوڕێنێ و وزەی زمانەوانیی شاعیر بەرپا دەکات. بەوەش بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقەکە دەبەخشێت. ئەو جۆرە ڕیتمەش بە مۆسیقای ناوخۆی شیعر ناوزەد دەکرێت. لێرەوە دەوری شاعیر لە نێو دەقەکەدا دەردەکەوێت. لەو حاڵەتە شیعرییەی کە شیعر لە مێشک و نەستی خوێنەردا دروستی دەکات.بە گێڕانەوەی شیعر بۆ حاڵەتە سروشتییەکەی خۆی لە لایەکەوە – بەو مەرجەی مانایەک هەڵدەگرێت – و سروشتی مرۆڤایەتیش لەلایەکی ترەوە بە چێژێکی تەواوەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەو پێیەش دەقە شیعرییەکە دەبێت بە ڕستێکی پتەو لە کاریگەرە ڕیتمییەکان.واتا سەرجەم ڕیتمی دەنگ و وشە و ڕستە و مانا پێکەوە یەکێتییەکی ئۆرگانیزمی تەواو دروست دەکەن. بێگومان (کێش) یش بەشێکە لە ڕیتمی گشتیی شیعر. هەرچەندە کێش ببێت بە ڕەگەزێکی سیمانتیکی، لە دەقدا زیاتر بایەخدارتر دەبێ. واتە ئەگەر هاتوو بوو بە بنیاتی سیمانتیکیی خودی خۆی. بەوەش ئامێتەیەکی شیعریی ئۆرگازمی دروست دەکات، ئیلیۆت دەڵێت «شاعیر دەگاتە سنووری وشیاری و ئینجا بەرەو جیهانێکی تر هەنگاو دەنێت، کە وشە ناتوانێت بەو ئاستە بگات، چونکە ئەم جیهانەی کە دەگاتە ئەوپەڕی سنووری وشیاری، مانایەکی هەیە. ئەو مانایەش تەنها شیعر لە ڕێگای ڕیتمێکی تایبەتەوە دەری دەبڕێت»(٨).

هەندێک لە ڕەخنەگرانی شیعر کێش و ڕیتم بەوە دادەنێن، کە زۆر جار بیر دەشێوێنێ و ئاستە سیمانتیکییەکان کورتبڕ دەکات. بەڵام بێگومان ئەرکی شیعر تەنها گواستنەوەی بیرە

ئەپستراکتییەکان نییە، بەڵکو ئەرکەکەی گواستنەوە و گەیاندنی «هزرە ڕوحییەکانە» و یەکێکیش لە دیاردەکانی شاعیرییەتی شاعیر لەو توانایەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر ئەزموونەکەی خۆی لەمیانەی بنیاتێکی ئیستاتیکیی کاریگەر و دیدێکی تایبەتیدا بەرجەستە دەکات. ئەو شیعرەش کە لە میانەی کێشەوە ئاسۆی ئەزموونی شیعرییەت بکاتەوە. زیاتر لە هەر دەقێکی تر دەتوانێت بەرەو ناخی مرۆڤ ڕۆ بچێت، ئەو ناخەی کە مۆڵگای هەست و سەرسوڕمان و چێژی ڕۆحە و غەریزەیەکی دەستەمۆ نەکراوە. لەو ڕوانگەیەوە شیعرییەت لە نێو چوارچێوەی زمانی دەقدا دەبێتە بابەتێک لە گوتاری ئەدەبی، بەوەی کە شیعرییەت « شەنگستی گوتاری شیعری زادەی بێ سنووری دەقە»[٩] و زانستێکە بەدوای ناولێنانی مانا ناگرێت، بەڵکو بە مانایەکی تر، شیعرییەت هێما میتافیزیکییەکان دەگۆڕێت بە یاسایەکی فیزیکی.واتە ڕۆح دەکا بە جەستەو، جەستەش سیستەمێکی سیمیۆلۆژیی ڕەمزیی ڕۆحە، ئەو ئامێتەیەی (جەستە/ڕۆح)، شیعرییەت و ئەدەب دەنوێنێ، بەو پێیە پرۆسەی ئامێتەکردنەکە سەردەگرێت. ئینجا کرداری چۆنێتیی گەیاندنی گوتارە شیعرییەکە لە نێو ئەدگارەکانی پەیامەکەی شاعیرەوە دەست پێ دەکات،کە یاکۆبسن ناوی تیۆری گەیاندنی بە سەردا داداوە. یاکۆبسن پاش گەڵاڵەکردنی هەموو بنەماکانی شیعرییەتی دەق، بەو ئەنجامە گەیشتووە کە شیعرییەتی هەر دەقێک تەنها لەناوەوەی پەیوەندییە ئۆرگانیزمییەکانی ڕەگەزەکانی شیعرییەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەکەشەوە هەیە. ئەو دەرەنجامەی یاکۆبسن، بوو بە ڕێورەسمێک لە سەقامگیربوونی ئەرکە سەرەکییەکانی دەق، کە بەم دارێژەیەی خوارەوە دەستنیشانی کردووە:




شیعر لە چوارچێوەی دەق و لە ئاستی بەخششێکی بە بەهای تەکنیکیدا زمانێکی جیای تازە خوڵقاوی هەیە، کە بەرامبەر بە زاراوەی (گوێزانەوە – التحویل) دێت. واتە بەزاندنی سنوور و بازنەی وشە و دەنگی ڕووت، بۆ وشەی ئاوازدار و دەرچوون لە حەقیقەت بەرەو میتافۆرم و وێنەی ڕوونبێژی و جوانکاری، کە هەندێک جار دەگاتە ئاستی فەنتازیا و خەیاڵ، ژان کوهین دوو مەرجی سەرەکی یدەستنیشان کردووە بۆ بە شیعرییەت بوونی هەر دەقێک کە پێکەوە بنیاتی

ئۆرگـانیـزمـیی شـیـعـر دروسـت دەكـەن.ئەوانیش(وەرگـەڕانی سـیـمـانتیـكی–التحـول الدلالی) و (ڕیتم)ن. مـەبەست لە وەكـو وەرگـەڕانیش كـوهـین دەڵێت: «گـۆڕینـی جـیـهـانێكی ئاسـاییـە بۆ جیـهـانێكی نا ئـاسـاییی و داهێنان»[١٠]، هـەرچی ڕیتمـە و وزەی شـیـعـرە و هـیـچ ڕاڤـەكردنێكی بۆ نییـە. لە لای هـەندێكی تر شـیـعـرییـەت بەرجـەسـتـەكردنی بابەتە ناشـیـعـرییـەكانە، كـاتێك كە بابەتەكـان لە فـەزایەكی مـیـتـافـیـزیكیـدا گـەڵاڵە دەبن. هـەتـا وای لێ دێت هـەمـوو شـتـێك دەبێت بە شیعرو هـەژین. لە ئەنجـامدا دەق قاڵبێكی باڵای ئەفسانەیی وەردەگرێت. بۆ نموونە، پرتەقاڵەكەی (جـاك بریڤیـر)و هـەرێمـەكانی (ئـەدۆنیس) و خـاكـەكـەی (ت.ئەلیۆت)و لـەش لەلای (سـەییـاب)و سروشت و ئافرەت لەلای (گۆران) دەبن بە سیمای بنەڕەتیی شاعیرییەت.

### بەشی سێیەم: ڕەهایی زمان، یان بە پەراوێزكردنی شیعر

یەكێك لە كێشـە هـەرە گرنگەكانی بوواری زاراوەسازیی ئـەدەبی ئەمڕۆ، چۆنیـەتی دەستنیـشان كردنی مـەسەلەی چەمك و چوارچێوەی گشتیی شیعر و پەخشانە شـیعرە. بەڕادەیەك كە لەنێو ناوەندە ئەدەبییـەكاندا، بووە بە مایەی تەنگەشـە و ململانێیـەكی فیكری، بە تایبەتی دەسـتـەیەك لە ڕەخنەگـران هـەمـوو بەهایەكی تەكنیكیی تێكست (دەق) بە مـەسـەلەی سـەرەكـیی ئـەندێشـە و ڕیتمـەوە دەبەسـتنەوە. كـەچی هـەندێكی تر پێوەری زمـانیـان كـردووە بە تەوەری سـەرەكـیی دەقی شـیـعری، بەوەی كە زمـانی شـیـعر دەتوانێ كاتەكـانی شـیـعر بـەیەكەوە ببەسـتێ و پرۆسـەی زانین بنیات بنێ، واتە پێكـەوە گرێدانی ڕووداوەكانـی ڕابردوو بە ئایندەوە، بە مـەرجی لە ئامێزگرتنی مـانا و پڕكردنەوەی بۆشـایی مێژوویی نێوان دەق و خـوێنەر، لە سـەر ئەو بناغـەیەوە بەوەی كە پرۆسـەی ئـەدەبی ڕەوشـێكی زمـانەوانی – تێكسـتـیـیـە لە ڕووی سـەرجـەم زمـانـی و گـەتاری شـیـعـرییـەوە، لەو ڕوانگەیەشـەوە لەو كـردارەدا دوو ڕەگـەزی سـەرەكی دەسـتنیـشـان دەكـرێت، یەكەمیان (شیعر – میتافۆر)و دووەمیشیان (پەخشان – میتۆنیم)ە كە یاكۆپسن بە پەیوەندی جـەمـسـەری بەسـتنەوەی دوو باڵی سـەرەكی ئەدەبی ناوزەد كـرد، لە نێـوان ئەو دوو ڕەگـەزەوە ڕەگەزێكی تر هـاتە كـایەوە كە پەخـشـانـە شیـعرە، بێگومـان پێناسـەی شـیعرو پەخـشـان ڕوون و ئاشكرایە، كە شیعر لە سەر بناغەی(سۆز)و پەخشانیش لە سەر بناغـەی (بیر) دامەزراوە، بەڵام پەخشانە شـیعرو دیاریكردنی چەمك و زاراوەكەی شـتێكی ئاسـان نییـە، چونكە ئەوەی كە پێی دەوترێت پەخشـانە شیعر، ناچێتە نێو سنووری (شیعر/قەسیدە)وە، بەوەی كە شیعر لـە میانەی وزەی هـەژاندن و سـەرنج ڕاكـێـشـانی بەهـێـزەوە دینامـیكای زمـان و ڕیتم دەوروژێنـێ. لەو پرۆسـەیەشدا یەكێتییـەكی ئۆرگانیزمی دروست دەكات. كەچی پەخشانە شیعر بە پێچەوانەوە

ڕەگەزێکی شیعریی گرنگ بەلاوە دەنێ کە(کێش)ە،نەمانی کێشیش واتە لێکدابڕانی ڕیتمی دەق و دەرکردنی دەق بۆ دەرەوەی بازنەی شیعر.

هەندێک لە ڕەخنەگران بە یەکجاری پەیوەندی لەنێوان شیعر و پەخشان نابڕن،چونکە پەخشانە شیعر وەکو دەقێکی شیعری، هاتە نێو ژانرە ئەدەبییەکانەوە،سەرباری ناکۆکیی نێوان ڕەخنەگران سەبارەت بە ناوەکەی، بەڵام هەتا ماوەیەکیش بە (دەقی شیعری) یان (هاوتاشیعر) دەناسرا، بەوەی کە«هەر قەسیدەیەک هەرچەندە لە فیکری ئەقڵێنییەت بۆدەربکری. بەڵام هەر بنیاتی ڕیتمیی ناوخۆیی هەیە،کە بوونی ئۆرگانیزمی دەقەکە دەسەلمێنێ»[11] لەگەڵ ئەوەشدا کێش ڕەگەزێکی گرنگی سنووری دەقە و مەرجیشە بۆ چێژو شیعرییەتی هەر دەقێک، کە لەڕووی (مۆسیقا) وە ئامێتەیەکی (سەرسامی/ڕیتمی/سوودگەیەنەر) دروست دەکات، هەروا(شیعرییەتی کێش) یش لەمیانەی وزەی ئەو ئامێتە سێ لایەنەوە دروست دەبێت، کە لەمیانەی بنیاتی دەقدا سێ ئاستی جیاجیا پێکدەهێنێت:




لەمیانەی ئەو بۆچوونەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە (کێش) ڕەگەزێکی سەرەکییە لە جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانە شیعردا، چونکە دابڕینی (کێش) لە هەر دەقێک، واتا فەوتاندنی زمانی سۆز و مێشکی شاعیرانە. دەشێن بڵێین بە پێی ئەرکی ئایدیۆلۆژیش،پەخشانە شیعر دەقێکی پەراوێزییە و بە سەنترالیزمییەتیی شیعر و میتافیزیکای ئامادەیی دەقی شیعرییەوە بەستراوە، واتا هەوڵدانە لەلایەن هەندێک شاعیرەوە بۆ«هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی شیعر، کە بەوەش دەتوانن ڕەوتی ئەنتۆلۆژیی مەرکەزییەتی شیعر لەق بکەن»[12]. ئەو داواکارییەش لە نێوەندی شەپۆڵی مۆدێرنیزمییەوە هاتووە، پەخشانەشیعر بە ڕیتمە ناوخۆییەکەی ئەلتەرنەتیڤێکی بۆ ڕیتمی شیعری دۆزیوەتەوە. بەو شێوەیە ڕێگای بە خۆی داوە کێش بە لاوە نێت،چونکە زۆرجار لە هەندێک زماندا جۆرە ئاوازێک هەیە، کە لە خودی زمانەکە خۆیدایە. هەر ئەوەشە کە وای کردووە پەخشانەشیعر لەگەڵ هەندێک زماندا بگونجێت.کەچی هەر ڕیتمە بەهای تەکنیکی و سەرکەوتنی پەخشانەشیعر بەرجەستە دەکات. بەوەی کە «لە دەقێکی پەخشانەشیعری سەرکەوتوودا بنیاتێکی یەکگرتووی ڕیتمی هەیە، کە ئەو دوای ئاستەکان هاوبەشیی پێکهێنانی دەکەن.

بنیاتێک کە ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی ڕێک لە کەرتە تەوەرییەکانی دەقەکەدا دووبارە دەبنەوە و شیعرایەتی پێ دەبەخشن»[١٣].

ڕیتمی ناوخۆیی ئەو بوونە بەرجەستەییەیە کە ئەدگاری شیعری بە دەقی پەخشانە شیعر دەبەخشێت و لە بری مۆسیقای دەرەکی دێت «بەڵام بێ ئەوەی بتوانین وەسفی ئەو ڕیتمە بکەین، هەستی پێ دەکەین، چونکە ئەو جۆرە ڕیتمە بە پێی خواستەکانی دەقەکە دەگۆڕی و دەلالەتێکی تر بە پێکهاتەکانی دەقەکە دەبەخشێ»[١٤].

بەو جۆرە ڕیتمی ناوخۆیی دەبێت بە فاکتەرێکی بنیاتنەری لە سەرجەم هەموو پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا. بۆ نموونە: لەگەڵ هەر تەعبیرێکدا (وشەیەک یان ڕستەیەک یان وێنەیەک)، هێمایەکی زمانەوانیی نوێ دەخاتەڕوو. بەوەش حاڵەتێکی شیعری لەلای پەیاموەرگر دەخوڵقێنێ. چونکە پەخشانەشیعر سنووری وشە دەبەزێنێ و سیستەمی هۆنینەوە تێکدەداو هێزێکی فەوزەویی هەیە، لە بەرپەرچدانەوەی هەر پەیامدارییەک بە فۆرمە هەبووەکان. واتا ئەو کەسەی بەو شێوازە دەنووسێ، خۆی لە مەسەلەی عەرووزو فۆرم و شێوازگەری بەدوور دەگرێ. لەوەوە دەردەکەوێت، کە شیعر هەیە لەڕووی ئەدگارە سیمانتیکی و دەنگییەکانەوە جیاوازە لەگەڵ پەخشاندا. لەبەر ئەوەی پەخشانەشیعر پشت بە ئاستی سیمانتیکی دەبەستێت نەوەک ئاستی دەنگی. بۆیە دەتوانرێت ناوی (قەسیدەی سیمانتیکی) ی[١٥] لێ بنرێت. ئەوەش مانای وایە کە پەخشانەشیعر وەرگەڕانێکە دژ بە زاڵترین بەشەکانی زمانی شیعری –کە دەنگە–و لە جیاتی ئەوە شێوازی میتافۆڕ پەیڕەو دەکات لەگەڵ ئەوەشدا پەخشانەشیعر، ڕیتم و فەزای شیعری لە شیعر و بەلاوەنانی (کێش)یش لە پەخشان وەردەگرێت. بۆیە ڕاست نییە پەخشانەشیعر بە نەیارو پێچەوانەی شیعر دابنێین. بەڵکو بە ژانرێکی ئەدەبی دادەنرێت، کە جۆرە هاوتەباییەک لەنێوان شیعر و پەخشاندا دروست دەکات. ڕەنگە زاراوەی (گوتاری شیعری ) یان (گوتەیەکی شیعر ئامێز) بەڕاستتر بۆی بلوێت. چونکە چی لە ڕووی ڕیتم و چی لە ڕووی زمانیشەوە «وەکو هەر زمانێک لە گوتارێکی دیاریکراودا، لە سەر بنچینەی هەر جۆرە هاودژییەک لەنێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشاندا بنیات نەنراوە »[١٦]. بەهەرحاڵ بیروبۆچوونی ڕەخنەگران هەر چۆنێک بێت سەبارەت بە پەخشانە شیعر. بەڕای ئێمە وایە کە دەقی پەخشانەشیعر ویستی گوتارێکی پەراوێزی دەسەلمێنێت، کە ناشێت بە هیچ جۆرێک بۆ بۆماوە تیۆرییەکەی سەنترالیزمییەتی شیعر ناوزەد بکرێت. بەوەش لە سەر هێڵێکی ڕاست و دوور لە فۆرمە باوەکانی شیعر، هەنگاوی ناوە و هاوشان لەگەڵ ویستەکانی سەرهەڵدانی نوێخوازییەوە بوونی خۆی سەلماندووە. وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ شکاندنی کۆتە کۆنەکانی شیعر و وابەستەی کێش و سەرواش هاتە کایەوە.

یان جۆرە گۆڕانکارییەک بوو لە دەقی شیعریی نوێدا، بە گەڕانەوەی بۆ سەرەتای بازنەی خول خواردووی شیعر، کە سەرەتا «بە پەخشان دەستی پێ کردو پاش چەند قۆناغێکی گەلاڵە بوون و وەرچەرخان، گەڕایەوە سەر قاڵبی پەخشانەشیعری کێشداری بێ سەروا»[17]. سەرباری ئەوەش پەخشانەشیعر فەزایەکی ئەفراندنە لەمیانەی دەقێکدا، کە لە میانەی سەنترالیزمییەتی شیعرەوە بەرەو بەرجەستەکردنی چوارچێوەیەکی ڕیتمی و زمانێکی شیعریی نوێباو دەرچووە.

**پەراوێزەکان:**


(١) حاتم الصطر/ الاصابع في موقد الشعر، ص١٠٤، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

(٢) كرشناريان، موت القريء، ترجمة : زيد ماهر نعمان، مجلة الاقلام، ١٩٩٩، العدد ٤، ص٢٨.

(٣) كريستوفر نوفر، (التفكيك: النظرية والتطبيق)، عرض: سمية سعد، مجلة فصول، العدد٤ ١٩٨٤،، ص٢٣١.

(٤) سمكۆ محەمەد، بۆچۆنیک لە هەمبەر شیعردا، ژمارە١٤.، گۆڤاری کاروان، ١٩٩٩، ل٣٣.

(٥) رولان بارط، لذة النص، ترجمة: فؤاد صفاء الحسين سحبان،ص٥٨، المغرب، ١٩٨٨.

(٦) محمد الجزائري، خطاب الابداع،، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٣،ص٢١.

(٧) حسن ناظم، مفاهيم الشعرية،، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ١٩٩٤،ص١١٦.

(٨) د. ثابت الالوسي، في الشعرية العربية، مجلة الاقلام، ، العدد(٣-٤)، ١٩٩٢،ص١١٣.

(٩) اديث كيرزويل، عصر البنيوية من كلود ليفي شتراوس الى فوكو، ترجمة: جابر عصفور،، بغداد، ١٩٨٥،ص٢٨٣.

(١٠) جان كوهين، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمد المولي ومحمد العمري، الدار البيضاء، (د.ت).ص١١٣

(١١) سوزان بيرنار، جمالية قصيدة النثر، ترجمة: د. زهير مغامس، ص٤٢، بغداد، ١٩٨٩.

(١٢) كمال خيربك، حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، ص٦٤، بيروت، ١٩٨٢.

(١٣) د. محمد بكر محمد، پەخشانە شیعری کوردی، (نامەی دکتۆرا)،زانکۆی بەغدا،کۆلێژی پەروەردە، ١٩٩٧، ل٧٣-٧٤.

(١٤) حاتم الصگر، ما لا تؤديه الصفقة، مجلة الاقلام، ١٩٩٠.، العدد ٥، ص٥٨.

(١٥) سوزان بيرنار، قصيدة النثر، ص١٣٤.

(١٦) د. محمد بكر محمد، پەخشانە شیعری کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠..

(١٧) فاضل ثامر، الصوت الاخر، ص٢٧٩، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.



بۆتان جەلال

# چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقی یەکدەنگ و فرە دەنگ لە نموونەی شیعری "گۆران" و "سەباح ڕەنجدەر"دا

هەوالنامەی کتێب

لە گرفتە سەرەکییەکانی تێنەگەیشتن لە شیعری فرە دەنگ لای بەشێک لە خوێنەران لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات. کە دەقێک دەخەیتە بەر زەین و دیدەی بۆ خوێندنەوە و چێژ لێ وەرگرتن، ڕەهەندی (کات) و زوو زوو جێگۆڕکێی (شوێن)ە. کە ئالۆزییەک لە بیر و زەینی خوێنەرەکەدا دەهێنێتە بوون و لە بارێکی ناسەقامگیردا ڕایدەگرێت و دەیهێڵێتەوە.

خوێنەری ئاسایی ڕاهاتووە کە شیعرێک بخوێنێتەوە، وشە و ڕستەکان یەک بە دوای یەک، ماناکانیان لە ڕووی کات و شوێنەوە، ڕێکخستنێکی ئاسایی و ساکاری هەبێت. یەکڕاست واتایەکی ئامادەکراو و یەکدەنگی دەست بکەوێت.

نموونە دێڕە شیعرێکی (گۆران) :

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی**
**ئەڕۆیشتم خەیالاوی ئەمڕوانی**(١)



گۆران

جادە (شوێن) ەکەیە، بەیانی (کات) ەکەیەتی، کردارەکەش ڕۆیشتنی مرۆڤێکە لە سەر جادە لە کاتی بەیانی، مەبەستیش لەوەیە کە لەو شوێن و کاتەدا ئەو مرۆڤە بە شێوەیەکی خەیالاوی ڕۆیشتووە و کەوتووەتە ناو

خەیاڵێکی جوان و مەستبوونی بیر و بینین، ئەمەیان شیعرێکی ڕۆمانسی و پڕختووکەی شاعیری ئاماژە بۆ کراوە.

لە ڕووی شوێن و کاتەوە تا شیعرەکە تەواو دەبێت گۆڕانکارییەکی فراوان لە ڕووی (کات) و (شوێن) نابیندرێت، ئەم ڕەهەندە لە کات و جێگۆڕکێ لە شوێن ئێجگار ماوەکەی کەمە، وا دەکات بیری خوێنەر ئامادەبێت. مانا یەک لە دوای یەکەکانی وەرگرێت و وێنەیەکی یەکئاست و چێژلێکراوی لێ دروست ببێت، لێرەدا ماندووبوون و وەرزشی مێشک سست و کەمخایەنە، دەروون زیاتر ئارام دەبێت و ئاسوودەییەک وەردەگرێت، بۆیە سەیر دەکرێت خوێنەرانی ئەم جۆرە شیعرە ناسک و ئاسانانە لە ڕووی داڕشتن و ماناوە زۆرن و هەمیشە بە دوای شیعری سادە و ناسک و واتاداری ئامادەکراوی یەکدەنگدا دەگەڕێن، بەڵام کە دەقێکی فرە دەنگ دەخرێتە بەر زەین و دیدەی، هەر کە دەست بە خوێندنەوەی یەکەم دێڕ دەکات تا دەگاتە چارەگی هێشتان بیری ئامادە نەبووە وێنەیەک بگرێت و ماناکەی لێکبداتەوە و چێژ و ئارامی دەروونی پێبدات. بۆیە کە دەگاتە ناوەڕاستی دەقەکە سەرسامییەک دەیگرێت و لێی حاڵی نابێت. ماندوو دەبێت و واز لە خوێندەنەوەی دەهێنێت و دەڵێت: (گونجاو ترە بە دەقێکەوە خەریک بم چێژی شیعریم بداتێ). ئەم جۆرە خوێنەرە مافی خۆیەتی واز لە خوێندنەوەی شیعری فرە دەنگ بهێنێت و سەرنجی بەلایاندا ڕانەکێشرێت، دیارە یەکێک لە هۆکارەکانی تێنەگەیشتن لە خوێندنەوەی دەقی فرە دەنگ لەوەدا خۆی دەنوێنێت ڕێک پێچەوانەی شیعری یەکئاست و یەکدەنگە.

(کات) و (شوێن) ەکانی ئەو دەقە فرە دەنگانە ئاستەکانیان خێرا دەگۆڕدرێت. ڕەنگە لە دێڕ، یان وێنەی (یەکەم) تا دەگاتە دێڕ، یان وێنەی (دووەم) شاعیر چەند ئاستێک پێشانبدات و سەدەیەک ببڕێت، بۆ ئەو خوێنەرەی شارەزایی و ڕۆشنبیری لە ئەفسوونی شیعر و وریای هێما ئەفسووناویەکان نەبێت بەلایەوە کردارێکی سەختە دوو دێڕ، یان دوو وێنە لە بیری خۆیدا لە یەک گرێ بداتەوە، هەروەها لە جێگۆڕکێی (شوێن) ەکانیش ڕەنگە لە دەقیکدا پانۆرامایەکی جوگرافیت پێشکێش بکات. کە گەشتی چەندین وڵات و شارە دوورە دەستەکان بێت، ئەگەر شارەزای باری گۆڕینی ئەم شوێنانە نەبیت،


سەباح ڕەنجدەر

زۆر گرانە وا بە ئاسانی بتوانیت لەگەڵ ئەو هەموو شوێن گۆڕینانە کارلێک بکەیت ، پاشان لە یەکدیان ببەستیتەوە و وێنایەک لە مێشکتدا دروست بکەیت کە کورتکراوەی ئەو گەشتەت بێت، ئەوانی عەوداڵی خوێندنەوەی شیعری فرە دەنگ، یان شاعیرانی مۆدێرینزمن و پسپۆڕانی ئەم بوارەن، ئەوە دەزانن کە یەکێک لە بنەماکانی شیعری فرە دەنگ ئەوەیە کە دەق لە شێوەی پانتاییەکی کراوەی بێ سنووردایە. بۆیە (کات) دیاری ناکرێت، هەروەها (شوێن) گۆی زەوی لە خۆ دەگرێت و هەندێکجار هەسارەکانیش دەگرێتەوە، گەردوون لە شیعری فرە دەنگ و مۆدێرندا چ لەڕووی (کات)،چ لە ڕووی (شوێن) ەوە کورت دەکرێتەوە، (بۆ دلێر) ی شاعیری فەرەنسا دەڵێت: (شیعرێکی من؛ واتە جیهان سەرەتا سەری). لەم ڕستەیەدا تێدەگەین کە شیعری فرە دەنگ چ مەودایەکی بەر فراوانی لە خۆداگرتووە، جا ئەوانەی تەنیا شیعری یەکئاست و یەکدەنگ دەخوێننەوە چۆن دەتوانن لەو پانتاییە کراوەیەدا مانای تەواوی شیعرێکی چەند ئاست بە دەست بهێنن و چێژێکی ئەفسووناوی. کە تایبەتە بە دڵ و گیانی مرۆڤی هەستپەروەر لە دەق و هەستی پەروەردەکراو بە جوانناسی وەربگرن. نموونەیەک لە دەقی فرە دەنگ لە شیعری (سەباح ڕەنجدەر) وەردەگرین:

**کیژی کات پرچی بەردایەوە**

**شوێن شەیدای بوو**

**ویست زەیستانێکە**

**مەینەتیش تەلارسازێکی هاروهاج**

**دەستی کام لێکدانەوە بگرم**

**لە دابەشکردنی دەنگی کەڵەشێر بە سەر ماڵە خەوگرانەکان**

**هەڵوەستەیەک بە دڵتوندی دەکەم**

**تێدەپەڕم**

**هەناسەی ئەو پەلکە دارانەم بۆ دێ**

**لە ڕۆژئاوابوونی دوێنێ ناشتم**

**کۆڵانە گڵۆپ خرۆشاوەکان دەدەمە پشت**

**ماوەیەک لە ناو مەحاڵ**

**گوێ لە فەرموودەی ئەو خواوەندانە ڕادەگرم**(٢)

لەڕووی (کات) ەوە لە دێڕی یەکەم کە دەڵێت: (کیژی کات پرچی بەردایەوە). کاتەکە لە دێڕی سێیەم ئاشکرای دەکات کە دەڵێت: (ویست زەیستانێکە ). لە دێڕی پێنجەم کە نووسیویەتی: (لە دابەشکردنی دەنگی کەڵەشێر بە سەر ماڵە خەوگرانەکان). کات دەگوازێتەوە بۆ کاتێکی دیکە کە هاوینە و کەڵەشێرەکان بەرە بەیانیان بە سەر ماڵە خەوگرانەکاندا دەخوێنن، تەنیا لە نێوان پێنج دێڕدا وەرزی(زستان) بۆ وەرزی (هاوین) گۆڕا، لە زاستانەوە تا هاوین شەش مانگ جیاوازی لە (کات) هەیە. بێگومان مانای سەرەکی لە دێڕی یەکەم تا دەگاتە دێڕی پێنجەم لە (شوێن) ەوەش گۆڕانکاری تێدایە، کە

هەواڵنامەی کتێب

لە نێوان شوێنی پرچ بەردانەوە و ماڵە خەوگرانەکاندا خۆی دەنوێنێت. ڕەنگە شیعری واهەبێت ڕەهەندی کات لە نێوان چەند دێڕێکدا چەند ساڵ و سەدەیەک جیاوازی هەبێت، شوێنەکانیش شوێنی زۆر لە یەکدی جیاوازبن، ئەم دوو گۆڕانکارییە خێرایانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە لێکدانەوەی دەق و خوێندنەوە و چێژ وەرگرتندا هەیە.

بە وێنەیەکی گشتی کەرەستە پێکهێنەرەکانی شیعری (فرە دەنگ) بە بەراورد لەگەڵ شیعری (یەکئاست و یەکدەنگ) دەوڵەمەند و ئاڵۆز و ئەفسووندارترە. شاعیری فرە دەنگ توخمە پێکهێنەرەکانی جیاواز بوونی بە شێوەیەک لە ناو ئەزموونی خۆی پەروەردە کردووە، کە هەموو وزە ڕۆشنبیرییەکانی (ژیان) و (بوون) و (کولتوور) لەبەر ڕۆشنایی (خەیاڵ) یدا کراونەتەوە و توانای جێکردنەوەیەکی زۆریان هەیە، لە شوێنی داهێناندا جووڵەی وزە بەخش و داهێنانی ئەفسووناوی دیکە ئەنجام بدەن، جیا لەوەی مۆسقای شیعری یەکئاست و یەکدەنگ ئەو ڕیتمانەن کە لە کۆتایی پیتی هەر وشەیەکدا دەزرینگێتەوە، ئەو زرینگانەوەیە یەک بە دوای یەکانە وا دەکەن مێشک لەنگەر بگرێت و بچەسپێت، هەرچی ڕیتمی شیعری فرە دەنگە چەندین ئاوازی جۆراوجۆرن. زیاتریشیان لەناو وشەکان، یان ڕستە، یان کۆپلەیەکدا دەبیسترێت کە لەنگەری مێشک دووچاری ناجێگرییەک دەکات. ئەوەی لەو کاتەدا نەتوانێت وەک پێویست لە چەشنی مایسترۆیەک لەگەڵ ڕیتمی سمفۆنیاکەدا بجووڵێت و چێژی ئەفسووناوی وەربگرێت، ئەوە سەری لێ دەشێوەت و ناتوانێت لە ناو ئەو هەموو دەنگ و ڕیتمە جیاجیایاندا چێژ (بدۆزێتەوە) بە ناچاری واز دەهێنێت.

فرە دەنگی کردەی داهێنان و خولقاندنێکی ناچەسپاوە، ئەوەی کار لەو کردەیە دەکات ئەفسانەی داهێنان دەخولقێنێت، زمانی پاک و دەوڵەمەند و پڕشنگدارە، بیری ڕۆشن و بەرهەمهێنی شیعرییەتە، بەلێبووردەیی دەنووسێت و مەبەستی خۆنیشاندان نییە، لێی ڕوونە ئەوەی ئەو ئەنجامی دەدات بۆ دەستەیەکی دەستەبژێر و تایبەتن، بەختەوەرە بەوەی پەیامێکی مرۆڤدۆستی بە جوانترین شێوەی نووسین کە (شیعر)ە ببەخشێتە مرۆڤایەتی، لە ئایندەدا باوەڕ وەردەگرێت و دەیخاتە بەر چاوی خۆی و وزەی زمانیی بۆ دابین کردووە، ڕابردوو لای وەک کێشەیەکە لە ناو ژیان تەواو بووە و جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە سەری مەگەر بۆ خوێندەنەوەی دەقەکانی نەبێت، بەڵام پاڵپشتێکیشە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەزموون و تەقینەوەی بینینی. هەستی بەوە کردە و کاریشی بۆ دەکات تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی بە دەقەکانی ببەخشێت. (لە ناو شیعری کوردیدا لە کەس نەچێت) ئەو لە کەس نەچوونەشی لێوانلێوبێت لە هەست و شیعرییەت و خەونی مرۆڤی سەوداسەر بە دوای ئاسوودەییەکانی ژیاندا.

سەرچاوە:

١– دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، دەقی (لە درزی پەچەوە). ل ٣٤.

٢– خەون وا خۆی گێڕایەوە، سەباح ڕەنجدەر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، دەقی (زێوان). ل ١٧٦ – ١٧٧.

# گوزارە لە دەقی شیعریدا

سەردار جاف

شـــوناسکردنی گــوزارە یان دەربڕینێک لە دەقدا بۆ خـۆی کـارێکی ئاڵۆزە، نەخـاسـمـە بۆ دەربڕین و شـرۆڤـەکـاری شـیـعـرە چڕ و پڕە دیارەکـانی ئیـمـڕۆ لە ئەزمـوونی شـیـعـری هاوچەرخدا، بەڵگەی هێز و کاریگەری شیعری و پەردە هـەڵمـاڵینی پەیوەندییـە زیندووەکـانی نێوان ژانر و تەعـامول و تەفاعـولکردن لەگـەڵ گوزارە و پەیوەست بوون بە دوێنـێ و ئیـمـڕۆ و سبـەینێ لەنێو دەریای ئەزموون و کـانیـاوی تەعبیرەکان، کە بە سیاقی تایبەت و گونجاوی ئەفسـانە یان گـوزارەی زیندوو گـرێ دەدرێت، مەغزای فیکری، بەرجەستە بوونی گوزارەیەکە ئەفسانە و توخمەکانی پێکەوە گرێ دەدات.

ئەگەر شـیـعر پێویسـتی بە ئیلهامی خـەیاڵ هەبێت، ئەوا خەیاڵ بەهرەیەکی مەزنە، شاعیری



سەعدوڵڵا پەرۆش



کەریم دەشتی

ڕاستەقینە گەرەکە لە خەیاڵکردنەوەدا زۆر بە سەلیقە بێت، ڕۆمانسییەکان تیۆری خەیاڵی شیعر بە فاکتەرێ بۆ جیهانی هونەری هەژمار دەکەن.

بۆیە ئەستەمە گوزارە بە سادەیی بخرێتە بەر دەستی خوێنەر، دەتوانین بە جۆرێکی زانستیانە و ئەکادیمیانە ڕۆچنیە ناو لایەنە ئیستاتیکیانەکەی هەر دەقێکی شیعری بە فرە باڵەکانیەوە. وەلێ هەر شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی دەق ناتوانێ تەواوی گوزارەکان بە دەستەوە بدات، چونکە هەرگیز لە شیعری هاوچەرخدا یەک شرۆڤە بۆ شیعرێک واتا یەک مەبەستی شاعیر بەدی ناکرێ و ناشێ بە تەنها یەک دیوی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەز بە جۆرێک شرۆڤەی دەکەم، کەسێکی دی بە دیوێکی دیکە خوێندنەوەی خۆی دەکات، ڕەنگە خودی شاعیریش مەبەستی دیکەی لە پشتی ئەو دەقەوە هەبێت، بۆیە زەروورەتە ڕەخنەگر لە شاعیر شاعیرتر بێت، بتوانێ چەند دیوێک بخاتە ڕوو، یان خوێندنەوەی دیکە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگری دیکە جێ بهێڵێت، دەنا ئەو دەقە بە شیعری هاوچەرخ، ئیدی فۆرمی گران بێ یان پاش نوێخوازی بێت ناژمێردرێت.


ئەحمەد موختار جاف

گوزارە –دەربڕین– گوزارشت لە واتا و هزر و هەست دەکات. کە بە هەر ڕێگایەک دەرببڕدرێت یان نیشان بدرێت، ئەمەیش بۆ ڕووداوێک یان بەسەرهات یان ئەوینێ یاخود چیرۆکێ، یان نۆڤلێت و ڕۆمان یانیش دابڕاندن لە ئازیزان و یاران هەموو ئەمانە و چەندانی دیکە دەکرێ لە ڕێگای نووسین لای هەر نووسەر و هونەرمەندێک وێنا بکرێت، تەنانەت لای کەسێکی (ئاسایی)ش، دەشێ دەرببڕدرێت، لێ هەر یەکە و لەوانە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر نووسەرەکە شاعیر بێت ئەوا ڕووداوەکان بە زمانێکی ئاڵۆز و سەخت لە دەقێکدا تۆمار دەکات، وا لە ڕەخنەگر دەکات هەمیشە گومان لەنێوان خۆی و دەق و شرۆڤەدا بکات، بەتایبەت لە شیعری هاوچەرخدا، چیرۆک

نووس و نۆڤلێت نووس و ڕۆماننوس لە ڕێگای کات و شوێن و پاڵەوانی دەقەکەوە زمانێکی تایبەت بەخۆی دەبێت لێوان لێو نوقمی فانتازیا، هونەرمەندیش لە ڕێگای فڵچەی دەستی یەوە بە زمانی ڕەنگەکان لە ڕووداوەکانمان حاڵی دەکات.

کەسانی (ئاسایی) یش چەند جۆرێکن ئێمە لێرەدا تەنها باس لە دوو جۆریان دەکەین:

نەوەی یەکەم، ئەو خەڵکە سادانەن پەیوەست بوونێکیان لە تەک کۆندا ماوە و هەیە و بە زمانی کلاسیک دەدوێن و بە گوزارەوە سەردی ڕووداو دەگێڕنەوە، بۆ نموونە کە دەڵێ: (ساغمان بە کۆڵی کەر دەگەڕێ) ئەم پەندە کە زۆر جار لە مەجلیسەکان گوێ بیستی دەبین، بە واتا ساغمان تیا نییە و هەر هەموو نەخۆش و دەردەدارین، ئیدی دەستەواژەیەکی پڕ خۆیە، ئەگەر کەسێ تەکلیفی ڕاپەراندنی کارێکی لێ بکەیت، ئیدی خۆی یان کەسێکی بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەم دەستەواژە وەڵام دەداتەوە و دوور و درێژی ناکاتەوە، یان کە دەڵێن: (کوردی لە دوو جەژن بوو) دیسانەوە ئەم پەندە زۆر جاران گوێمان لێ دەبێت و خۆ هۆشیار دەکەینەوە، واتا کەسێک لە دوو کار هیچی بە دەست نەکەوێت، ئەم دوو پەندە بۆ خۆیان گوزارەن بۆ زۆر شت، بۆ زۆر کاریش وەک پەند دەهێنردرێنەوە و بە گوێدا دەدرێن.

نەوەی دووەم، ئەو خەڵکە سادانەن، کە بە زمانی ئاسایی دەدوێن و شوێن و جێگا شێوەزاری زمانەکە دەگۆڕێت، دیقەت بدە شێوەزاری لوڕی، هەورامی، کرمانجی خواروو، (زەنگەنە، جاف، دزەیی،... تاد، هەن) کرمانجی سەروو، و چەندین دیالکتیکی دیکە، کە هەر یەکە و بە جۆرێک دەدوێن و ئەوەیش زمانێکی ئاساییە و گوزارەی هەموو ڕووداو و بەسەرهاتێکی زۆر بە سانایی پێ دەکەن، ڕەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی لە تام و چێژی گێڕانەوەکەی دا هەبێت.

ئێستێ توانیمان هەر یەکەمان ئەو داخ و کەسەرەی ناخمان دەربڕین و حەسرەتی پەنگ خواردوو هەڵبژێرین، مەرج نییە هەمیشە حەسرەت و کەسەرباری بێت، زۆر جاریش دەربڕی چێژ و لەزەتی لەحزە شیرینەکانە، دەربڕین بۆ واقیعی ئەو ڕووداوانە بکات، گەلێ جار وارێکدەکەوێت بە گوزارەیەک دەرببڕدرێت.

گوزارە کردن پێویستی بە دەربڕینی دیوی ڕاستەقینە هەیە، دەربڕینایەتی بۆ خۆی ڕێبازێکی هونەرییە، هەوڵی وێنا کردنی ڕاستی بابەتگەل ناکات، بەڵکو هەوڵی وێنەگرتنی ئەو هەستانەی شتەکان و ڕووداوەکان لە دەروونی نووسەر یان هونەرمەند دا دەکات و دەیوروژێنێ.

هەندێ جار ئەشێ تۆیش وەک من بیر بکەیتەوە، ڕەنگە زۆر جاران پێچەوانەبین، کە بێگومان هەر وایشە، گەرەکە هەموو دیدو نیگاکان بە هەند وەربگیرێت، ئەگەر لە تەک دید و بۆچوونت

ئەکتیڤ و نێگەتیڤ بوو، گەرەکە تەفاعولکردنێک لە نێوەندەکەدا هەبێت، دەنا خەلفیەتی مەعریفی بونیـاد نانرێت، ئەز وا بیـر دەکـەمـەوە، پێـویسـتم بەوە هـەیە لێم حـاڵی بیت، با بۆچوونـەکـان بگۆڕینەوە، ئەشێ هەڵە بەم، لێ هەرگیز ناتوانی دید و بۆچوونەکانی خۆتم بەسەردا بسەپێنیت.

گەڕان و سـۆراغکردن بۆ شرۆڤەی دەقێکی ئاڵۆز و فرە واتا بێگومان زەحمەت و ئەستەمە، وا بە سانایی بە دەست نایەت، وەلێ دەقی سادە و گوزارەی حازر بە دەست کە دەربڕینایەتی خۆ بە دەسـتـەوە دانە و لە هـەمانکاتیشدا بە هەمان شـێـوە بێ پێچ و پەنا و بێ کەلێن و ڕۆچوونە نێو کەندڕ، ئاڵۆزی و زەحمـەتی پێـوە دیارە، با بیـر کردنەوەکـانمان بە ڕۆخ و قوڵاییدا بچـێت و لە دەسپێککارانەوە سـەرهەڵنەدات و چاوگ نەگرێ، با دیقـەتی دەق و بەیتی شـاعیرانی زوو بدەین، ئەوانەی لـە ئەدەبی کـوردی بە شـوهـەرەتەوە ناویان مـاوە و بە جـەسـتـەیش لەگـەڵمـان دەدوێن و ڕۆحی خـۆیانمان نیشـان دەدەن، ئاڵۆزی و سـادەیی لە گوزارە کردن یا دەربڕینیـان بخـەینە ڕوو، بزانین ئاخۆ سـەردەم ڕۆڵی ئەکتیڤی گێڕاوە...!؟ کە ئەمە دواتر بۆ ئێوەی خوێنەری جێ دەهێڵین، ڕۆژگار گۆڕانی لـە ڕووی زمان و گوزارەوە خولقاندووە، کـە واتە نەۆ کوڕی سـەردەمـی خۆمانین و گەرەکە لەم ڕۆژگارە بدوێین، بە مەرجێ خوێندنەوەکان بۆ دوێنێ هەبێت، ئەو گۆڕانە توانیـویەتی مەغزاکانی دەق بشارێتەوە واتاکانی سـەرنگوم بکات و تەنها بۆ دەستە بژێر (نوخبە) بنووسێ و ئەفسـوونی خـۆی لە ڕێی (بیر و سـۆز و ئەندێشـە و فۆرمـەوە) دەربخـات، کـە چوار ڕێچکەی سەرەکی شیعرن.

ئێمـە سـەد دەر سـەد لەگەڵ ئەو بۆچوونـەداین کە دەڵێ، هەر کەسـێ لە بەرایی نووسـیندا بێت، گەرەکە نەوەی پێش خۆی بخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت قەڵەمەکانیان بۆ شیعر تیژ و بە بڕشت بکەن، ئـەوانە با لاپـەڕەی دیوانـی ئەدیبـانـی کـلاسـیکمـان هەڵبـدەنەوە، لـە ڕەوتی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شیعر بە ئاگا بن، مەعریفەی تەواو و کامڵیان هەبێت، ئەو دیوانانە کە ئێـمڕۆ زۆربەیان بە چاپ گـەیشـتـوونەتەوە، گـەنجـان پێویسـتـە ڕووی تێ بکەن، بیانخـوێننەوە، خوێندنەوەیان بۆیان هەبێت، لـە گرینگی و پڕ بایەخی ئەو دیوانانە و پێـویسـتی سـەردەم بە چاپ گـەیشـتـوونە ئەوە، بایەرێبازە ئەدەبی و هونەرییـەکان ئاشنا بن ئەدەبی جیـهانی بخوێننەوە، ئەو کـتـێـبـانـە بە سـوودن پێویسـتـە لەنێـو هەردوو لەپی نەوەی نوێ یەکـالا بکرێنەوە، نەک لەسـەر ڕەفـەکـانی کـتـێـبـخـانـەکـان تۆزیان لێ بنیشـێت، ڕیکلام بۆ هیچ دەزگـایـەک ناکـەین، ئـەمـە دیفـاکتـۆیەکی پێویسـتـە، ئەوەمان بۆ تایبـەت بناغـە دانان و بونیـادنانی پایە و کـایە مـەعریفـییـە ئەدەبییـەکان بە شـیـعر پێمـان قبـوڵە و لـەئاست بالا بەرزی ئەوان (شـاعیر و ئەدیبـانی پێش خۆمان) بۆ دونیای شیعر هەمیشە لە چۆکین و ڕێزیان لێدەگرین، لێ ئەوەی لێرە تۆماری دەکەین

مەبەست توانج و پلار گرتن نییە لە هیچ کام لەو کەڵە شاعیرانەی ناویان دێ و باسیان دەکەین، بە نموونە بەیتی شیعری یان چەند بەیتێکیان دێنینەوە، بە قەد ئەوەی مەبەستمان لە گوزارە و دەربڕینی فرە مەغزاو فرە واتایە، زێتر مەبەست لەوەی ئێمە لە پێکوتە دەربچین هەر چەندە شاعیران نەوە دوای نەوە ئەو تەقلید و تەلیسمەیان شکاندووە، لای شاعیر و ئەدیبانی کۆن دەشێ واتاو دەربڕینەکان گوزارەیەکی سادە و سانا بووبن، لە هەمان کاتیشدا دەکرێ دەقەکە سراپا بە دیوێکی دیکەدا خوێندنەوەی گوزارەیی گشتگیری بۆ بکرێت.

تاهیر بەگی جاف لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەبێژێ:-

دڵ لە هیجرت وا لە غەمدا ماهی ڕووخسارم وەرە
زخمە جەرگم بۆ فیراقت زوو بە لوقمانم وەرە
سەد تەبیب هات و عیلاجی ئەم برینانەی نەکرد
تۆ عیلاجی زەخمەکەمکە سا بە هاوارم وەرە
گەر دەزانی چەند پەشێوە حاڵەکەم بۆ دیدەنت
سەد ئەوەندەی زوڵفەکانت دڵ پەرێشانم وەرە
لوتف و تانەی تۆ لەلای من هەردوو یەک رەحمەتە
کەعبە کەچ نابێ لەبەر لۆمەی رەقیبانم وەرە...
تا . و کۆتایی شیعرەکە.

سەرەتا با لە جۆری ڕێنوسەکە بکۆڵینەوە، ئێمە لە سەرەوە بە جۆرە ڕێنووسی ئیمڕۆ شیعرەکەمان نووسیوە بەڵام ئەوەی لە خودی ئەو دیوانە چاپ کراوە، کە بە بۆچوونی ئەز لە چاپخانەی (الحوادپ) ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا بە چاپ گەیشتووە، بۆیە دڵنیا نیم چونکە ئەو دیوانەی بەر دەستم کۆنە و شیرێو بووە.

کە واتە شیعریش بە هەمان شێوە ئەگەر پەل بۆ گۆڕان نەکوتێ و کوردیش وەک گەلان و نەتەوەکانی دیکە بیر لە ڕێبازی تازەگەری نەکاتەوە یان لەسەر ڕەوتی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییە نوێخوازەکان هەنگاو هەڵنەنێ، خودی شیعریش بۆ خۆی پێشکەوتنی دروست نەکردبێ، ئیدی نازانین ئەو گۆڕانە چۆن دروست دەبێت و شیعر چۆن بە بەرزی دەمێنێتەوە، کە بەردەوام لە ململانێ و کێشمەکێشدایە لەگەڵ سیاسەت، ئەو دەیەوێت ئەدەب بمرێ، ئەدەبیش دەیانەوێ شیعر و لایەنەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر لە پێشڕەوی دا بن، بۆیە شیعر بەو ڕێبازە ئەدەبیانەوە جوانە کە تا ئێستا قۆناغ بە قۆناغ پێشڤە چوونی بە خۆوە دیتووە، ئەگەر وا نەبێ شیعر هەر بۆ چەماوەر نووسین دەبێ و لەو قاڵبدانە قورتاری نابێت و نابێتە شیعر بۆ دەستەبژێر و لە جێی

خۆی لە پێکوتەدا دەبێت.

ئەمـەیش جـەوهـەر و کـرۆکی ئەم باسـەمـانە، دڵنیـام ئەگـەر تاهیـر بەگی شـاعیـر کـوڕی ئەم سـەردەمە با، هـەرگیـز قایل نەدەبوو بەو قۆناغە بەراییـانەدا بمێنێتـەوە، ئیمڕۆ هـەر یەکێکیش لە ئێمـە لە شیـعرە بەراییـەکانی خۆی قـایل نییـە و ڕەنگە بەشـتی سـەیریشی دابنێین، هەندێ جار نامـانەوێت نیشـانی هیچ کەسێکی بدەین، شـتی سـەیر و سـەمـەرە و ئەڵەق و بەڵەقمـان گوتووە، زۆریش لـەو شـاعـیـر و ئـەدیبـە ناودارانەی ئیـمـڕۆ ئەو دەقـە بەراییـانەی خـۆیان بۆ گـۆوار و ڕۆژنامەکان ڕەوانە کردووە و لە گۆشەی پۆستەی خوێنەران وەڵام دراونەتەوە، نامەوێ خۆمان لەم بازنە دەربکەم، ئێمـەیش هـەروا بووین، لێ کۆڵمـان نەدا، بەردەوام بووین، لە ڕێبازە هونەرییـەکانی شیـعر گـەیشتن، هـەستمـان بە زەحمـەت و ماندوو بوونەکـان کرد، زۆرمان هـەوڵدا هـەنگاوەکانمان سـست و خـاو نەبنەوە، بە گورجی و بە ڕۆحێکی ئەدەبیـانە درێژەی پێ بدەین، ئێسـتـایش ڕەنگە دڵۆپێکمان لەو بەحری زانستە پێ نەگەیشتبێ، گرینگ بەردەوامی یە.

دیقـەتبـەن، ئێمـە باس لـە گوزارە و واتا و دەلالەت و دەربڕین لە شـیـعردا دەکـەین تـاهیـر بەگ لەگەڵ ڕچاو کردنی هونەرەکانی شیعر نووسینی ئەو سەردەمە کە زۆر ئوستـادانە دایڕشتووە، بە سانایی لە واتای شیعرەکەی دەگەین، هەموو لایەکمان نامانەوێ شرۆڤەکاری شیکاری وردی بۆ بکەین، ئەگەر (لوقـمـان) گـوزارە بێت بۆ لوقـمـانی حـەکیم، بە واتا گـوزارەی پزیشک و دکتـۆر دەگـەیەنێ، هـەموو لایەکیشـمـان لەوە حـاڵی و بە ئاگاین، وەلێ ئەوەی بۆ ڕەخنەگر دەمێنێتـەوە لایەنە هونەرییەکانی شیعرەکەیە، هەر لە شێوازی عەرووزی یان بڕگەیی یاخود جۆری دەقـەکە و لەچ قاڵبدانێک خۆی دەگرێ و هەندێ جاریش بە پێی پیتی ژمارەیی ساڵەکانی تێدا دەسنیشـان دەکرێ کە تەنها لێرەدا بە لامـانەوە مەبەسـتـە، گوزارە و تەمومژی ئەو دەقانەی ئیمڕۆ و بەراورد کـردنی لـەگەڵ دوێنێ، هـەر چەنـدە نـەوْ شـاعـیـر هـەن بە هـەمـان ڕێچکەی جـاران دەنووسن و ئەو ڕێبازەیان بەرنەداوە.

ئەگەر ڕەخنەگر هەمان شرۆڤەی کەسی ئاسایی بۆ دەقێکی شیعری هەبوو، ئەوا لە بازنەی خۆ جـوینەوە و لاسـایـی و لاسـاری کـردندایە، ئەدی ئەگـەر پێـچـەوانە بوو، ئـەوا ڕەخنەگـر لایەنی شرۆڤەکاری ڕەت دەکاتەوە و بە دیدی هونەری ڕێبازە دیاریکراوەکەی دەقدا بونیادی ڕەخنەیی خۆی دەست پێ دەکات، ئەگەر کەرتبوون لەنێوان دوو ڕووی نوێگەرایی هەرگیز کۆ نەبووبێتەوە!!! هـەنـدێکیـان دەگـەڕێنەوە بـۆ زەمـەنی زێڕین..!؟ لەلایەکی دیکەوە دادەروخـێن بـۆ ئاسـتی بە دواداچوونی سوودمەندێتی کە بازرگانان دیاری دەکەن، وەلێ مێژووی نوێگەرایی لەنێوان ئەو دوو ناسنامەیەدا بەردەوام لە دانوستان و دیالۆگدا دەبن یەکلایی کردنەوە لەنێوان عەقڵانیەت و کوێر

بوونەوەی خـود دا بەرجـەسـتـە نابێت، مـەزنی و گـەورەیـی سـەدەی شـانزەهەم لەوەدا بوو کـە نە ملکەچی ئەفـسـانەی سـوودەندێتی بوو، نە ملکەچی ڕەهایەتی پادشـاکـان بوو، بەڵکو لـە ژیانی تەلیسماوی و خەراباتا ژیا.

جـا کـەسـانێک لەوەهـا سـەردەمـێکدا بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان گـەشـەیان بە پـەیوەندی ڕۆحی لەنێوان خود و زەمـەندا دابێت و ڕابردوویان ڕەفز کردبێتـەوە و لەنێو سیحرێکا ژیابن کە قۆناغی داهێنان و ڕەخنەی سـەردەمیانەیان بونیاد نابێت، ئاخۆ چۆن دەبێ ئێمە لەم ئاستەدا ئەفسوون و تەلیـسـم تێکەڵ نەکـەین و لە سـۆراغی مـاچی ڕووبار و کـانیـاوەکـانی نەبین، ئەو مـاچـەی بۆنی ئاورشێنی بارانی لێ بێت و گۆرانی بۆ چڵەپۆپەی دار و گەڵای لەریو بچڕین..!!؟.

ڕێباز یان کۆمـەڵـەی ڤـییـەننا پێیـان وایە، گـوزارەکردن ڕێگایەکی زانسـتی بیـر کردنەوەیە لە هێنانە کایەی پرس و گرفتەکان، ڕاپەراندنی ئەو ڕێگا زانستییەی بیر کردنەوە بۆ دەربڕینی زمان و کێشەکانی فەلسەفی پێویستی بە دارشتن هەیە، بە هۆیەوە دەتوانین وا بکەین بۆ بەرێوە بردنی دەسـەڵاتێکمان هەبێت بەسـەریدا زاڵ بێت، ئەگەر پرسەکە واتایەکی هەبوو، دەشێ ئەو گرفتە لە دیفاکتۆیەکی دەرەکیدا چارەسەر بکرێت.

پاشـان هزر و هەسـتی ئەم کۆمـەڵە تەشـەنـدەی کرد و بە هـەوڵ و هـیمـەتێ، کـە –کارنب وئایر– شتگەلێکی بۆ زیاد کرد، بەرەو ئەو ڕەوتەی کە بە فەلسەفەی سروشتی لۆژیکی ناسرابوو و لەگەڵ هاوڕاکانی لەم کۆمەڵەیەدا پشتیان بە پرنسیبی بە دەستهێنان بەست، وەک پێوەرێک بۆ هـەبوونی واتای دەستەواژەکان (گوزارە) کانی زمان، لـە ڕێگای خستنە گەڕی پەیڕەوی شیکاری بە تایبەت شیکاری لۆژیکی کە واتای تەواوی دەربڕین یاخود دەسـتـەواژەکانی زمـان و ئاخافتن بە دەسـتـەوە بدات.

بەم پێیـە ڕەوت و ڕێگاکانی ڕەخنەگر ڕەوایی پێدەدرێت بۆ شـرۆڤـەکاری هـەر دەقێک، هـاوکات ڕەوایی بە نووسـەری دەق دەدات پەنا بۆ دەسـتـەواژەی زمان و ئاخافتن و دەربڕین ببات، کە دواتر نووسـەرانی خۆمانیش هـەمان ئاراستەیان گرتە بەر و لەو سادەیی و بۆ جەماوەر نووسینە قورتار بوون و بەرەو جیهانێکی دیکە هەنگاویان نا و توانیان سوود لە گلۆبالیزەیشن وەربگرن، هـەروەک ئەو شاعیرە پێشکەوتوانەی ئەمڕۆ ئەو سـەلیقە و بەهرەیەیان هـەس.

بۆ گـوزارەی سـادە و بۆ جـەمـاوەر نووسـین چەندین نموونە دەخـەینـە بەر دیدی خوێنەر، کـە هـەر لایەنەی شـیـعـری بـە خـۆوە بگرێت، نیـشـتـمـانی، کـۆمـەڵایەتی، کـوردایەتی، کـارەسـات، شـادی، داستانی پیاهەڵدان ستایش.... تاد. چەوساندنەوەی نەتەوەییش وای کردووە زۆربەی هـەرە زۆری شـاعـیـران ئەگـەر نەبێژین سـەر لە بەریان شـیـعـریان بۆ خـاک ونـەتەوە و پیـاهـەڵدان گوتووە، هـەر

یەکە و لە سەردەمی خۆیاندا .

لە دونیای شاعیرانی کۆندا، لە هەگبەی شیعری (ناری) ١٨٧٤–١٩٤٤ کاکە حەمەی بیلۆ دەست پێ دەکەین:–

مـن ئەدیبی کـــوردم و نـاوم نـیـــیـــە
کـــوردم و غـــافڵ لەنـاوی بێ خــەبـەر
کوردە! تۆ مـەحکومی بۆ تورک و عـەجەم
کوردە! بێ فیکرد و خـەیاڵ و بێ ئەسـەر

**

سەیدای شەهید، ساڵح یوسفی دەبێژێت:–

کـــــەلا هـەبلێـــــرێ پڕ ئاخ و ئۆیی
بیـــانـی مـــێـــرن رەزیل بوون خــۆیی
کـــانـی هـەوارێت قـــادرێ کـــۆیی
هـونەر بـەرزە بـوون مـــێـرینا چوویی

**


مستەفا شەوقی

شێخ ئەحمەد سەربل ئاوایی لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەڵێ:–

ئەم ئاســمـانە شـینە کـەوا بەرگی مـاتەمـە
ئیجادی وا کراوە کە قوببەی هەموو غەمە
بارانی مەرگە بەفرەکفن رەعدە نەفخی سوور
ئەورۆ کـرانی قـابـیـزی ئەرواحی عـالـەمـە

**

ڕەشید نەجیبیش لە شیعری (عیشقی بێ هودە) دەڵێ:–

دڵـەی پەشــــێـــواو دەمــــێک بوو ون بووی
لە مـــەیدانی عـــیـــشق، ئاڵام و غـــەمـــدا
لەناو ئەحـــلام و ســـەمـــای پڕ تـەمـــدا
ســەد شـوکـر دیسـان بە تێری کـون بووی

**

بۆ هاتنەوەی شـێخ مـەحـمـوودی نەمریش ئەحـمـەد فـەوزی لە شیعرێکیدا دەڵێ:–

هەواڵنامەی کتێب

شـوكـر ليللا مـوژده بێ وا نووری ئیـمـان هـاتەوە
ئەرشـەدی ئەولادی حـەیدەر شـێری یەزدان هـاتەوە
هـەر وەكـو یوسف لە زیندانی ئەسـارەت هاتـەوە
شاهی میسرە سەد شوكر وا ڕوو بە كەنعان هاتەوە

**

لە هاوارێكی نیشتمانیدا شێخ سەلامی شاعیر دەڵێ:-

خەریتەی هەموو خاكی كوردستان
دایک بە دەرزی و دەزوو دوورمـان
بنوسێ لەسـەر سەر بێشكەی مناڵ
هەر بە كوردستـان بێتە گڕو گاڵ

**

هەر لە گـوزارەی سـادەدا زۆر شـاعیـر دێنە گۆ، مـامـەند كـەركووكیش یەكێ لەوان بووە و بە هەمان سادەیی دێتە گۆ و دەبێژێ:-

ئەم كـەللە بە نرخ و بـە دڵە لاو و شـەهیـدان
تۆوێكە كـە چێنراوە لە بۆ ژین و نەجـاتە
ئەو خـوێنەر ژاوانە و فرمێسكی هەتیـوان
یارا لە بۆ شین بوونی وەكـو ئاوی حـەیاتە

**

مەلا محەمەدی كۆیە، هەڵبەتە لەگەڵ دەورانی خۆی لە سەوڵی كەشتی داوە و بەم جۆرە دەڵێ:-

ئەم خـاكە دایكی تۆیە كەوتە دەستی ئەجنەبی
ئەی كوردی ساحێب غیرەت چلۆن رازی دەبی

لە گـۆڤاری (هاواری كـورد) سـاڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد شـیـعـرێک كە شـاعیـرێكی نەناسـراو نووسیوە دەڵێ:-

بەس خـۆت هەڵكێشـە بە بـاوانتـەوە
بـەس بێ بنازی بە خـــزمــانتـــەوە
وەرە بەر دیـوان قـــــەومـی هـەژارات
بـۆیان بژمــێــرە كــردەوە و كـــارت

**

شاعیری نیشتمان و خاک بێ كەس لە شیعری نەسرین دەبێژێت:-

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لە سەرمە
هەڵسە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەر پۆش فڕێدە چی وەعدەی شەرمە

**

شاعیری چەوساوەکانیش (قانیع) دەڵێ:-

ئێستەکەیش ئاواتی تۆیە پەیڕەوی کوردی هەژار
نامرێ هەرگیز لە دڵدا فیکرەکەت هەر زیندووە
پەیکەری ژینت سەرا سەر شۆرشە و کوردایەتی
تاکە سەر مەشقی ژیانی گەرچی کۆچت کردووە

**

خالیسی شاعیر ١٨٧٥-١٩٢٨ لە پارچە شیعرێکدا دەڵێ:-

سەر کە بێ مشکی و کڵاو بێ سەرفرازییم بۆ چییە
دڵ وەکو شوشەی شکاو بێ دڵنەوازیم بۆ چییە
پێت عەتا کردم بە ڕاستی حەقی خۆم و باوکم
تۆ کە مەحموودێکی وا بی من ئەیازم بۆ چییە

**

پیرەمێردی فەیلەسوف و شاعیری کورد ١٨٦٧-١٩٥٠ دەڵێ:-

هەی ڕۆ ئیمڕۆ ڕووی شین و ڕۆڕۆمە
کە مەم ڕۆیی ڕووی پەژارەی خۆمە
ئەم زوڵفە لولەم بۆ مەم شانە کرد
وەک فەلەک کوێر بێ بۆ بۆنی نەکرد

**

مستەفا شەوقی ١٨٦٥-١٩٣٢ شاعیر، هاویارانی دیکەی سەردەمی خۆی هەر بە سادەییەوە دەڵێ:-

خەملیوە لەسەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە
یا سووری خوێنە کە بەڵێ ڕەنگەکی ئاڵە

یانیشی دەڵێ:-

بۆ چ دەناڵێنی لەسەر لێوت لە بۆ چ بار کەوتوو

لەشکری زوڵفت کە خاو و کاڵە بۆ چ ڕووی گرتووە

**

زێوەریش ١٨٧٥–١٩٤٨ ئەویش کە دەڵێ:–

باعیسی دووریتە گەر دڵ ناڵە و وفیغان ئەکا

دەردی هیجرانە سەبەب گەر دیدە خوون ئەفشان ئەکا

**

حەسەن (سەیفولقوزات) ١٨٧٧–١٩٤٤ دەڵێ:–

عەنبەری زوڵفت بە دەم سەبادە

لەسەر مانگی ڕووت هەوری مووت لادە

تارۆژ وەکو شێت روو لە کێوان کا

تۆزی عوسە و غەم هەستە بەبادە

ئەحمەد موختار بەگی جافیش ١٨٩٨–١٩٣٥ دەڵێ:–

بە بەردی فیرقەت شیشەی دڵی بێ چارە مەشکێنە

لەناو زومرەی رەقیبان عاشقی ئاوارە مەشکێنە

ئەگەر رووح و دڵ و ئیمان تەڵەب کا بیدەرێ عاشق

کە تیفل و خوردە ساڵە قەد دڵی ئەو یارە مەشکێنە

دوایین غونەیش، لە دەقێکی شێخی شاعیران، حەسیب قەرەداغییەوە ١٩٢٩–١٩٩٧ دێنینەوە کە دەڵێ:–

ئەگەر بووم بە شیرە خۆرە، ئازیزەکەم سوێندم وا بێ

لە گۆی مەمکی تۆ بەولاوە، مەمکێ لەسەر لێوم نابێ

ئەگەر بووم بو کۆرپەی ئازیز، لەناو ورکا کە پێم دا نێم

لەسەر کۆشی نەرمت نەبێ، هەرگیز چاوم لەیەک نانێم

ئەگەر بەوردی دیقەتی ئەو شیعرانەی لای سەرەوە بدەین هەست دەکەین، سەراسەر شیعری یەک سەردەمن جگە لە شێخ حەسیب قەرەداغی نەبێت، هەموو شیعرەکان بە تەواوی دەقەکانیانەوە لای ئێمە و هەر تاکێک تەم و مژاوی نییە و گوزارەکانی بە سادەیی بە دەستەوە دەدات، ئەو گوزارە و دەربڕینە سادانە لە دوو توێی هەر یەک لەو دەقە شیعرییانەی لای سەرەوە، خۆی لە بازنەی تاکە ڕێبازێک یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری دا نەخزاندووە، بەڵکو چەندین ڕێچکە و ڕێبازی ئەدەبیان پێوە دیارە، کە کاری شیکاری ئێمە نییە لەم باسەدا، ئەگەر

ئەرشیفخانەی کتێب

عەقڵ لە شیعردا سەر مەشق بێت، ئەگەریش پەنای بردە بەر سۆز و ویژدانی دەروونی، ئەوا ناکرێ و نابێ ئەو سنوورە تێ بپەڕێنێ کە عەقڵ دایناوە، هەروەک ئەرستۆی زانا شیکاری بۆ کردووە. ئێمەیش پێمان وایە ئەگەر عەقڵ هونەری شیعر دابڕێژێت و بەئاگاییەوە بنوسێ، ئەوا مەحاڵە بتوانرێت تازەگەری بونیاد بنرێت و لەو بازنەیەدا چەق دەبەستێ، کەچی نەهۆ لە ڕۆژگارێکدا ین پێشکەفتن هاتۆتە ئارا، بە چەندین قۆناغ و ڕێبازی هەمە جۆر گەشەی کردووە، بۆ نموونە وێناکردنی سروشت وەک خۆی لە چوار چێوەی لاسایی کردنەوە و ڕەسمکردن بەولاوە هیچی دی ناگەیەنێت، کە ئەمەیش کابرایەکی فۆتۆگرافی دەتوانێ ئەو ئەرکەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، ئالێرەدا پێمان وایە پێویستمان بە فڵچەی نیگار کێشە کە نابێت، لە کاتێکدا ئێمە گەرەکمانە لوغزێکمان لە چوار چێوەی ڕەنگەکانی فڵچەکەیەوە بۆ حەشار بدات، دونیایەک تەئویلات بە دەستەوە بدات، نابێ و ناشێ هەموو جوانی و خراپکاری و گەندەڵییەکانی سروشت وک خۆی وێنابکەین ئەگەر نەتوانین لە قاڵبدانی ئیستاتیکای بئاخنین و نەتوانین شلوێتری بکەین، دەستکاری نەکردنی چاکترە.



حەسەن (سەیفولقوزات)

(کلاسیکییەکان دەڵێن: بۆ دۆزینەوەی جوانیەکی نەمر پێویستە ئێمە لەناو بەرهەمی نووسەرە کۆنینەکاندا بگەڕێین). ڕەنگە ئەمە بۆ دوێنێ وابێت و ناشکرێ ئەو واتا بەدەستەوە بدات کە شاعیرە نوێخوازەکان جوانی لە شیعرەکانیاندا بەدی ناکرێ، جوانیەک نەمر بێت، بە ڕوونتر بڵێین جوانییەک لە نووسینی نووسەرە تازەکاندا هەبێت، کەم بایەخ و پاش ماوەیەک ئەو جوانییەی هەس بمرێ و بڕزێ. ئەگەر عەقڵ بناغەی فەلسەفەی جوانی بێت لە داهێنانی ئەدەبی کلاسیکدا، چونکە لای ئەوان عەقڵ ڕەنگدانەوەی ڕاستییە، ڕاستیش لە هەموو ئان و کات و شوێنێکدا نەگۆڕە، واتا ڕێژەیەکی نەگۆڕە و

بەردەوام بەو جۆرە دەمێنێتەوە، ئێمە لە ئەدەبدا پێویستیمان بە گۆڕان هەیە، دەمانەوێ عەقڵ و لۆژیک لە کاربخەین و خەون و خەیاڵ جێگەیان بگرێتەوە، داهێنانەکان لە خەون و خەیاڵەوە سەرچاوە بگەن، ئەو خەونەی هەموو کەسێک پەی بە کون و کەلەبەرەکانی لێکدانەوەی نابات، ئەو خەیاڵەی کە نازانرێ ڕەسمی چیت بۆ دەکێشێ تەنها خودی هونەرمەند و شاعیر و نووسەرەکان نەبێ. (فەلسەفەی عەقلانیەت واتا هۆشگەرایی Rationalisme کە دیکارت و فەیلەسوفەکانی دیکەی ڕینیساس و ڕۆشنگەرایی دایانهێناوە و پەرەیان پێدا). بەم پێیە عەقڵ هەمیشە گوزارەکانی بە سادەیی بە دەستەوە دەدات، تەمومژاوی نییە، وێڵ و عەوداڵبوون و لە سوراغ کردنی واتا و گوزارەکانی دانراون لە دەرئەنجامی بەرهەمی خەون و خەیاڵەوە چەکەرە دەکەن و عەقڵی هۆشگەرایی ماندوو دەکات بە دووی گوزارە دانراوەکاندا وێڵ بێت، ئەو عەقڵە لە ڕێگای لۆژیکەوە ئەنجامەکان بە دەستەوە دەدات.

ئیدی بەرهەمی بە پێز و ڕەسەن پێویستی بە کۆمەڵێ فاکتەر هەیە لە سەروو هەموویانەوە زمانی دەربڕین، زمانێک بزانێ چەند بە ناسکی و بە وردی و بارێک بینییەوە وشەکان لەجێ مەبەست دادەنێن ئەو وشانەی دەبنە گوزارە بۆ دەیان تەئویل و لێکدانەوەن کە هێندە ئاڵۆز بێت کەسی سادە -جەماوەر- بە سانایی پەی بە گوزارەکانی نەبات، هەروەک لەو نموونانەی سەرەوەدا وابوون، بەو واتایەش نەبێت کە ڕستەکان هێند ئاڵۆز و تەمومژاوی بن مەحاڵ بێت ڕەخنەگر و خودی نووسەر و هونەرمەندیش بە تەواوی ڕۆچنە نێو گوزارەکان، سەرەتاتکێ لەگەڵ باس و خواسی ئەوتۆدا نەکات کە ڕەنگە ئاکامی زۆر خراپ بە دەستەوە بدات، نە بەدیوی دەرچوون لە ئەخلاقیاتی نووسین و نە لەکەدار کردنی کەس بێت، ئەگەر بەلایەنیش بکشێتەوە، بەڵکو گەرەکە ڕستەکان بە وردی و نەرمی نوسرابن، بە مانا وتە و پەیڤ ئەدەب بێت، لە شیعردا زمانی موسیقی و هارمۆنی ئیحساسەکانی ڕەخنەگر ختۆکە بدەن، کانت دەڵێ: (بە تەنێ برۆ هۆشی خۆت بەکار بێنە) چی لە هۆشداریەک دەکەی ئەگەر جورئەت و ئازایەتی تێدا نەبێت...!؟

کەواتە پێویستە ئازایەتی لە هۆشدا بخوڵقێ هەروەک لە خەون و خەیاڵدا بوونیان هەیە، ئەگەر هۆش ئەو ساتە بە ئاگایی و زیندوون کە خوێندنەوە پشکی زۆری دەستبەتاڵیانی قۆرخ کردووە، بە عەقڵ و ئاگاییەوە دەخوێننەوە، وەلێ لە نائاگایی و چەکەرە بوونی ئیلهام و خەون و خەیاڵەوە قەڵەم و فڵچە ڕێچکەی نووسینی دەق و تابلۆیەکی نیگاری دەگرێتە بەر، نە عەقڵ و نە هۆگری و نە عیشق و نە خەیاڵ سنووردار ناکرێن، بەڵکو دونیایەکی بەرفراوان و پانتاییەکی ڕەهایان هەیە و مەحاڵە بتوانرێت کۆت بکرێت، کە کۆت و بەند کا ئەوا سەردەمەکە بەرەو زەمەنی دیکتاتۆری و ملهوڕی و زاڵمدارانی دەسەڵاتداران شۆڕ دەبێتەوە، ئەدەب و هونەر دونیای تایبەتی خۆیان هەیە

بە داخەوە لای ئێمە دەسەڵات و حیزب مەوداکانیان قۆرخ کردووە و بەبن بەستیان گەیاندووە، هێندەی بۆ سیاسەت و جبەخانەی عەسکەری خەرج دەکرێ دڵۆپێک بۆ بواری ئەدەب و هونەر تەرخان ناکرێت. بۆیە گوزارەکان تەعەمق دەکەن و شیعری ئیمرۆ لای ئێمە بەزەمەنێکی دیکەدا غلۆر دەبێتەوە.

ئێستا مەوداکان هاتنە بەربار کە ڕوو لە شیعری ئەمڕۆی خۆماڵی بکەین و ئەگەر بە هەمان شێوە مەغزا و واتاکانی بۆ خوێنەر جێبهێڵین، ئەوا ڕەنگە بکەوینە بەر توانج و پلار گرتن، بۆیە نموونەیەکی کەم و شرۆڤەکانی دەخەینە ڕوو:-

سەعدوڵڵا پەرۆش لە شیعری (منداڵێم لەنێوان بەفر و تەراتیلی کەنسادا) کە لە گۆواری ڕامان ژمارە ١١٧ بلاڤ بۆتەوە، دەڵێ:-

**بەفر**
**ئەی نەشارەزا ترین گەڕیدە بە کۆڵانە خورماییەکانی**
**بەسرا**
**بەفر**
**ئەی غەمگینترین لاوک لە شەوانی مەیخانە گەرمەکانی**
**کوێستان**
**لە (سەیاب) مەڕەنجێ**
**کە دڵی بەخشی بەدار خورما و**
**شیعری بۆ پەری باران نووسی**

هەواڵنامەی کتێب

بەفر گوزارەیە بۆ سپی بوون، سپیش گوزارەیە بۆ پاکی و جوانی و بەرائەت، ولێ ئاخۆ بەفر گەڕیدەیە، بەفر ئەگەر گەڕیدە بێت گەرەکە ڕێی بە شوێنە گەرمەکانیش بکەوێت، کە واتە بەفر بە تەنها لە کوێستانەکاندا گەڕیدەیە، هەر بۆیە بە کوچە و کۆڵانەکانی بەسرا نەشارەزایە، بە تەنها بۆ جارێک بەفر بارین لە بەسرە دەبێتە مایەی سەر سورمانی تەواوی خەڵکەکەی لە هەمانکاتدا کەیف شادی لای خەڵکەکە دەخولقێنێ، لێ لە ولێتە بەفرنشینەکان هەر وەک پەرۆش دبێژێ لاوکی خەماوییە، نەمازە بۆ مەستدارانی مەیخانە گەرمەکان.

عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا لە شیعری (مەرگی ئاوشین دەچێتەوە) کە لە گۆواری ڕامان ژمارە ١٢٣ بلاڤ بۆتەوە دەڵێ:-

**شەو ئەوەندە مەستە**
**سپێدە**

**چەند بانگی دەکا**

**ناتوانی چاو بکاتەوە.**

ئافەرین، تەماشا چەند نائومێدو ڕەش بینە ئەگەر شەو ماڵەباوانی ئازیزو دولبەری بێت، دەڵێ هێندە دڵڕەقن مەحاڵە بۆتاوێ ئارام ببننەوە، چەند وەک بەیانییەک بە پاکی و دەروونێکی بی غەل وغەشەوە بانگمان دەکا، گوێی لێ ڕانادێرن، لەدەرگادەدا، نایکەنەوە، ناڵەو فیغانییە کەچی هەر لەکەلی شەیتان نایەنە خواریو ئەو دڵەی دەرەنجێنن، دەنانەبووە شەو چاوی هەبێت، ئەگەر گوزارە بەم جۆرە نەبێت یان چەندین دیدودیوی دیکەی نەبێت، ئەوانابێتە شیعری ئیمڕۆ، هەرگیز نەبووە کەشەو داهات ئیدی ڕۆژ نەبێتەوە، دەمێکە کورد گوتویەتی، بانگی کەڵەشێریش نەبێ ڕۆژ هەر دەبێتەوە، بەدیویکی دیکە دەتوانرێت ئەو شەوە بە دەسەلێت بشوبهێندرێت کە چۆن مل نادات وئامادە نییە زەمەنی دیموکراسی بخەملێنێ، ئازادی هەبێت، دید ودیوەکانی دیکەی خوێندنەوەی دەقەکە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵین.

کەریم دەشتی لە شیعری گوڵفروشەکان) کە لە ژمارە ١٢١ی گۆواری ڕامان هاتۆتە بڵاڤکرن، دبێژێت:ـ

**لەزەمیلەی سەوزی هەر یەکیان کۆمەڵێ ڕەنگ هەیە**

**هەر ڕەنگێ لەباغێکی دوور دوور هاتووە**

**سەر بوردەی بۆن و بەرامەی سەرسینەی کچێکی**

**ئاشقی گرتووە**

**ئەو شوێنە پڕدەبێ لە عەترو لە پیرۆزەی مەرجان**

**ئاخ گوڵفروشەکان چەند کەمن، بەڵێم زەوییان داگرتووە**

بەڕای ئەزو بەپێی دواین دێر، دەشتی لە بزاڤێکی توێژینەوەدایەو بە دووی خود دەگەڕێت، خۆی ون کردوە، پێمان وایە گەڕان و مەشقێکی زۆر چاکە، کە هەر کەسێ دڵسۆزی خود بێت بەئەو پەڕی دلسوزییەوە، لێرەدا لای دەشتی ڕاستییەکان نادیارە یان تووڕ دراون، بایەخێکی لە من نەهاتووی بە فسیۆلۆژیای چێژداوە، هونەری سۆزی قۆستۆتەوە، لەپاکی و ڕاستی دەگەڕێ، پێوایە ئەم کەونە تەنها گوڵفرۆشەکانی تێدایە، بۆیە پێمان وایە بەدوای خۆی دەگەڕێ ونەبووە ودەبێ لەکوێ بێت.!!؟

ژیان بابەگوڕگوڕ لەشیعری (گوناه) کەلەژمارە ٢١٧ی گۆواری کاروان بلاڤکراوە، دەڵێت:ـ

**دەرفە تێکمان نەبوو**

**بۆ بیرکردنەوە**

هەواڵنامەی کتێب

**له ئایەتەکانی جوانی و**
**شکۆمەندییەکانی خودا**
**هەڵوەدای ژیانێ بووین**
**فێری سەمای**
**مەرگی کردین**
**فێری کردین**
**له سەر تەرمی گەلێکاندا**
**بڕەقسێین و**
**بیر له شکۆمەندی باخچە**
**نەکەینەوە....!!**


حەسیب قەرەداغی

پێویست ناکا هەمیشە ڕاستی دەربخرێت، هێندە باشە کەلە دۆراندۆرماندا بێت وەک ڕووحێ بانگەشەی بەختەوەری وکەیف و سەفا بکات، وای دەبینینەوە ژیان خان ئەوکارەی کردبێت، تۆ کە بیردەکەیتەوە پێویستیت بە دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست وهەق وعەدالەتە، کەچی لە بەرامبەردا غیابی بیرکردنەوەکانی مەیسەرکردووە، بۆیە ئەو ڕاستییە وەک (هایدگەر) دەڵێ، ڕوحێکە بەدۆراندۆرماندا دەخولێتەوە، هەستی پێ دەکەین هەیە، لێ لەسەر باڵی نیگەتیڤی دا سەمای مەرگمان پێ دەکەن و دەیانەوێ ڕەقسیان بۆ بکەین بیر لە شکۆمەندی باخچە نەکەینەوە، نەخێر ئێمە بیردەکەینەوە هەستی پێ دەکەین کە هەیە، لێ دەستمان پێی ناگات، وپێی شاد نابین.

نەوزاد ڕفعەت لەشیعری(بازی بازان) کە لەگۆواری کاروان ژمارە ٢١٠ بلاڤ بوتەوە، دەڵێ:ـ

**عەیامێکە**
**لەو کات وشوێنە نوتەکە**
**هۆلاکۆی پیری و شەکەتی**
**دڕندانە، لەچوارلاوە**
**گەمارۆی قەڵێی سەرکەشی**

**پڕ گەنجینەی تەمەنی ئەو(بازە)ی داوە**

**لەچوارلاوە... چادری غەدری هەڵداوە**

شاعیر ئازادە لەناو زەد کردنی(باز)و گوزارەکردنی، بۆیە ئێمە ناتوانین تە ئویلاتی جۆراوجۆری بۆ بەیان بکەین، هەندێ جار ئازایەتی وجورئەت زەرووڕەتن تا بتوانین وەک خۆی شتەکان بەیان بکەین، یاخود شاعیر بەیانی بکا، هەبوونی دووبەرەیی لاگیرو تەقەکەر لە دەسەڵێت یان حیزب وبە بەردەوامی لە هەڵچون وداچووندا بێت، لێ پرسە نیشتمانیی و نەتەوییەکان لەسەر حیسابی هیچ کام ناکرێ سازشی لەسەر بکرێ، ئەگەر خوێندنەوە بەدیوی سیاسەت وپیا هەڵدان بێت، ئەگەریش شاعیر مەبەستی دیوەکانی دیکە بێت، ئەوا ئەو چاوە بازە مەحاڵە دڵ پێی شاد بێت، بۆیە وەک باخچەی پادشا لەوبەر ئاوەو دوژمن دەوریداوە، وئەویش (نەوزاد) نەچی و نەبێ بەسوار چاوکاڵ لیێ تۆراوە.

نەزندە بەگیخان لەشیعری(بەرزاییەکانی ئەزمڕ،بەرزاییکانی وەزەرینگ) کە لە گۆواری ڕامان ژمارە ١٢٤ بلاڤ کراوەتوە دەڵێ:ـ

**من ئەوم**

**کاترین**

**ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق**

**لەبەرزاییەکانی وەزەرینگەوە**

**دەدمە شەقەقەی باڵ**

**لەلوتکە نەسرەوتەکانی ئەزمڕ**

**لەباوەشی هیتکلیف ئارام دەگرم**

کەم شاعیری کچمان هەن، شیعری کچانە بنوسن، ئێ دیارە ئەمیش پێویستی بە هۆشێکی پڕ جەرائەت وئازایەتی هەیە، هەر وەک باسمان لێوەکرد، کە نەزەند خان ئەمەی کردووە، بەدووی پیاوێک وێڵە، بۆیە پێشکێشی کردووە بە(تۆ)، خاکی پەڕاگەندەیی و تاراوگەی بەترۆیکی چیای ئەزمڕەوە گرێ داوە، لەهەردوو مەفتەن عەوداڵی پیاوێکە وەک(ئیدگار لینتن)ی هاوسەری کاترین، وێڵە بە دوای مەنفەزێک بۆ قورتاربوون لە تەنیایی وگەیشتن بەسوار چاک وخەونە ئەرخەوانیەکانی، ئەو خەونانەی لە شیعرەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە.

عەباس عەبدوڵلا یوسف لە شیعری (وانەکانی زگزاگ) کە لە گۆواری کاروان ژمارە ٢١٩ بڵاو کراوەتەوە و دەڵێ:ـ

هەواڵنامەی کتێب

**لە سامیە جەمال**

**جەستەی لەو جۆرە، رووح تێر دەکات**

**ئاشق بوون تەنها و تەنها عاشق عاشقێنی نییە لەگەڵ دولبەر یان ئازیزە خاتوونەکەی، عیشق مەودا و پانتایی بەرفرەی هەس.**

ئاشکرایە سامیە جەمال ئەو سەماکەرە میسرییە لایەنێک لە جەستەی عیشقی عەباسی قۆرخ کردووە، جەستە و لەش و لارێکی زۆر جوان و رێکوپێک بووە ئیحای ئەم کۆپلە شیعرەی، تیای دا بزواندنی غەریزەکانی پیاو بەدی دەکات، شاعیر لێرەدا پێی وایە کەسێکی وەها نەبێت، رۆحی پیاو هەرگیز ناپوکێتەوە و غەریزەکانی گەمەی سێکسی تێر نابێت، بۆیە هانا بۆ جوانترین لەش و لار دەبات، بۆ ئەوەی پیاو بپوکێتەوە، زەمەن تەنها بۆ گوڵفرۆشەکان بمێنێتەوە هەروەک کەریم دەشتی باسی دەکات، ع.ع. یوسف دەیەوێ پیاوەتی پیاو بمرێ چۆن ئەم کارە بکات، سامیە جەمال دێنێتە ئارا، بێگومان دنیایش بە دەست ئافرەتەوە درا ئەوا باوکسالاری و پیاو سالاری لە گۆڕ دەنرێ، دایک و ژنسالاری جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە، ئەمجارەیان رۆمانیەکانیش زیندوو نابنەوە، ئەم یاسایە بڕوخێن.

هاشم سەراج لە شیعری (هەستە کحولییەکانی ئێوارە) کە لە گۆواری رامان ژمارە ١٢٢ بلاڤکراوەتەوە دەڵێ:-

**وەرە بادە**

**با جزووە گەلێک شیعری ئاتەشین بنۆشین**

**تا لە مەستیان پەرەی لوتمان دەلەرێتەوە**

**- ئاخر کات ئەوەندەی بە بەرییەوە نەماوە**

ئەدەب بۆ خۆی ناوەرۆکێکی هەیە و لە شێوە و فۆرمێکی هونەریدا خود دەتەقێنێ و ئاوێتەی سۆز و ئەندیشەکانی کۆمەڵی دەکات، ئەو کۆمەڵەی کەم کەس ئاوڕی لێ دەداتەوە و سەراجیش پێی وایە بە تەنها ئەو هاوتەریبییە و لەتەکیدا دەدوێت، بۆیە هەرشەی کات درەنگە یان ئەوەندەی بە بەرییەوە نەماوە، ئەویش حەوسەڵەی نەمێنێ و خۆی لە ئاست زۆردارێک بەدی بکات، کە پێکرا مانای ژیانێکی سەر مەست و سەرکێشانە دەبەخشێ، دەنا چزووە شیعر چۆن دەنۆشرێ، ئەگەر سەبایەکی سەرمەستیانە هاوڕا نەبێت.

خوێنەری بەڕێز...

لەو بەراورد کارییە مەیدانیەدا کە ئێمە پێمان وایە زۆر زۆری تر هەڵدەگرێ، تێگەیشتین کە شاعیری دوێنێ گوزارەی بە سانایی بە دەستەوە داوە، ئەوانی ئیمڕۆیش بە چەندین جۆر دەکرێ

هەواڵنامەی کتێب

شرۆڤەکاری بۆ گوزارەکانیان بکرێ. لێ ڕاستە ئەوە قۆناغ و قوتابخانە و ڕێبازی تایبەت بە خۆیان هەیە هەروەک لە درێژەی ئەم نوێژینەوەیە ئاماژەمان پێدا ئیمرۆیش ڕێبازی خۆی هەیە، جا پاش نوێخوازی بێت یان فۆرمی گران یان لە قاڵبدانی شیعر بە سیمای مۆسیقی و گوێ نەدات بە کێش و سەروا و قافیە، ئەوی دیکەی بۆ ئێوەی بەڕێز و برایانی ئەدیب و ڕەخنەگران جێ دەهێڵین.

ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتبوون:-
١- نقد الحداثة - الحداثة المظفرة - القسم الاول - آلان تورين - ترجمة/ صباح الجهيم - دمشق ١٩٩٨
٢- هونەری شیعر نووسین - بەرگی یەکەم - دەروازەیەک بۆ ناسینی شیعر - ئەحمەد ڕەزا - ٢٠٠٧ کەرکووک.
٣- دراسات في المنطق مع نصوص مختارة - د. عزمي اسلام ١٩٨٥ الكويت.
٤- مێژووی ئەدەبی کوردی - د. مارف خەزنەدار - بەرگی یەکەم ١٩١٤ - ١٩٤٥ چاپخانەی ئاراس - هەولێر ٢٠٠٥ .
٥- فەرهەنگی خەم- سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی -بەرگی دووەم- چ ئاراس- هەولێر ٢٠٠٢
٦- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراورد کاری لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە- عەزیز گەردی ١٩٩٩ .
٧- ڕێبازە ئەدەبییەکان. وەرگێڕان و توێژینەوەی د. فەرهاد پیربال - دەزگای وەرگێڕان هەولێر ٢٠٠٦
٨- پلە و پایەی گیانداران لەناو قسەی پێشینان، د. عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی. کەرکووک ٢٠٠٧
٩- الاوديب - عقدة كلية - ترجمة وجيه أسعد، دمشق ١٩٩٦.
١٠- نهاية الحداثة - الفلسفات العدمية والتفسيرية في ثقافة مابعد الحداثة ١٩٨٧، ترجمة د. فاطمة الجيوشي دمشق ١٩٩٨ .
١١- سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی - لە ڕووی ڕوو پێوە ئاکاربیەکانەوە - ئازاد عەبدولواحید کەریم - کەرکووک ٢٠٠٥ .
١٢- گۆڤاری ڕامان ژمارەکانی ١١٧-١٢١-١٢٢-١٢٣-١٢٤ .
١٣- گۆڤاری کاروان ژمارەکانی ٢١٠-٢١٧-٢١٩ .

پەراوێز : ڕۆدلف کارنب وئایر، یەکێ لە ناودارانی ئاراستەی فەلسەفی هاوچەرخە، هەوڵەکانی بۆ ئاراستەی ڕەوشی لۆژیکی خستۆتە گەڕ، دەتوانین بڵێین یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم ئاراستەیە (کۆمەڵەی ڤیەننا) بووە، ئەم کۆمەڵە لەساڵی ١٩٢٠ سەریان هەڵداوە، کاتێ موریس شیلیک گەیشتە ڤیەننا ئەم کۆمەڵەی پێکهێنا، پۆستی مامۆستای فەلسەفی لە زانکۆ وەرگرت، جگە لە شیلیک (کارنب) و هەر یەک لە (ئۆتۆنویراس، هربت فایجل و فرید یدریش فایزمان و ئید جار تسیلز و فیکتۆر کرانت لە کۆمەڵەدا بوون، لە زانایانی بیرکاریش فیلیب فرانک و کارل منجر و کورت جیدل و هانزهان هەبوون.



سەباح موسا عەلی

# مێژووی زمانی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

### تەوەری یەکەم: مێژووی ماددەکان

وای پێ دەچێت، کۆنترین باس تایبەت بە گەلی کوردەوە، ئەو خشتە قوڕە سۆمەرییانەیە، کە مێژوویان بۆ (٣) هەزار ساڵ (پ.ز) دەگەڕێتەوە و تیایدا باسی خاکی (کاردا) یان (قاردا–Qarda)ی نزیک زەوی و زاری گەلی (سۆمەر–People of su) دەکات، کە لە باشووری دەریاچەی (وان) دەژیان.

ڕایەکی تر هەیە دەڵێت: (ڕەگ و ڕیشەی (کورد) لە وشەی (کاردۆچی–Karduchi) یەوە هاتووە، کە (ئەگزەفۆن) باسی لێوە کردووە، ئەمەش هیچ ناگەیەنێت، بەڵام چووەتە ناو زمانی یۆنانییەوە، کە هاوتای وشەی (کورتۆ – Qorti)[١]یە زۆر لە زانا و لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان، کە کورد نەوەی (ماد)ەکانن و زمانی

*تەوەری یەکەم: مێژووی ماددەکان
*تەوەری دووەم: دیالێکتەکانی زمانی کوردی
*تەوەری سێیەم: خەسڵەتەکانی زمانی کوردی

کوردی پاشماوە یان درێژەپێدانی زمانی ماددی کۆنە، ئەمەش ڕێی بۆ دەچێت، چونکە زۆربەی زانا و توێژەران، مێژووی کورد و زمانی کوردییان بۆ (ماد) گەڕاندووەتەوە.

(مینۆرسکی) دەڵێت (کە لە مێژوو دەڕوانم و کۆچی هەموو هۆزە ئێرانییەکان دێنمە بەرچاو، بۆ لێکدانەوەی بڵاوبوونەوەی کوردەکان بۆ ئەو ناوچەیەی کە کەوتووەتە خوارووی (ئەنکەرە) لە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری سووریاوە، جگە لە کۆچی ماددەکان هیچ کۆچێکی دی بەدی ناکەم)[٢].

کە باسی زمانی کوردی دەکرێت، یەکسەر ناوی (ماد)ەکان دێتە پێشەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە ڕەگەز و نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد (ماد)ە، واتا (ماد)ەکان سەرچاوەی نەتەوە و زمانی کوردین.

زانای بەناوبانگ (مار) دەڵێت: (زمانی کوردی لە کاتی گەشەکردنیدا، لەلایەن زمانی (ماد)ەکانەوە کاری تێکراوە، هەندێک لەو بڕوایەدان کە زمانی کوردی لە زمانی ماد- جیابووەتەوە، چونکە (ماد)ەکان بە ڕەگەزی سەرەکی بە (کورد دەژمێردرێن))[٣].

(مینۆرسکی) دەڵێت: (ڕایەک هەیە کە گوتوویەتی، زمانی کوردی وەک هەموو شێوە تازەکان لە ئێراندا، زۆربەی کەرەسەی دروستبوونی خۆی لە زمانی کۆنی (ماد)ەکانەوە وەرگرتووە، (میدیاش) دەسەڵاتداریی هەبووە، کە ئێرانی کۆنی بەڕێوە بردووە)[٤].

(زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانە ئێرانییانە و سەر بەلقی باکووری خۆرئاوایە، هەرچەندە ئەم زمانەش لە ڕووی ڕەگەزەوە، لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا سەر بە خێزانی هیندۆ-ئارییە، بەڵام دراوەتە پاڵ ئەو زمانەی کە (ماد)ەکان پێی دوواون و لە سەرەتای هەزاری یەکەمی (پ.ز) لەناوچەی گۆمی (ورمێ)دا ژیاون. بەڕای زۆربەی لێکۆڵەران / کوردەکان بە پاشماوەی (ماد)ەکان دادەنرێن)[٥].

(ماد)ەکانیش لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی (پ.ز)، توانییان دەست بەسەر ناوچەیەکی گەورەو فراوان بگرن و دەسەڵات بەسەر ئێران و بەشی باکووری عێراق و چەند بەشێک لە ئاسیای ناوەڕاست پەیدا بکەن)[٦].

سەرچاوە و بەڵگەنامە یەکجار زۆرن، کە لە دەوروبەری مێژووی (ماد)ەکانەوە دەخولێتەوە و باسیان لێوە دەکات، (لە تێکستەکانی شاهی ئاشووری (شەلمناسری سێیەم ٨٥٩-٨٢٨ پ.ز)، بۆیە یەکەم جار ناوی ئێرانییەکان هاتووە، ئەوەش لە کاتێکدا کە بەرەنگاری ئەو هەڵمەتە ئاشوورییە بوون، کە لە ساڵی (٨٤٤ پ.ز) هێناویانەتە سەر ناوچەی چیای زاگرۆس لە هەمان

هەڵمەتیشدا ئاشوورییەکان ناوی فارسەکانیان هێناوە و داویانەتە پاڵ پایتەختەکەیان کە (پرسوا–فراسوا)* بووە، پاشان ئاشوورییەکان لە ساڵی (٨٣٦ پ.ز) پەلاماری وڵاتی (میدیا)یان داوە)[٧].

وڵاتی (ماد) لە چەند میرنشینێکی بچووک پێک هاتبوو، بەڵام لە سەردەمی (کەیخوسرەو ٦٢٥–٥٩٣ پ.ز)، توانی ئەو میرنشینە (ماد)انەی، کە بۆ ماوەیەک لەژێر دەستی (ئەسکیش)دا بوون، یەک بخاتەوە و تەنانەت لە ساڵی (٦١٢ پ.ز) توانیان شاری (نەینەوا) پایتەختی کلدانییەکان بگرن و سنووری میدیا گەیشتە ڕووباری (قزل ئارماق) لە دووری (٥٠)کم لە خۆرهەڵاتی (ئەنکەرە)ی پایتەختی تورکیا. مامۆستای زمانناسی کورد تۆفیق وەهبی لە بارەی مێژووی کورد و زمانی مادەکانەوە وتارێکی نووسیوە و تیایدا گوتوویەتی: (دامەزراندنی پاشایەتیی خانەدانی ساسانی (٢٢٦ پ.ز) بەشێکی وڵاتی ماد کە لەژێر ناوی (ماددی ئەترۆپاتەکان) ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەبوو، بەشەکەی تری لە نیوەڕۆی (جنوبی) ئەودا بەناوی مادی گەورەوە بەناوبانگ بوو کە پایتەختەکەی (هەمەدان) بوو، شایەکانی پەرس گەلێ جار و بەتایبەتی هاوینان تێیدا دادەنیشتن. سنووری ڕۆژئاوای مادی ئەترۆپاتەکان دەگەیشتە (دیجلە)، سنووری نێوەڕۆی، ناوی قزل ئوزون (لە شیمالی بیجار) –بانە– دوکان –زێی کۆیە– هەتا (دیجلە) بوو.

لە وڵاتی مادا ئەمڕۆکە کورد هەیە، ئەی نەتەوەی ماد چیی لێهات؟ وەکو لە سەردەمی ساسانییەکاندا قەوماوێکی دێریکی وەها کە ئەم نەتەوە گەورەیەی مەحوو لەناوبرد کردبێ؟

ڕووی نەداوە، بێگومان نەتەوەی ماد هەتا ئەمڕۆ (موجودە) و ئەو خەڵکەی ئەمڕۆ لەژێر ناوی گشتی کوردا دەناسرێ و لە عەینی ئەو وڵاتەدا وڵاتی مادا، دانیشتووە لە مادەکان بەولاوە کەسی تر نین، بەڵام وا دیارە ئەم ڕاستییە، هەتا ئێستا، زۆر لە زاناکان دانیان پێیدا نەناوە)[٨].

هەر بە هەمان شێوە، (تۆفیق وەهبی) جەخت لەسەر بیروڕاکانی دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە لە کۆتایی سەدەی یەکەمی (پ.ز) کوردەکان دوو جۆرە ژیانیان بردۆتە سەر، یان بە دوو چەشن ژیان دەبینران یەکێکیان (گوردی–Gordyaei) ئەوی تریان (کورتی–Kurti) بووە، کورتییەکان ئاری بوونە، هەروەها دەڵێت: (ئەمانە باپیرانی کوردەکانن لەوانەیە بەشێک بوونە لە گورتییەکان و لەناو مادەکاندا لە باکوورەوە هاتوونەتە ئێرە و تێیدا جێگیر بوونە)[٩].

هەروەها مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ژمارە شەشەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا وتارێکی لەسەر دێڕی (لە ناوچوونی ماددەکان) نووسیوە و وتویەتی (بۆ مێژوو ئاشکرا بووە، کە هۆی شکاندنی (ئاستیاگی، شای دوایی) ماددەکان لە شەڕەکانی دواییدا (٥٥٠ پ.ز) بە دەستی (کوروش)ی

شای هەخەمەشی پارس کە ژێر دەستی خۆی بوو (ژێر دەستی ئاستیاگ) و کەوتنی ماددەکان لەژێر دەستی پارسەکانەوە، لایەنگرتنی بەشێ لە ماددەکان بۆ (کوروش) و چوونە ڕیزییەوە، هەڵگەڕانەوەی ئەم بەشە کارەساتێکی مێژوویی وەها بوو، بۆ نەتەوەی ماد، کە وێنەی نەبووە)[١٠].

(ماددەکان دەوڵەتێکی زۆر بە دەسەڵاتیان هەبووە، تەنانەت لە دەوری (هومخشەترە)، دووهەم پادشای بەهێزی ماد، پارسەکان بە تەواوی کەوتنە ژێر چنگی ئەمانە، بەڵام کە (هەخامەنشینەکان) هاتنە کایەوە ئیتر دەوڵەتی (ماد) تەواو دەسەڵاتیان نەما و ڕوویان کردە کزیی)[١١].

(لە پاش لە ناوچوونی حکومەتی (ماد) وەنەبێ میللەتەکە لەناوچووبێت، بەڵکو ئەو میللەتە بەرە بەرە هەر مایەوە و خۆی پاراست و بەدەورووبەری کێوەکانی (زاگرۆس)دا بڵاوبۆوە و تاگەیشتە سەر کوردی ئیمڕۆ. کەوابوو دەرکەوت کە (کورد) لە نەتەوەی (ماد)ە و (ماد)یش قەومێکی ئاری بوون)[١٢].

(د. شاکر خصاک) لە کتێبەکەی بە ناوی (الاکراد- دراسە جغرافیە اثنوغرافیە)دا دەڵێت: (ڕەگەزی ناوی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دوو تیۆری توێژینەران، یەکەمیان لە (گۆتۆ)، (Guto) و دووهەمیان بۆ (کیرتی-Kyrtii) هاتووە. یەکەم تیۆر واباس دەکات کە گەلی (گۆتۆ-Guto) ئەو گەلەن لە مەملەکەتی (گۆتیام-Gutiam) لە ڕۆخی خۆرهەڵاتی ڕووباری (دیجلە) لەنێوان زێی خواروو و ڕووباری دیالە (سیروان) دەژیان)[١٣].

## تەوەری دووەم: دیالێکتەکانی زمانی کوردی

زمانی کوردی، یەک زمانە پێی دەڵێین، زمانی کوردی و بە چەند شێوە قسەی پێ دەکرێت کە ئەمانەن:

* شێوەی کرمانجی[١٤]

* کۆمەڵە شێوەی لوڕی (کەڵهوڕی، لەکی، فەیلی، لوڕی، بەختیاری، مامەسینی)

* شێوەی گۆرانی (هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەڵانی)

* شێوەی زازایی، شێوەی کرمانجیش دەبێتە دوو بەشەوە:

١- کرمانجی باکوور (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، ئاشیتەیی، بادینانی)

٢- کرمانجی باشوور (موکری، سۆرانی، سنەیی، سلێمانی)

هەژێنامەی کتێب

هەندێکی دی لە زمانناس و زاناکان، زمانی کوردی بە جۆر و شێوازێکی دیکەدا دابەش دەکەن: (کوردەکان بە دیالێکتی هیندۆ- ئەوروپی نزیک لە فارسی تازە دەئاخافتن، دوو دیالێکت هەیە، کرمانجی باکوور و خۆرئاوا، کە کوردەکانی تورکیا و سوریا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت (جاران-لێکۆڵەر) و باکووری عێراق و کرمانجی باشوور، کە پێی دەوترێت (سۆرانی) و کوردەکانی ئێران و خۆرهەڵاتی عێراق پێی دەدوێن)[١٥].

شارەزا و زاناکانی زمانی کوردی تێکڕا، زمانی کوردییان کردووەتە چوار بەشی سەرەکی یان چوار دیالێکتی سەرەکی، بۆ نموونە: زانای گەورە (ئەمین زەکی بەگ) دابەشکردنێکی بەکار هێناوە و بەم جۆرە دابەشی کردووە: (کرمانجی، لوڕی، کەڵهوڕی، گۆران)[١٦].

زۆر ڕاوبۆچوونی جیاواز و جودای نوێ لە بارەی دابەشکردنی شێوە و دیالێکت و لەهجەکانی زمانی کوردی و هەر یەکێک لەوانە، ڕایەکەی خۆی بە جوان و ڕێک و پێکتر دەزانێت، لە بارەی دابەشکردنی نوێی دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردییەوە.

(د. فواد حەمە خورشید) لیستە و نەخشەیەکی ڕێک و پێکی داناوە و زۆر بەجێیە. دیالێکتی کرمانجی باکوور، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجی باشوور، دیالێکتی کرمانجی گۆران)[١٧].

**تەوەری سێیەم: خەسڵەتەکانی زمانی کوردی**

دیارە زمان شوێن و پێگە و جێگایەکی گرنگ و تایبەتی لەژیانی مرۆڤدا هەیە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێ زمان نە لە قەوارە و نە لە ئاستی پێشکەوتن دەگەیشتە ئەم بوونەی ئێستاکە و هەر ژیان بەبێ زمان نەدەبوو.

گەلێک لە زانا و توێژەر و زانایانی کۆمەڵ، مرۆڤ بە زمان لە گیاندارانی تر جودا دەکەنەوە، هەندێکیان دەڵێن ئەگەر مرۆڤ زمانزان نەبووایە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ گیانلەبەر و ئاژەڵدا نەدەبوو.!

زانایانی دی لەو بڕوایەدان، کە هەر زمانە بنەمای بوون و بڵاوبوونەوەی شارستانیەتییە، هەر لەڕێگای زمانەوە، شارستانییەت و زانست و بیرۆکە و هزر لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گەیشتووە و زمان هۆی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و لەیەک گەیشتن و پێویستییەکانی تری ژیانە و جگە لەوەی هەر میللەتێک بە درێژایی مێژووی خۆی، زمانێکی تایبەتی و داڕێژراو لەسەر بنەماکانی ڕێزمان و ڕێنووس و جۆرە ڕستە ڕێکخستنێک و کۆمەڵە هەلومەرجێکی جیاواز لە هی میللەتێکی دی بۆخۆی پێک هێناوە و بۆی بووە بە مەرجێکی

سەرەکی و بنەڕەتی بوون و مانی و کردوویەتی بە ئامرازی لە یەکتری گەیشتن و جێبەجێکردنی پێویستییە سەرەکیی و سەرەتاییەکانی ژیان و دەسکەلای بیرکردنەوە و یەکێتی ڕیزەکانی و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان.

ئینجا لەم ڕوانگەیەوە، هەر زمانێک لە زمانانی جیهان، خەڵکێکی زۆر پێی بدوێن یان کەم، تایبەتێتی و خەسڵەت و سیمای خۆی هەیە، جودای دەکاتەوە لەگەڵ زمانانی دیکەدا، بەم پێیەش، زمانی کوردی تایبەتێتی و سەربەخۆیی خۆی هەیە، کە دیار و ئاشکرایە.

سەرچاوەکان:

(١) فؤاد حمه خورشيد، الكرد في المصادر القديمة، آر درايڤر، بغداد، ١٩٨٦، ل١٣.

(٢) مينورسكی، الاكراد، ملاحظات وانطباعات، وەرگێڕانی د. مارف خەزنەدار، بغداد، ١٩٨٦، ل٣٨.

(٣) کەریم زەند، زمانی کوردی، سلێمانی چاپخانەی کامەرانی ١٩٧٧، ل١٤.

(٤) مینۆرسکی، الاکراد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

(٥) بڕوانە مینۆرسکی، الاکراد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(٦) زوبێر بیلال ئیسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف ڕەئووف عەلی، دار الحريه، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٧.

* (پرسوا–فراسوا): مەنزڵگای فارسەکانە و دەکەوێتە نزیک گۆمی (ورمێ)، یەکەم شوێنە فارسەکان تێیدا دانیشتوون.

(٧) زوبێر بیلال ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٨) تۆفیق وەهبی، کورد عەشرەتێکی ماد بوو... گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٢٥،ساڵی یەکەم، ١٩٣٩، ل٣٩.

(٩) تۆفیق وەهبی، قەومی ماد، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٢)، بەغدا، ساڵی ١٩٣٩، ل٤٠.

(١٠) تۆفیق وەهبی، لەناوچوونی ماددەکان، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، بەغدا، ساڵی ١٩٤٠، ل٣٣.

(١١) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١، ل٥٠.

(١٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠–٥١.

(١٣) د. شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢، ص١٤٤.

(١٤) تۆفیق وەهبی، دابەشکردنی شێوەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٤٠، ل٢٧–٣٢.

(١٥) تومابوا، مع الاكراد، ترجمة آواز زەنگەنە، بغداد، مديرية الثقافة الكردية العامة، ١٩٧٥، ص١٣٢.

(١٦) ئەمین زەکی بەگ، مێژووی کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، بەغدا، ل١٧١.

(١٧) د. فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٣–١٤.

هزر



نەجات حەمید ئەحمەد

# شوێن و مانەوە

بەشی دووەم

هەولاتی کتێب

## ٤- شوێن و داسەپاندن

بوونی مرۆڤ لە ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتی و مێژووییەکەی، ئەو چوار چێوە داسەپاوانەن کە سنووری جووڵە و دەرپەڕینە جۆراو جۆرەکانی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی سنووردار دەکەن و بە ماناکانی خۆیان مرۆڤ گۆش دەکەن، مرۆڤ دەبێ لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی لەسەر کولتوور و داب و دەستوورو پەروەردەیەکی حازر بەدەستدا بمێنێتەوە، هەموو دەرپەڕینە فیکری و فەلسەفیەکانی هەر لەو چوار چێوە کۆمەڵایەتیەدا بوونیان دەبێ، ئەوانەی لە شوێندا وەکو بیرکردنەوە لەو چوارچێوەیە دەرچوون نامۆبوون بە کۆمەڵگەکانیان و سەر دەمانێک پێویست بوون بۆ تێپەڕ بوون تاکو کۆمەڵگەکان ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو بیرانەدا پەیداکەن، بەڵام هەمیشە ئەو بیرانە هەر لە خولگە کۆمەڵایەتییەکانیاندا لە دایک بوونە، بەو مانایەی بوونی کۆمەڵگەکان هەر خۆیان ئاراستەیەکی بیرکردنەوەی دیاریکراو بە تاکەکانیان دەبەخشن، ئەوانەی هەوڵی تازەگەریان داوە لە کۆمەڵگەکانیدا، هەوڵی ئەوەیان

داوە لە مــانا داســەپاوەکــانی شــوێن. دەرچنە دەرەوە، ئەو شــوێنەی کــۆمــەڵە خــەڵکێک کۆدەکــاتەوە، بیــری داســەپاوی کــۆمــەڵگە لەبارە گــەورە و فــراوانەکــەیدا بیــری داســەپاوی وڵاتێک و لە پاشــاندا کــیــشــوەرێکیش دەگــرێتــە خــۆی، کــە هــەریەکە وەکو کۆمەڵێک لەبیری داب و دەستوور و کولتووری جیاواز مرۆڤەکان لەسەر ئایدیال و بیرکردنەوەکانی خۆیان دێننە بوونەوە، ئەو کــۆمــەڵگانەی لــەبیــرە داســەپاوەکــانی کــۆمــەڵگەکــەی خــۆیان تاکــەکــانی یاخی دەبن و یا بەرەو نامــۆبوونێکی دەروونی و زەینی دەچن، ئەوان ئازارەکــانی نەگونجان لەلایاندا هاوبەهای مانەوەیە لە شوێندا، یاخی بوون تەنها بیــری ناکــۆکــیــەکــانی بیــرکــردنەوە نیــە وەکــو دابڕانێکی بنەڕەتی لەبیرکردنەوە، بەڵگو ئەو دابڕانە فیکریە پەیوەستــە بەو شــوێنەوە کە کۆمــەڵگەی لەســەر دروست بووەو کۆیانی کردۆتەوە، چونکە ئەوە مانەوەیە لە شوێن کە مێژوو دروست دەکاو دەیخوڵقێنێ نەوەک بە تەنها بیرکردنەوەکان، هەروەها شــوێنە شێوازی شــوێنی نیشتەجێ بوون و جۆری جل و بــەرگ و ســیــمــای مــرۆڤ و تەنانەت کــاریگــەریی زمانەوانی و کەلەپوور و فۆلکۆریش دێنێتە کایەوە، کاتێک بیــرکــردنەوەی نوێ بەشــێکی زۆر لەو شــێوازی ژیانە لە شــوێندا بەرەو گــۆڕانکاری دەبات ئەوا بە ڵنیــاییــەوە هــەوڵی مرۆڤە بۆ دەرچوون لە کەلتووری داسەپاوی شوێن، هــەر بۆیە شــوێن تەنــهــا خــۆڵ و بــەرد و شــاخ و ڕووبارێکی ڕووتی چەسپاونین لەلای مرۆڤدا بەڵکو بەشێکە لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پۆرترێتەکانی مرۆڤ، داسەپاندن لە شوێندا، دیسیپلین کردنێکی داسەپاو نیە لە ژیانی مرۆڤدا، بەرنامە بۆ داڕێژراو نیــە، بەڵکو داســەپاندن بەهــایەکی مــێــژوویی سروشتی هەیە، هەر بۆیە مرۆڤ هەمیشە لە خەوندایە بەرەو شــوێنە نەزانراوەکــان، کــیــشــوەرە بزرەکــان، بەهــەشــتــە

**ئەو کۆمەڵگانەی لەبیرە داسەپاوەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیان تاکەکانی یاخی دەبن و یا بەرەو نامۆبوونێکی دەروونی و زەینی دەچن، ئەوان ئازارەکانی نەگونجان لەلایاندا هاوبە\های مانەوەیە لە شوێندا**

دوورەکان، زەویە نەزانراوو نهێنیەکان لە پاشاندا کۆمەڵگە نوێخواز و پەرەسەندوەکان، چونکە ئەمانە ئەو شوێنانەن کە کاردەکەنە سەر خولیا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، هەروەها کار دەکەنە سەر ڕەوشت و ئایدیالە گۆڕاوەکانی مرۆڤ.

### ٥- شوێن وەکو ئەدەب

زۆرینەی چیرۆکە میللی و فۆلکلۆریەکان لە پێناوی خولْقاندانی ئەفسانەدا، شتە بە نرخ و گران بە هاوسیحراویەکانی وەکو داو دەرمان، زێر و زیو،گیانداری سیحریی چاکە خواز، سیحرباز و جادوگەرەکان، کیژە جوانە ڕفێندراوەکان لە شوێنە ڕۆژانەیی و کۆمەڵگەیی و سروشتی و نزیک و ئاساییەکان، دەردەکەنە دەرەوە ئەو بوونانە کە مۆرکێکی (تەلیسماوی، سیحراوی، شەڕخوازی، بەهاداری، پیرۆزی،هتد..) ئەفسانەیی بەخۆوە دەگرن هەمیشە لەوشوێنانەدان کە زۆر دوورن کە هەندێکیان سەفەری مانگ و یاڵیان دەوێ، بۆچی ئەفسانە لە گێرانەوەدا شوێن لە شوێنی ئاسایی ژیانی کۆمەڵگەکان دەردەکات؟!

لە ڕووی جوگرافیەوە ئاساییە مرۆڤی کۆن بەهۆی نەتوانینی بڕینی دەریاو چیا و ڕووبار و دۆڵەکان، نەیزانیوە لەو دیوسنووری شوێنی خۆیەوە چ جیهانێک هەیە ، لە ڕوویەکی دیکەوە لێکدانەوەی دەرچوون لە شوێنی خۆی ترسێکی گەورەی لەلادا خولْقاندووە، هیچ نەبێ ترس لەمردن، گەڕانی گلگامش بە دوای نەمری، گەڕانی ئەو بووە لە شوێن وەکو سیحر و ئەفسانە و باوەڕبووانی ئەو بەبوونی ئەو نەمریە لە شوێندا، لەو باوەڕەدام کە فیرعەونەکان بۆیە جەستەی خۆیان پێتوڵ کردووە، چونکە لەو باوەڕە دابوونە پەرجوو لە شوێندا دەخولْقێ، کەواتە گەڕان بە دوانی شوێن هاوبەهای گەڕانە بە دوای ژیاندا، لە ئەدەبی کلاسیکیدا لە ڕووە مرۆڤایەتی و جیهانیەکەوەی، یەکەمین دەستبەرداری

**گەڕانی گلگامش بە دوای نەمری، گەڕانی ئەو بووە لە شوێن وەکو سیحر و ئەفسانە و باوەڕبووانی ئەو بەبوونی ئەو نەمریە لە شوێندا، لەو باوەڕەدام کە فیرعەونەکان بۆیە جەستەی خۆیان پێتوڵ کردووە، چونکە لەو باوەڕە دابوونە پەرجوو لە شوێندا دەخولْقێ، کەواتە گەڕان بە دوانی شوێن هاوبەهای گەڕانە بە دوای ژیاندا**

بوونی مرۆڤی تێدا ڕەنگاڵە بوو بەوەی شوێن بە هایەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێوە وابەستەکرا بەبێ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئەو سنوورانەی دەکەونە ئەو دیوی ژیانەوە وەکو خەونێک ڕەتکاتەوە، بیری نیشتیمانی و شوێن سنوورەکانی خوڵقاند بەڵام سنووری ئەدەب تەنها لە شوێندا نیە بەڵکو لە خەیاڵدایە، چونکە ئەدەبی کلاسیکی بیر کردنەوەی مرۆڤ لە ئەفسانەوە گواستەوە واقیع و لە پاشاندا بەرەو خەیاڵ کە لەوێدا مرۆڤ هیواکانی لە گواستنەوە لە شوێندا بەدی دێنێ کە لە دواییدا شوێن وەکو شارستانیتی و بنیاتنانی شارستاتنێتی وێڕای سەر هەڵدانی بیری نەتەوەیی مرۆڤی بەرەو گەڕانەوە بۆ سروشت و چوونە ئەو دیوی واقیع دەبرد ئەوەی لە ئەدەبی ڕۆمانسیدا بەکار هات ڕۆمانسیەت شەرمی لەوە نەدەکرد کە مرۆڤ بەرەو سروشت و سەرەتایی بوونەکانی مرۆڤ بگەڕێتەوە بە پێچەوانەی ئەدەبی کلاسیکی کە شوێنی بەرجەستە بوو کۆشکی میر و پادشاو دەسەڵاتدارەکان دووبارە بوونەوەیان بێ سنوور بوو، خەونی ڕۆمانسی لە شوێندا بەرەو بیرکردنە لە مردنی دەبرد و لە پاشاندا بەرەو ئەو دیوی گۆڕو مردنیشی دەبرد تاکو ئەمرۆیش دوور کەوتنەوە لە شوێن بەگشتی کراوی وەکو شار لەلای ئەوانەی خاوەنی بیرکردنەوەی ڕۆمانیسن شوێنێکن تەنراون بە گۆڕستان و مەرگی بیرکردنەوە و خەیاڵن، بە پێچەوانی ئەمانیشەوە بیری تەغریبی و بێ هوودیی و پووچگەرایی مرۆڤیان بەجارێک بەرەو نامۆیی برد، بێهوودەیی هەست پێکردنێکی تراژیدی بوو بە شوێنی مرۆڤ لەسەر زەوی کە ئەو شوێنە، شوێنێکی تراژیدی و نەخواستراو نەویستراوە کە هەموو باوەڕێک بۆ بە ماقووڵ کردن و پاساو هێنانەوە بۆ بوونی مرۆڤ تەنها خۆبواردنە لەڕاستیە نەگۆڕ و چەسپاوەکانی چونکە لە توانای مرۆڤدا نیە ڕاستیەکانی بوونی خۆی بگۆڕێ یا خود بە ئاراستەیەکدا بیبات کە لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی خۆیدا هاوڕازبێ، گونجان تەنها هەر مردنی ڕوی سروشتیی مردنە ئەو ڕووەی کەدەری دەخات هەموو پاساوەکانی مرۆڤ بۆ خوڵقاندانی مرۆڤ بەهەموو سەرەوەری و عەقڵ و بیرکردنەوەی بۆ ئەوە دەچێ کەکۆتایی بە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە قورسەکانی بێنێ، سیستەم ماکەکانی جەنگ و وێرانی، دابڕان و بێ بەش بوون و کاولکاری، مێژوویەک بەبێهودەیی بەسەر چوو، مێژوویەکی بێهوودەیی دیکەش بەڕێوەیە. لەلایەکی دیکە بیری تەغریب بوونی مرۆڤ بیرێکە کەلە ناخێکی نائومێدەوە سەر هەڵدەدات، لە بوونێکی زەبەلاحی گەردوونیدا کە مرۆڤ توانای زانینی مێژوو قەبارە و بوونی خۆی لەوێدا نازانێ پێشبینی ئەوە بکات کامەرانی لە کوێی ژیانی ئەودا بوونی هەیە، نامۆیی بوونی مرۆڤ چارەنووسێکی نەگۆڕە مادامەکی مرۆڤ

هەواڵنامەی کتێب

بەشێک نیە لە بناغە بنەڕەتیەکانی بوونی خۆی ئەمەش وای لێ دەکات کە ژیان لە شوێندا وەکو ژیانێکی نەناسراو ژیانێکە بەشێک نیە لە بوونی ڕاستەقینەی ئەو و هەر ئەمەش وا دەکات کە خودی ژیان تێگەیشتنێکی دیکە نەگرێتەوە خۆی جگە لەو تێگەیشتنە چەسپاوەی کە هەمیشە مرۆڤ بەرەو شوێنە واقیعیەکەی خۆی دەگەڕێنێتەوە کە ئەو لە ناخەوە ڕەتی دەکاتەوە و پێی ڕازی نیە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە گەڕانەوە بۆ شوێن وەکو ژیان گەڕانەوەیە بۆ مردن وەکو شوێن ئەم تێکەڵ بوونەی لە نێوان ژیان و شوێن و مرۆڤدا هەیە تێکەڵ بوونێکی هەمیشەیی و نەگۆڕە چونکە ئەو تێکەڵ بوونە بوونی ئەوە ئەم بیرکردنەوانە لە شوێن و ژیان و بوون وایان لە مرۆڤ کرد کە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە بڕوات بەوەی دابڕانێکی تەواو لەنێوان خۆی و بووندا بدۆزێتەوە هەروەها لە بوونەوە دابڕنێکی دیکە لە نێوان خۆی و ژیاندا بێنێتە کایەوە بەمەش مرۆڤ هیچ ئینتیمایەکی نە بۆ ئەو شوێنە هێشتەوەکە تیایدا دەژی نە بۆ ئەوانی دیش کە پێکەوە لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە بەوەی مرۆڤ چەندێک لە خۆی وورد بێتەوە ئەوەندە هەست بەدابڕانەکانی ناوەوەی خۆی بکات کەچی من بە دەورو پشت و خەڵکانی دیەوە دەمبەستێتەوە لە گەردووندا مرۆڤ لەسەر زەوی وەکو شوێنێک ئامادەیی هەیە تەنیا بێکەس لەسەر خۆیەتی پەیوەندیەکانی خۆی بەو گەردوونەوە دیاری بکات، بەڵام مرۆڤ ئەوەندە خۆی بە بچووکی و تەنیایی و بێ پشت و پەنایی دەبینێتەوە کە توانای ئەوەی نیە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کەچی بەبوونمان دەبەستێتەوە بەو مانایەی مرۆڤ لە شوێنیکدا دەژی کە شوێنێکی نا سەنتەری و پەراوێز کراوە هەرچەندە ئەو لە بچووکیی بوونایەتی خۆی و شوێنەکەی هەمیشە بەرەو گومان و ڕاڕایی و نیگەڕانی دەچێت ئەم پرسیارانە جۆرێک لە شڵەژانی بیرکردنەوەی گومڕاییان لەلای مرۆڤدا دروست کردووە هێزەکانی بیرکردنەوە هیواکان بە دوا ڕۆژ ئومێدەکانی پاش مردن خەونەکانی مانەوە ناتوانن لەو گومانانەی ناخی ناخەوەی ڕزگارکەن هەر بۆیە دیاردەی خۆکوشتن وێڕای ئەو سەر ژمێریەی هۆیەکانیان پۆلێن دەکەن ناتوانن نەوازش و دڵنەواییەکی تەواو لەلای کەسدا دروست بکەن چونکە ئەو دڵنەواییە تەنها پاساوێکن بۆ چاوەڕوانی کردنی مردن و ڕازی بوون بەو شوێنەی لێوەی لە دایک دەبێ و لەوێشدا دەمرێت ئەو دەستەواژەیەی ئاین زۆر لەگەڵ ئەم باوەڕەدا یەک دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە خۆڵ دروست کراوەو بۆ خۆڵیش دەگەڕێتەوە بەڵام نەک بەو تێگەیشتنەی کە مرۆڤ هیچ زانین و هاوبەش و هیچ دڵنەواییەکی هەبێت نە بۆ بوونی خۆی لەسەر زەوی و نەبەو چارەنووسەی کە بۆی دیاری کراوە مرۆڤ وەکو گەڕۆکێکە کە پاش خولقاندنی لە شوێنێکدا پۆلێن و

داڕشتراوە کە ناتوانێ هیچ پێشبینی و لێکدانەوەیەکی ئارامی هەبێت نە بۆ هۆی مانەوەی و نە بۆ پاساوە ڕەوشتیەکانی مانەوەی خۆی هەر بۆیە مرۆڤ لە ناخەوە هەست بەوە دەکات کە ئەو لەو شوێنە نامۆیەو دەبێ بگەڕێتەوە شوێنی سەرەتایی خۆی (بڕوانە لێکۆڵینەوەکەمان بە ناوی بەرجەستە بوونی گەردوونی)یەوە، ئەم هەستە لە ناخەوە بەشێکی زۆر لە تواناکانی دەکوژێ و بەشێکی زۆری هەستەکانی سەرکوت دەکات، چونکە مرۆڤ وەکو بوونەوەرێک قەت ناتوانێ بە تەواوی  هێزەکانی بیرکردنەوەی خۆی دەربڕینی لە خۆی بکات، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ وەکو بوونەوەرێک درک بە خۆی نەکات کە دەتوانێ تێگەیشتنێکی. بۆ شوێنی خۆی هەبێت ئەو ڕایانەی لە زانستەوە دێن و هەروەک ئاین بۆ خۆڵمان دەگەڕێنێتەوە لەلایەکەوە شوێنی گومانە بەوەی لە ١٠ هەزار ساڵی ڕابردوودا مرۆڤ بەپێی هەموو بەڵگەنامەکان پەرەسەندنی عەقڵ و بیرکردنەوەی جەستە و تواناکانی ٣٪ یە ، هەموو ئەو گۆرانکاریانە گەر لەسەر بوونی مرۆڤی بچەسپێنین بەڕێژەو بە ژمارە بۆ سەدان ملیۆن ساڵ  دەگەڕێتەوە لەو باوەڕەدا نیم مرۆڤ لە هەموو کارەسات و ڕووداوە گەر دوونیەکانی ملیۆنەها ساڵ مابێتەوە بەڵکو مرۆڤ دروست بوویەکی تازەی ئەم گەردوونەیەی و بەکامڵیش هاتۆتە بوونەوە ئەمەش  وای لێ دەکات کە ئەو لە ناخەوە باوەڕی بەوە نەبێ کە دروست بوونی لەم گەردوونەدا وەکو سەنتەرێک بوونایەتی و خاوەن ماڵ وابێت بەڵکو ئەو وا بیر دەکاتەوە کە ئەو لە پەراوێز بوونی بوونایەتیەکی زەبەلاح و بێ سنووردایە کە گەر مرۆڤ تواناکانی هەزاران جار گەورەتر بوونایە پێشبینی بۆ ئەو بوونەی خۆی نەبێت ئەم بوارە گەشەسەندنێکی گەورەی لە نێو بیرکردنەوەی مرۆڤدا بە خۆوە بینی بەوەی مرۆڤ هەوڵی دا لە ئەفسانەوە بچێت کە لە لێکۆڵینەوەی داهاتوودا باس لە کرۆکی فەلسەفی ئەم بوونەی مرۆڤ دەکەین لە شوێندا ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەستە سۆزاویەکانی مرۆڤە بە شوێنەوە هەروەک دەبنین شوێن وەکو یەکەیەکی بوونایەتی کامڵ لەبیرکردنەوەی ئەدەبیاتدا بوونی نیە ، شوێن زیاتر پەرش بوون و دابەش بوونێکی زەینی و عەقڵی و سۆزداریە لە ئەدەبیاتدا هەمیشە شوێنێکی دیکەی نەدۆزراوە هەیە هەمیشە گەڕانەوەیەک هەیە بۆ شوێنێک کە کە بزرەو دوور و نهێنیە هەمیشە شوێنێک هەیە لەبیرکڕدنەوە کە بەدوویدا دەگەڕێین هەمیشە شوێنەکان ئارام و دڵنەوازش کار نین بەڵام هەمیشەش دەبێ لەگەڵ شوێندا سۆزداربین چونکە لە ئەدەبیاتیشدا وەکو تیۆلۆژیا شوێن شوێنی دیکەی بەدواوەیە کە نەزانراوەو پێنەگەیشتوەو دوورە لە بوونمانەوە

# چیرۆکی ئۆسکار له سەرەتاوە تاکو ئێستا

ئا: کاوە فەتاحی




له کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٠ ئەو کاتەی دەنگ هاتە ناو سینەما، هەتاکو سەدەی بیست و کەڵک وەرگرتن لە وێنەگەلی کۆمپیوتەری بەرهەم هاتوو، ساڵەکانی پڕ لە خولقاندن و لەناوچوونی ستایلە جۆراوجۆرەکان بوون.

هالیوود بەردەوام دەسەلاتدایەتی خۆی بەسەر جیهانی خەیاڵدا پاراستووە و زاڵ بووە بەسەر هەموو فیلمەکانی ئەوروپا، بەریتانیا و هیند، کەچی ئەم فیلمانەش بینەری خۆیان بووە.

ئەستێرەکانی هالیوودیش لە یەکەمین ئەکتەرە جیهانییەکانەوە لە دەیەی ١٩٣٠ تاکو ئەستێرەکانی دەیەی ١٩٥٠ و ئەکتەرە گەشاوەکانی دەیەی ١٩٧٠ و ئەکتەرەکانی

ئەمڕۆیی کە هەڵسوکەوتەکانیان باسی ڕاگەیەنەرەکانە ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەر هاتووە.

لە هەمووی ئەم ساڵانەدا، خەڵاتی ئۆسکار بارودۆخی گشتی سینەما بووە و وەکو دەستخۆشییەک بۆ فیلمەکان، ئەکتەران و ئەو دەرهێنەرانەی دەسکەوتی بەردەوامیان هەبووە بەخشراوە. تەنانەت هەر کاتێک ئاکادیمی لە یەکێکیان غافڵ بووبێت، دیسان پێوەری پۆزەتیڤی بۆ تێگەشتن لە ڕەوتی ڕاپەڕیو لە سەنعەتی سینەما خستووەتە بەردەستی لێکۆڵەران. بەکلیککردن لەسەر بابەتی دەیەکان سەبارەت بەسەنعەتی فیلم لەو کاتدا و چۆنیەتی کاریگەری ئۆسکار زانیاری زیاتر وەدەست بێنن.

**دەیەکانی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۰**

ئۆسکار هاوکات لەگەڵ هاتنی دەنگ بۆ سینەما هاتە ئاراوە. هەڵبەت ئەم خەڵاتە تاکو ساڵی ۱۹۳۹ بەشێوەی ڕەسمی ناوی ئۆسکار نەبووە. بەهاتنی دەنگ، ستۆدیۆ فیلمسازییەکانی ئەمریکا زاڵ بوون بەسەر پیشەی فیلم و هیوای سەرەتایەکی درەوشاو بوو بۆ هالیوود. بەهاتنە ئارای تەکنیکی تەکنی کالێر، زۆربەی فیلمەکان ڕەنگی بوون.

یەکەمین ڕێوڕەسمی ئۆسکاریان لە ڕاستیدا خەڵاتی ئاکادمی لە ساڵی ۱۹۲۹ لە تەلاری «بێلاسام» یان «شکۆفە»ی ڕۆم لە هۆتێلی ڕۆزوێلتی هالیوود بەرێوە چوو.

فیلمی «باڵەکان» کە باس لە دوو فرۆکەوانی ئەمریکایی دەکات کە هەر دووکیان حەز لە کچێک دەکەن، خەڵاتی باشترین فیلمی دەستەبەر کرد و «ئیمیل یانینگز» خەڵاتی باشترین ئەکتری پیاوی بۆ دەوری لە فیلمی «جەستە یان هەموو لەش» وەرگرت. «جێنت گینوێر» بۆ کایە لە فیلمی «ئاسمانی حەوتەم» خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت.

ساڵی ۱۹۳۰ یەکەمین ئەستێرە جیهانییەکان تێیدا دەرکەوتن: «ئێسپێنسێر تریسی»، «کلارک گیبێل»، «بێت دێیویس» و «کاترین هێپبۆرن» هەموو بۆ یەکەمین جار خەڵاتیان وەرگرت و دواتر ئەم چوار کەسە لە دەیەکانی تریشدا براوەی خەڵاتی ئۆسکاریان بوون.

یەکەمین دەرهێنەر ئەستێرەکان وردە وردە دەر ئەکەون. «فرانک کاپێرا» لەم دەیەدا سێ جار (بۆ وێنە بۆ فیلمی شەوێک ڕووی دا) خەڵاتی بردەوە و « جان فۆرد »یش بۆ فیلمی « سیخوڕ» خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەری وەرگرت.

لە دەیەی ۱۹۳۰ دوو فیلمی کلاسیک لە نەیانتوانی خەڵاتەکە لە بەر دوو فیلمی براوە وەربگرن. لە ساڵی ۱۹۳۲ فیلمی «چەک دانان» بەبەشداری گەری کوپەر و ئالێن هیز خەڵاتەکەی بە"سوارە نیزام" دۆڕاند و فیلمی «لاپەڕی یەک» بەبەشداری «پێت

ئەوبرایەن»یش لە ساڵەکانی ١٩٣٠-٣١ لە بەرامبەر فیلمی «سیماروێن»ی وێسترێن نەیتوانی سەرکەوێ و فیلمەکەی «ویسترێن» براوە بوو.

لە ساڵی ١٩٣٥ فیلمی «شەوێک ڕووی دا» لە دەرهێنانی فرانک کاپێرا یەکەمین فیلم بوو کە پێنج خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، باشترین ئەکتەری ژن و پیاو، باشترین فیلم و باشترین فیلمنامەی بە یەکجار وەرگرت. چیرۆکی ڕۆژنامەنووسێک کە حەز لێکردووی لە ژنێک دەکات کە میراتێکی یەکجار زۆری بۆ ماوەتەوە بەڵام لەگەڵ بنەماڵکەی ناسازێ و لێیان هەڵدێ، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی بۆ کلارک گیبێل دەستەبەر کرد.

لە هەمان ساڵدا یەکێک لە گەورەترین پێشڕەوانی سینەما، «دێیڤید وارک گریفێس» ناسراو بوو بەو پیاوەی هالیوودی سازکرد خەڵاتی تایبەتی ئاکادیمی بردەوە.

گریفێس پێشڕەوی داهێنان و کەڵک وەرگرتن لە زۆرێک لە تەکنیکە چیرۆک بێژییەکان لە سینەمادا بوو و یەکێک لە یەکەمین بەرهەمە کلاسیکەکان لە سینما بەناوی «لە دایک بوونی نەتەوەیەک» لە ساڵی ١٩١٥ لە دەرهێنانی ئەو بوو.

**دەیەی ١٩٤٠**

سینەما هەر وا لە گرینگی و ڕادەییدا گەورە دەبوو ئەستێرەکانیشی ڕوو لە زیاد بوون بووبوو.

ئینگرید برێگمان لەم دەیەدا چوار جار ناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بوو، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٤ دا ئەم خەڵاتەی بۆ کایە کردن لە فیلمی «چرا گاز» وەرگرت.

لارنێس ئولیویەر ئەکتەری شانۆیی بەریتانیا بەسەرکەوتوویی چووە هالیوود و شەش جار ناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری و باشترین دەرهێنەری بوو. جێیمز «ئێستوارت»یش پێنج جار بوو بەناوزەدی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار، لەو دەیەدا سێ جار ناوزەد بوو و ساڵی ١٩٤٠ خەڵاتی ئۆسکاری بۆ کایە لە فیلمی «چیرۆکی فیلادێلفیا» بردەوە. فرانک کاپێرا، بیلی وایڵێر، جان فۆرد و ئۆرسێن وێلز بەهێزترین بەرهەمەکانیان لەم دەیەدا خوڵقاند.

لە ساڵی ١٩٤٠ فیلمی «لە دەست چوو» زیاتری خەڵاتەکانی ئۆسکاری وەرگرت، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم فیلمە هێشتا بەکلاسیک دەناسرێ، دەرهێنەری ئەم فیلمەش ویکتۆر فلمینگ لە بیر چووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٤١ کێبڕکێ بۆ وە دەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم لە نێوان فیلمەکانی

هەواڵنامەی کتێب

«هێشـووەکـانی تووڕەیی»، «ڕێبکا»، «چیرۆکی فـیلادێلفـیا» و «دیکتـاتۆری گـەورە» زۆر لێک نیزیک بوو.

فیلمی «ڕێبکا»ی، هێچکاک خەڵاتەکەی بردەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵاتی باشـترین فیلم دەدرێ بەئامادەکار، هێچکاک نەیتوانی دەستی بەخەڵاتی ئۆسکار بگات.

لە کێبڕکێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، جان فۆرد لە هێچکاک پێش کەوت. هێچکاکی ئینگلیزی دیسانیش ناوزەدی ئۆسکار بوو بەڵام بەدەستی نەهێنا.

لە سـاڵی ١٩٤٢ واڵت دیزنی خـەڵاتی ئیـروین تاڵبـێـرگ ناسـراو بەدەسـتکەوتی تەواوی تەمـەنی وەرگرت. ئەوە لە هـەمـان سـاڵی پرۆژەکەی خـۆی «فـانتـازیا» بوو کـە شکسـتـێکی قـورسی خـوارد و دیزنی بەچاوی پڕ فـرمێـسک هەواڵی ناسـەرکەوتنی ڕاگـەیاند. کـایەی ڕۆژگار ئەوەیە، ئەمڕۆ «فانتازیا» وەک بەرهەمێکی کلاسیکی سینەمای کارتۆن دەناسن.

ڕێوڕەسـمی ئۆسکار سـاڵی ١٩٤٢ یەکـێک لە باس هـەڵـخێنـەرترین ڕێوڕەسم لـە جـۆری خـۆیدا بوو. «دۆڵەکـەی من زۆر سـەوز بوو" لە دەرهـێنانی جـان فـۆرد ئۆسکاری باشـترین فیلمی بردەوە و «هاوشاری کین»ی ئۆرسـێن وێلزی بێ هیـوا کرد. فۆرد لە بواری باشـترین دەرهێنـەریشـدا ئۆرسـێن وێلزی کـەم ئـەزمـوونی بێ بەری کـرد لـە خـەڵات. هـەندێ کـەس بەئیستدلالەکان دەڵێن ئەوە گەورەترین بێ عەدالەتییە لە مێژووی ئۆسکاردا.

**دەیەی ١٩٥٠**

ئەم دەیە لەژێر کـاریگەری ناوی هەندێ لە گـەورەترین دەرهێنەرانی سـینەمـا بوو. دەیویدلین، ئالفرێد هێچکاک، ئێلیا کازان، جان هیوستن و جان فۆرد،هەموو شاکارەکانیام لە دەیەی پەنجادا خوڵقاند.

ئەمە ئەو دەیە بوو کە تێیدا «سەرەگێژە»، «پردی چۆمی کوای»، «لە بارخـانەدا»، «باسێک بەناوی هەوەس»، «لەنجی ئافریکێن کوئین» (ناسراو بەمەلەکەی ئافریقایی) نمایش کران.

مارلۆن براندۆ، یەکێک لە وریاترین ئەسـتێرەکانی هـالیوود لە دەیەی پەنجادا درەوشاوە. ئەو پێنـج جار ناوزەدی وەرگرتـنی ئۆسکار کرا بـەڵام بۆ وەرگرتنی ئۆسکار دەبوایە ١٩٤٥ لەبەر کایە لە فیلمی «لە بارخانەدا» خەڵاتی وەرگرت چاوەڕوان بێ.

کاترین هێپبۆرن لە دەیەکانی ٣٠ و ٤٠ دوو جار ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بووبوو سێ جـاریش لە دەیەی ٥٠دا نـاوزەد کـرا و چوار جـاریش لە دەیەی ٦٠ و بۆ دوایـین جـاریش لە سـاڵی ١٩٨٢ ناوزەدی ئۆسکار کرا.

هێپبۆرن بەگشتی ١٢ جار ناوزەدی ئۆسکار بوو و چوار جاریان ئەم خەڵاتەی وەرگرت، تا ئێستاش هیچ ئەکتریێکی تر ئەم ڕکۆردەی وەدەست نەهێناوە. خۆشەویستی و لە بەردڵ بوونی هیچ ئەکتەرێکی ژنی تر بەو ڕادەیە درێژەی نەکێشابوو و هیچ ژنێکیش بەو ڕادەیە لە ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکانی ئۆسکار سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابوو.

ڕووی زاڵی فیلمەکانی ئەم دەورەیە ئاوێتەیەک بوو لە سەرسووڕمان و گاڵتەجاری. بەمەشەوە ئاکادیمی لە ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی باشترین فیلمیان بەحەق دا بە«هەموو شتێک سەبارەت بەئییوو» و لە ساڵی ١٩٥٥ دایان بە«لێرەوە تا هەمیشەیی». بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ دا ئۆسکاری باشترین فیلمیان دا بە«ئامریکاییەک لە پاریس» (ئەویش لە بەرامبەر «باسێک بەناوی هەوەس» و لە ساڵی ١٩٥٧ ئەو کاتەی ئۆسکاریان دا بە«گەڕان لە جیهان لە ٨٠ ڕۆژدا»، ئاکادیمی بەئاشکرا بەهەڵەدا چووبوو.




لە ساڵی دواییشدا ئەم ڕووداوە دووپات بووەوە. کاتێ ئۆسکاری باشترین فیلمیان دا بە«گەورەترین نمایشی سەر جیهان» تەنانەت «مێری پیکفۆرد» کە بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە بوو، کاتێ فیلمی براوە ڕاگەیەندرا حەپەسابوو.

## دەیەی ١٩٦٠

لەو کاتەی ئەمریکا بەر خۆپیشاندانی خوازیارانی ئازادییە مەدەنییەکان و تیرۆری جان ئێف کەندی ڕوو لە گۆڕانکاری بوو، هالیوودیش وردە وردە و بەئارامی، ڕوو لە گۆڕان بوو.

لە ساڵی ١٩٦٨ دا براوەی ئۆسکاری باشترین فیلم، یانی «لە گەرمای شەودا» و ناوزەدەکانی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە «بانی و کلاید»، «گراجوئێت» نیشاندەری ئەمریکایەکی وشیارتر و سیاسیتر بوون. ئەو ئەمریکایەی لە دەیەی ١٩٧٠ گۆڕانی بەسەر داهات.

«ئێسپێنسێر تریسی» دوای سێ جار ناوزەدی بۆ وەرگرتنی لەم دەیەدا هەرمانی کاری پرۆفیشناڵی خۆی نیشاندا و لە هەمان کاتدا «بێت دێیویس» و «کاترین هێپبۆرن» لە ئەکتەرە خۆشەویستەکان بوون.

یەکێک لە سەرکەوتووترین فیلمەکانی ئەم دەیە «بێن هوور» بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٠ بەبردنەوەی ١١ خەڵاتی ئۆسکار ڕکۆردە پێشووەکانی شکاند و بەمانای «فیلمی گەورەی حەماسی» براوەی خەڵاتی ئۆسکاری مانا بوو. دواترەکان فیلمی وەک «سەما لە گەڵ گورگەکان»، «دلاوەر» و «گلادیاتۆر» هەر پەیڕەوی ئەم ئۆلگوویە بوون.

لە ساڵی ١٩٦٤ی «سیدنی پواتیە» یەکەمین ئەکتەری ڕەشپێست بوو کە خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بۆ کایە لە فیلمی «سۆسنەکانی مەزرا» وەرگرت. ئەکتەری ڕەشپێستی دوایی کە ئۆسکاری وەرگرت «دێنزێل واشینگتۆن» بوو کە ئەم خەڵاتەی دوای سێ دەیە بردەوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ ئاکادیمی کێشەی دانی خەڵاتی ئۆسکاری بۆ «ئالفرێد هێچکاکی» بەدانی خەڵاتی دەسکەوتی هەموو تەمەن کۆتایی پێ هێنا. ئەمە تەنیا جارێک بوو هێچکاک دەستی لە پەیکەرەی ئۆسکار دەکەوت ئەو تەنیا بەئارامی گوتی: «مەمنوون!» و لە سەکۆ هاتە خوارێ.

لە دەیەی ٦٠ دا مۆزیکالەکانیش خۆشەویست بوون. «چیرۆکی وێست ساید»، «خاتوونی جوانی من»، دەنگی مۆسیقا (لە ئێران فرمێسک و پێکەنینەکان) و «ئولیویەر» ئۆسکاری باشترین فیلمیان وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٦٩ ئاکادیمی جارێکیتر نیشانی دا هەندێ لە بڕیارەکانی درێژماوە بڕ ناکەن.

٢٠٠١: ئیدیسەی فەزایی (لە ئێران: ڕازی کەیهان) ئیستێنلی کوبریک کە ئێستا یەکێک لە فیلمە پڕ لە کاریگەرییەکانی مێژووی سینەمایە هەم لە بواری دەرهێنەری و باشترین فیلم لە بەرچاو نەگیرا. لە بەرامبەردا خەڵاتی باشترین فیلمیان دا بە«ئولیویەر» و ئۆسکاری باشترین دەرهێنەریان دا بە«کارۆڵ ڕید».

## دەیەی ١٩٧٠

ساڵەکانی ١٩٧٠ بۆ فیلمسازە ئەمریکاییەکان دەیەی ئەزموونە گەورەکان بوو. فیلمسازە ئەمریکاییەکان لەم دەیەدا هەندێ لە باشترین فیلمە ئەمریکاییەکانیان ساز کرد.

بەرەیەکی تازە لە فیلم سازە لاوەکانی ئەمریکا وەک: مارتین ئێسکۆرسیزی، ویلیام فریدکین، فرانسیس فۆر کاپولا، ئێستسوێن ئێسپیلبێرگ، نۆرمەن جیۆسون و سیدنی پولاک لەم دەیە دا هاتنە بەرەی فیلم سازییەوە. ئەوانە بەجوانی ناسی فیلمە ئەوروپاییەکان پەروەردە کرابوون و گۆڕانی شێوازی فیلمسازییەکانیان، لە پێرستی ناوزەدەکانی خەڵاتی ئۆسکاردا و براوەکانیدا کاریگەرییان بوو.

«چاینا تاون» (گەرەکی چینییەکان)، (زڕ باوک)، «پەیوەندی فەرانسەوی»، «دوایین نمایش» و «مش» هەموو لە سەرەتای ئەم دەیەدا ناوزەدی خەڵاتی ئۆسکار بوون.

لەم دەیەدا بەرەیەکی نوێ لە ئەکتەرەکانیش هاتنە ناو هالیوودەوە. ڕابێرت دۆنیرۆ و جەک نیکلسۆن چ لە بواری ئاڕاستە و چ لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەکتەرە کلاسیکەکان وەک کلارک گیبێل و کری گرانت جیاوازییان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧١ دا ئاکادیمی جارێکیتر یەکێک لە هەڵەکانی چاک کردەوە و ئۆسکارێکی ئیفتخاریدا بەئۆرسێن وێلز. لە هەمان ساڵدا جۆرج سی ئێسکات یەکەمین ئەکتەر بوو خەڵاتی ئۆسکاری وەرنەگرت. ئەو پێش ڕێوڕەسمەکە پەیامێکی نارد و وتبوی بەشداری تێدا ناکا و نایە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی و ڕێوڕەسمەکەی بە«ڕێژەیەکی گۆشتی ٢ سەعاتە ناوبرد».

لە ساڵی ١٩٧٢ش دا ئۆسکارێکی شانازییان دا بە«چاڕلی چاپڵین». زۆر کەس کاتی وەرگرتنی خەڵاتی چارلی چاپڵین یان پڕ هەستترین سات لە مێژووی ئۆسکار ناو دەبەن.

چاڕلی بیست ساڵ پێش ئەمە، کاتێک هەڵسوکەوتی کەوتە بەر لێکۆڵینەوە، لە ئەمریکا ڕۆیشت و کاتێک لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار گەڕاوە، درێژماوەترین چەپڵە لێدانەکان لە کاتێکتدا هەموو بەپێوە وەستابوون، چاوەڕوانی دەکرد.

تەواوی فیلمە گەورەکانی براوەی ئۆسکار لە ئەم دەیەدا وەک: «زڕباوک» بەشی یەکەم و دووهەم و «فڕین بەسەر هێلانەی ڕووخاو» (لە ئێران: شێتێک لە قەفەس ڕای کرد) جگە لە هەندێ هێشتا دەکەونە ڕیزی فیلمە کلاسیکەکانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ فیلمی «پێوە دان» (بەکایەی پۆل نیومەن و ڕابێرت فۆرد) بەسەرکەوتن

بەسەر «دیوارنیگاریی ئامریکایی» و «جێن گیر» بوو بەبراوەی ئۆسکار و سێ ساڵ دوایی، «راکی» سیلوستێر ئێستالۆنێ بەسەرکەوتنی لە «شۆفیر تاکسی»ی مارتین ئێسکۆرسیزی و «هەموو پیاوەکان سەرۆک کۆمار»ی ئالێن جیی پاکولا) خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری (جان ئاویلدسۆن) بردەوە.

جەنگی ئەستێرەکان، (جۆرج لۆکاس) باشترین و سەرکەوتووترین فیلمی ئەم دەیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا حەوت خەڵاتی ئۆسکاری لە بوارە فەننییەکاندا بردەوە بەڵام خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەریان پێی نەدا.

**دەیەی ١٩٨٠**

فیلمە باشەکانی ناوزەدی ئۆسکار لەم دەیەدا ڕادەی باشیەکەیان وەک فیلمەکانی دەیەی ١٩٧٠ نەبوون. لەم دەیەدا فیلم گەلی ئیحساسی وەک «شۆفیری بۆ خاتوو دیزیی»، «دڵ ئاوەڵێ»، (کچی کارەکەر، «لە پاڵ ئەستێری زێرین» ناوزەدی ئۆسکار کران.

بەڵام فیلمی باشی وەک «ون بوو»، «یوەک خۆی»، ڕەنگی ئەرخەوانی، جوخە، منالێنی خوایی کەهتەر LESS، «هیوا و شکۆ» و «می سی سی پی دەسوتێ»، کە ڕەنگدانەوەی ئاوێتەیەک لە هەستێکی مێژوویی و ویژدانێکی کۆمەڵایەتییان تێدا بوو، لە ناو ناوزەدەکانی ئۆسکاردا بوون.

ساڵی ١٩٨١ زیندووبوونەوەیەک بوو بۆ سینەمای بەریتانیا. داشقە ئاورینەکان لە حەوت بواردا بوون بەناوزەدی ئۆسکار و چوار جار خەڵاتی بردەوە. ساڵی دوایی «گاندی» ١١ جار بوو بەناوزەدی ئۆسکار و هەشت جار خەڵاتی بردەوە.

داشقەکانی ئاگر فیلمی پڕ بینەری ساڵی ١٩٨١ فیلمی «سورەکان»ی وارێن بیتی کە ١٢ جار بوو بەناوزەدی ئۆسکار بەڵام سێ جار براوەی خەڵات بوو کاریگەری لەسەر بوو، یەکێک لەم سێ خەڵاتە، ئۆسکاری باشترین دەرهێنەر بوو.

دوو کەس لە سەرکەوتووترین ئەکتەرەکانی ئەم دەورەیە، مێریل ئێستریپ و داستین هافمەن بۆ کایە لە فیلمی «کریمەر لە دژی کریمەر» ئۆسکاریان وەرگرت.

ئێستریپ کە دوای کاترین هێپبۆرن سەرکەوتووترین ئەکتەری ئۆسکارە، لەم دەیەدا پێنج جاری تر ناوەزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو. هافمەن لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ فیلمی تۆتسی ناوزەد کرا و لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دووهەمین ئۆسکاری باشترین ئەکتەری وەرگرت.

ئەم دەیە بەم ڕووداوە نا موبارەکە دەستی پێ کرد کە درامێکی بنەماڵەی ڕابێرت فۆرد

بەناوی «پیاوی نۆرماڵ»، ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری لە دەست شاکاری مارتین ئێسکۆرسیزی بەناوی «مانگای تووڕە» ئەستاند.

لە ساڵی ١٩٨٤ فیلمی «مرجەکانی خۆشەویستی» پێنج خەڵاتی ئۆسکاری لەوانە سێ خەڵاتی بۆ «جێیمز بروکز» وەک دەرهێنەر، ئامادەکار و نووسەری بردەوە. سەرکەوتنێک پێشتر تەنیا چوار دەرهێنەری تر وەدەستییان هێنابوو: لیئۆ مەک کرێی لە ساڵی ١٩٤٤، بیلی وایلدەر لە ساڵی ١٩٦٠، فرانسیس فۆرد کاپۆلا لە ساڵی ١٩٧٤ و جێیمز کامێرۆن لە ساڵی ١٩٧٧.

لە ساڵی ١٩٨١ ڕۆبێرت دینیرۆ کە چوار جار ناوزەدی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بووبوو تا ئەوەی ئۆسکارەکەی بۆ کایە لە چوارەمین فیلمی ئۆسکار سیزی بۆ کایە لە نەخشی جیک لاموتای مست ژەن لە فیلمی «یمانگای تورە»ی وەرگرت.

جەک نیکۆلسیوون هەر وا خۆشەویستی ئاکادیمی بوو و هەوەڵین ئەکتەر بوو کە دوای وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئۆسکار (لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ فیلمی فڕین بەسەر هێلانەی ڕووخاو) لە ساڵی ١٩٨٤ (بۆ فیلمی «مەرجەکانی خۆشەویستی» ئۆسکاری نەخشی باشترین ئەکتەری تەواوکەری وەرگرت.

**دەیەی ١٩٩٠**

ئەم دەیە بۆ سینەمای بەریتانیا پڕ لە کار بوو. لە ماوەی حەوت ساڵدا نۆ فیلمی بەریتانیایی لە وانە: «فول مانتی»، «چوار زەماوەند و بەخاک ئەسپاردنێک»، «رازەکان و درۆکان» و کایەی «گریستێن» ناوزەدی وەرگگرتنی ئۆسکار کرابوون.

لە ساڵی ١٩٩٩ «شکسپیەری عاشق» خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بردەوە و «نەجاتی سەرباز ڕایان»ی بێ ئاکام کرد.

ئەگەرچی مێژووی ئۆسکار پڕە لە گلەیی لەم شێوەیە بەڵام پڕوپاگەندەی کۆمپانیای سپانسێری «شێکسپیەری عاشق» بۆ وەدەستهێنانی ئۆسکار لەم بوارەدا کێبڕکێیەکەی گەیاندبووە ئاستێک لە خوارەوە. بەم جۆرە بەدوای ئەمەوە پڕوپاگەندەیی زۆر بۆ وەدەستهێنانی ئۆسکار زیاتر بۆ بەقاعیدە تاکو تایبەتمەندی.

لە ساڵی ١٩٩١ کویین کاستێر بەفیلمی «لەگەڵ گورگەکان سەما دەکا» کە ئۆسکاری باشترین فیلمی وەرگرت، دووبارە ژیانەوەی جۆری وێسترین ساز کرد. لەبەر خۆشەویستی «جۆری وێسترێن» کە ئۆسکاری باشترین فیلمی بردەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ فیلمی

هەواڵنامەی کتێب

«نەبەخشراو» کلینت ئیستوود سێیەمن وێسترێنێک بوو کە ئۆسکاری وەرگرت.

مارتین ئێسکۆرسیزی لە دەیەی ۱۹۹۰یش لە بەرچاو نەگیراوە. دەرهێنەری «دۆستە باشەکان» ئەمجارە خەڵاتەکەی بە«کویین کاستنێر»دا. ئێستیوێن ئیسپیلبێرگ لانیکەم لە بواری ماڵیدا سەرکەوتووترین دەرهێنەری سینەما دەژمێردرێ و تاکو لە ساڵی ۱۹۹٤ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بۆ «پێرستی شیندلێر»ی وەرگرت. ئەم فیلمە لە ۱۲ بواردا ناوەزەدی ئۆسکار بوو و حەوت خەڵاتی وەرگرت و ڕای زۆر کەسی کە پێیان وابوو ئێسپیلبێرگ تەنیا دەتوانێ فیلمی عامییانە و گشتی ساز بکات، گۆڕی.

تام هێنکس خۆی وەک ئێسپێنسێر تریسی بەرەی خۆی ناساند. ئەو لەم دەیەدا دوو ئۆسکاری وەرگرت. جارێک لە ساڵی ۱۹۹٤ بۆ فیلمی «فیلادێلفیا» و جارێکیش لە ساڵی ۱۹۹۵ بۆ فیلمی «فارست گامپ».

لە ساڵی ۱۹۹۷ ئەو کاتەی هیچ یەک لە کۆمپانیا گەورەکانی هالیوود لە سەرەتادا ناوی فیلمەکانیان لەگەڵ ناوزەدەکانی ئۆسکاردا نەبوو، فیلمی «نەخۆشی ئینگلیزی»ی ئانتۆنی مینگلا مەترەح بوو، بەڵام هەم دیسان براوە هالیوود بوو.

ساڵی دواتر، «تایتانیک» کە هالیوودیترین فیلمی جیهانە، ئۆسکارەکانی یەک بەدوای یەکدا دەبردەوە. ئەم فیلمە لە ١٤ بواردا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو و ١١ ئۆسکاریانی بردەوە، ڕێک وەک ئۆسکارەکانی «بێن هوور».

ئاکادیمی هێشتاش حەزی لە فیلمە مێژوویی و حەماسییەکان دەکرد. «دلاوەر»ی مێل گیبسۆن لە ساڵی ۱۹۹٦ ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری وەرگرت.

### لە دوای ۲۰۰۰ەوە

سەدەی نوێ کاتی هاتنە مەیدانی تەسویرسازییە کۆمپیوتەرییەکان بوو. ئەم تەکنیکە ئەم بروا بەخۆ بوونەی دا بەئیستۆدیۆکاندا تا بۆ جارێکی تر ڕوو بکەنە فیلمگەلی گەورە و حەماسی وەک: سێ دانەیی «ئەربابی حەڵقەکان» و «گلادیاتۆر».

سەنعەتی فیلمی بالیوودیش ڕوو لە گەشان بوو و فیلمی وەک «لاگان» و «داوداس» بینەری غەربییان هەبوو. لە ڕێوڕەسمی ئۆسکاری ساڵی ۲۰۰۱ ئەو کاتەی گلادیاتۆر خەڵاتەکانی بردەوە، ڕیدلی ئێسکات بیرەوەری «بێن هوور»ی زیندوو کردەوە. ئەم فیلمە لە ۱۲ بواردا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار کرابوو و پێنج ئۆسکاری وەرگرت، لەوانە ئۆسکاری باشترین فیلم و باشترین ئەکتەری (راسێل کرو) بەڵام خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ

ئێسکات نەبوو و درا بەئێستیوێن سودێربێرگ لەبەر فیلمی «قاچاغ».

«بەبر خیزان»، «ئەژدیهای شاراوە»، سەرکەوتووترین فیلمی مێژوو بوون کە زمانەکەیان ئینگلیزی نەبوو، لە وەرگرتنی ئۆسکاریش نیزیک بوو بەڵام لە فیلمی «گلادیاتۆر»، لەبەر ئەوەی حەماسەیەکی سوننەتی تری بوو شکستی خوارد.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا هال بری وەک یەکەمین ژنی ڕەشپێست کە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت، مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کرد. لە هەمان ڕێوڕەسمدا، دێنزێل واشینگتۆن دووهەمین ڕەشپێستی براوەی ئۆسکار خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی وەرگرت و سیدنی پواتییە یەکەمین ڕەشپێستی براوەی ئۆسکار، خەڵاتێکی شانازیی وەرگرت.

خەڵاتەکانی ئەکتەری کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر سەرکەوتنەکانی فیلمی «زەینی جوان»ی ڕان هاوارد بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ فیلمی «شیکاگۆ» دوای وەرگرتنی شەش ئۆسکار نیشاندەری گەڕانەوەی فیلمە مۆزیکاڵەکان بوو. سێ دانەیی «ئەربابی حەڵقەکان»یش لە گیشەدا سەرکەوتوو بوو بەڵام ئاکادیمی لە سەرەتادا ڕاوستا تاکو هەر سێ فیلمەکە تەواو بن.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا «گەڕانەوەی پاشا» تەواوی خەڵاتەکانی لەو ١١ خەڵاتەی دیاری کرابوون بردەوە و لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم و دەرهێنەری (پیتێر جەکسۆن). دوو فیلمی پێشووی ئەم سێ دانەییە لە ساڵەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ سەرکەوتنی زۆریان نەبوو و لەو ١٩ ئۆسکارەی ناوزەدی کرابوو ٦ ئۆسکاریان بردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا شوون پێن خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری پیاوی بۆ کایەکردن لە فیلمی «ڕووباری نەناسراو» وەرگرت و شارلیز ترۆن لە بۆ کایە کردنی لە نەخشی قاتڵێک لە فیلمی «دێوەزمە» ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا فیلمی «کچی ملیۆن دۆلاری» دەرهێنانی کلینەت ئیستوود، ئەکتەر و دەرهێنەری ئەمریکایی، ئۆسکاری باشترین فیلمی وەرگرت. ئەم فیلمە لە حەوت بەشدا ناوزەدی وەرگرتنی ئۆسکار بوو، خەڵاتەکانی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنەری وەدەستهێنا و هیلاری سووانک و مۆرگان فریمەن ئەکتەری ڕەشپێستی ئەمریکایی، لەبەر کایەکردن لەم فیلمەدا بەزیز خەڵاتی باشترین ئەکتەری نەخش یەکەمی ژن و باشترین ئەکتەری تەواوکەری پیاویان وەدەستهێنا.



### عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# پەشیمان نیم لەو خەباتەی کە کردوومە، وەلێ زۆر پەشیمانم لەو زوڵمەی لە شیعرم کردووە

سازدانی : حەمەسەعید زەنگەنە

هەواڵنامەی کتێب

مەشخەڵ هەر لە منداڵییەوە هەستی بە جۆرە ئەوینێک لەگەڵ شیعردا کردووە. لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنیدا قوتابییەک بووە کەمامۆستاکان بەردەوام داوایان لێکردووە شیعر و هەڵبەستیان بۆ بخوێنێتەوە. مەشخەڵ زۆربەی شیعرەکانی نێو کتێبەکانی قوتابخانەی ئەزبەرکردبوون. ئەم ئەوینە لەلایەن خانەوادە هەژارەکەیەوە لەبەر دەستکورتیی هیچ پاڵپشتییەکی لێوە نەکراوە. بۆیە هەر دەگاتە تەمەنێکی (١٥) ساڵی کە توانای کارکردنی تێدا سەرهەڵدەدا، لەگەڵ بەدەستهێنانی ڕۆژانەی کرێکاری دەکەوێتە شوێن خولیا و ئارەزووی و کڕینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکانی ئەوکات و خوێندنەوەیان. مەشخەڵ تا دەهات عەشقی کتێب زیاتر بە ناخیا ڕۆدەچوو. ئاواتی مەشخەڵ خوێندنی زمان وئەدەبیاتی کوردی بوو لە زانکۆ لێ نە زروفی سیاسی و نە سیستمی خوێندن و قبوڵ یارمەتیدەری وەدیهاتنی ئەم خەونەی نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەناچاری درێژە بە خوێندن دەدا تا پەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکووک تەواو دەکات. مەشخەڵ لە بەرایی

هەشتاکانەوە غەزەبی شیعر دەیگرێتەوە و دەست دەکات بە شیعر نوسین. لە ١٩٨٣وە دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعر دەکات و لە ساڵی ١٩٨٤دا کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (هاوارێک بۆ ڕاپەڕین) لە دەزگای سانسۆری بەعس ڕەت دەکرێتەوە ئەمەش نەک هەر ساردی ناکاتەوە  بەڵکو لەوساوە تا ئەمڕۆ بەبەردەوامی شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی نێوخۆی کوردستان و هەندەران بڵاودەکاتەوە، مەشخەڵ خاوەنی چەندین کتێبە لەبوارێن: شیعر و وەرگێڕان و ١٣ ساڵیشە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت. لە میانی ئەم سەردانەی دواییدا بۆ کوردستان لە کەرکووک (کۆواری نەوشەفەق) پێی باش بوو لە نزیکەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز بدات.

**کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەمان سازدا مەرج ئەوە بوو، کە دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکان بە زمانی کوردی ئەو شیعرانە بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن و بخوێنرێنەوە**

*** بەرایی پێمباشە باسێکی سەردەمی منداڵیت و دواتر هەرزەیی و ڤێجا ئالودەبوونت بە دنیای ئەدەب و ڕووناکبیری و هەڵسوکەوتت وێڕای ئەدیبان و ڕەوشی ئەوسای شاری کەرکووک بکەیت.**

هەواڵنامەی کتێب

– سەردەمی منالی من وەک هەر منالێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە، بەدەر نییە لە ترس و شەرم. شەرم لە هەموو شتێکی تازە ونوێ، ئاخر منداڵ لە کۆمەڵگەی غەداری ئێمەدا خاوەنی کەسێتی خۆی نییە، ڕێزی لێناگیرێ و دوا جاریش هەوڵ نادرێت برەو بە بەهرەکانی بدرێت. کە کۆمەڵگەی ئێمە بەم شێوەیە منداڵ پەروەردە بکات، ئاخۆ دەبێ من بەدەر بم لەم هاوکێشەیە؟. نەمامی منالی من لە نێو ئەم کەشوهەوایە چێنرا و پێگەیی. هەرزەیشم نەبینیوە. ئاخر نەوەی ئێمە نەوەیەکی نەگبەتی خێر لە خۆ نەدیو، لە نێو هەردوو بەرداشی سیاسەتکردن و کارکردن بۆ یارمەتی دانی خانەوادەکانمان هاڕڕاین. بۆیە ئەوەی گەنجێک کە دەبێ هەیبێ و چێژی لێببینێ من لێیان بێبەش بووم. سەردەمی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەردەمی هەرزەیی من بوو، کە سەردەمی سیاسەتکردن و ئاوێزان بوونی

**پڕ ڕەونەقترین باڵەخانەی یەکێتی نووسەران، دەبوایە یەکێتی نووسەرانی کەرکووک بوایە**

سیاسەت و ژیان بوو. لەو سەردەمە خەوشێکی گەورە بوو ئەگەر هەڵوێستت سەبارەت بە زوڵمی نەتەوەیی نەبوایە. جا ئەم هەڵوێست نواندنەش خۆڕۆشنبیرکردنی گەرەک بوو. بۆیە ئێمەی تینووی سیاسەت و ئازادی هەموو شتێکمان ئەقۆزتەوە، کە بۆنی مەسەلەی ئازادی لێوە بهاتایە. ئەدەبی حەفتاکانیش کە بناغەکەی ڕوانگەییەکان دایان نابوو، لێوانلێو بوو لە جۆشدانی ئەو ڕوحییەتە شۆڕشگێڕانەیە. دەیەی حەفتاکان بۆ منێکی هەرزەکار دەیەی لەبەر یەکترازاندنی سیاسەت و ژیان بوو. بۆیە لەو هەلومەرجەدا نووسەران و هونەرمەندانی کەرکووک و ئەوانەی ئەهلی کتێب بوون لە ژێر چەتری بەگژاچوونەوەی ڕژێمی بەعس کۆببوینەوە بە چاوپۆشین لەوەی چ بیروباوەڕێکی سیاسیمان هەبوو. نەوەی ئێمە «نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و تاریق کارێزی و ئاشتی مەهدی و فەلاح عومەر و زەمان کاکەیی و مەحەمەد ساڵەیی و ئازاد هۆشمەند و عەبدولستار شوانی و... تاد» بووین کە ڕۆژانە یەکترمان دەبینی و قسە و باسی ئەدەبی و هونەری و تەنانەت سیاسیشمان دەکرد. ڕەوشی ئەوسای بزوتنەوەی ئەدەبی لە کەرکووک بە تایبەتی نەبوونی هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی ئەدەبی لەچەشنی یەکێتی نووسەران ئێمەی ناچار کردبوو زۆربەی جار یان لە شەقامی جمهوری و دەوروبەری کتێبخانەی ئاسۆ یان لە (گازینۆی شموع) دابنیشین. ئەو ساڵانە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری لە کەرکووک خنکێنرابوو. ڕژێمی بەعس بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری کوردی کە بۆنی بەرگری و نارەزایەتی لێوە بهاتایە لەو شارەدا ئەنجام بدرێت. بەعس لەو ساڵانەدا پیاوێکی جێ متمانەی خۆی وەک ڕوشد زوبیدی کردبوە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە ئامادە نەبوو مۆڵەت بدات، کۆڕێکی شیعریی بە زمانی کوردی لەو شارە ساز بکرێت. ئێمە کە لەساڵی ١٩٨٥ دا کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەمان سازدا مەرج ئەوە بوو، کە دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکان بە زمانی کوردی ئەو شیعرانە بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن و بخوێنرێنەوە. جا بەحوکمی هەلومەرجی سیاسی ئەوسای عێراق و پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە کەرکووک دوچاری لەبەریەکترازان و پارچە پارچە بوون هات و نووسەران و هونەرمەندان هەریەک کەوتنە جێگایەکەوە و تا ئێستاش نەیانتوانیوە بە پێی پێویست خۆ کۆبکەنەوە، کە بەبڕوای من دەسەڵاتی کوردی دەبوایە، وەک وەفایەک بۆ هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی ئەو شارە، بایەخی زۆر مەزنیان بدایە بە کەرکووک و پڕ ڕەونەقترین باڵەخانەی یەکێتی نووسەران، دەبوایە یەکێتی نووسەرانی کەرکووک بوایە، نەک ئەودوو ژوورەی بارەگای یەکێتی نووسەرانی کەرکووک کەهەر دەچیتە ژوورەوە گریانت بۆیان دێ لەبەر چۆڵی و بێ خزمەتی و بێ ئیمکاناتی.

**× دەمێ تۆ بەرەو هەندەران چوویت، نووسەرگەلێکی زۆر رووە و چیا پێنگاڤیان ناو دواتر یەکێتیی نووسەرانی کوردی لێبەرهەم هات، تۆ بۆچی هەندەرانت هەڵبژارد ئایا هۆکارێکی ئایدۆلۆژی لە پشت هەڵبژاردنەکەتەوە هەبوو؟**

– پێم وابێ چوونی من بۆ هەندەران زۆر لەو مێژووە درەنگترە، کە ناوەڕۆکی پرسیارەکەی جەنابتان پێکدەهێنێت. چونکە چەند ساڵ دوای پێکهاتنی یەکێتیی نووسەران، بە قەولی ئێوە بەرەو هەندەران چووم. من کەرکووکم لە ١٩٨٦ وە بەجێ هێشت، بەڵام لە ١٩٩٤ چووم بۆ هەندەران. دیارە لەمەشیاندا هەر بەر شاڵاوی کۆچ کەوتم. هەرچەندە چوونم بۆ هەندەران هۆکاری ئایدیۆلۆژیشی لەپشتەوە هەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە نووسەر و شاعیر هەرکاتێک ڤایرۆسی تەحەزوب لێیدا ئەوا بەهرە و سەلیقەی هونەری و جوانناسی بەرەو دڕامان و پوکانەوە دەچێ. منیش یەکێک بووم لەو قوربانیانەی کۆمەڵگە حیزبییەی خۆمان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوونم بۆ هەندەران دوو دەستکەوتی گەورەی تێدا بوو بۆ من:

یەک: ئاشنابوونم بە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی

دوو: ئاشتبوونەوەم لەگەڵ شیعر

کاتێک تاراوگەم کردە نیشتمان ئیتر حیزبم تەڵاق دا و ڕوومکردەوە جوانی و شیعر. تاراوگە بۆ من مانایەکی ڕۆحی گەورەی بەخشییە شیعرەکانم و بیرکردنەوەم. تەواوی پێناسەی ژیانی لا گۆڕیم و ئیتر کەرەسەی شیعریم گۆڕا و ڕەهەندی نوسینم ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. تاراوگە توانی منداڵیم لا بژێنێتەوە و کێرڤی پەرۆشی گەڕانەوەم بۆ منداڵی و ڕابردوو بباتە سەر. تاراوگە توانی نیشتمانی خەونەکانم فراوان بکاتەوە و مەودای نێوان من و نیشتمان کەمتر بکاتەوە. تاراوگە بۆ من بوو بە نیشتمانی دووەم، بوو بە خەونی شیعر. لە تاراوگەوە ڕۆژانە خەون بە نیشتمانی ماندوومەوە ئەبینم. لەوێوە بە پەلک و گەڵای ڕۆحم باوەشێنی دەموچاوی ئارەقاوی نیشتمان ئەکەم. باوەڕ بکەن یان نا گەورەترین ترسێک کە هەمە گۆڕ غەریب بوونمە، من لام ڕوونە دووایین ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی نەوەکانم و کلتوری کوردیم،، من دوا لاپەڕەی ئەلبومێکی پڕ لە یادم بۆ شیعر وکەرکووک. بەڵێ تاراوگە جەستەی شیعر و ڕۆحی نوسینمی خستە ژێر سێبەری دەستەمۆ بوونەوە. تا نەهاتمە تاراوگە نەمدەزانی کێشە و ئازاری دووری زێد و نیشتمان چەند بە سوێیە. تا نەهاتمە هەندەران قەت نیشتمانم ئاوا خۆشنەدەویست. تاراوگە برینێکە بەسەر ژیانمەوە و تازە بێ ئەویش هەڵناکەم.

*** ئەو کاتی تۆ گەیشتیتە هەندەران، بزاوی ڕۆشنبیری و جموجۆڵی کوردان لەوێندەر چۆن بوو؟ ئایە ڕێکخراوێ یا سەنتەرێ یا گروپێک هەبوو جموجۆڵ و چالاکییەکانتان یەکخا؟**

– من له ساڵی ١٩٩٥ گەیشتمە کەنەدا و لەشاری ڤانکۆڤەر نیشتەجێ بووم، جالیەی کوردی لە هەموو کەنەدا و، بە بریتیش کۆڵۆمبیاوە زۆر کەم دەست بوو لە بواری بایەخدان بە کلتور و فەرهەنگی کوردی. کەنەدا خاوەنی کلتورێکی تایبەت نییە، وڵاتێکی فرە کلتورییە و زیاتر لە ١٥٠ ڕەوەندی جیاواز بە ١٥٠زمانی جیاواز و بە ١٥٠کلتوری جیاوازەوە لە ژێر یەک سیستەمی سیاسی و ئیداریدا دەژین. هەر ڕەوەندێکیش خەریکی چالاکی فەرهەنگی و کلتوری خۆیەتی. کوردیش یەکێکە لەو ڕەوەندانە. بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە ڕەوەندی کوردی چەند ساڵێک بوو لە کەنەدا گیرسابوەوە و تازە بوو. بۆیە مەسەلەی بزاڤی ڕۆشنبیری زۆر زۆر لاوازبوو. هیچ ڕێکخراوێک یان سەنتەرێک یان گروپێک نەبووە تا خەمی ڕۆشنبیری کوردی هەبێ. ئەوەی هەبوو ململانێی لایەنە سیاسیەکان بوو، کە لە باشترین حاڵەتدا جالیەی کوردی توشی ئیفلیجی کردبوو. ئێستاشی لەگەڵ بێت لەو پارێزگایەی تێیدا دەژیم ڕەهەندی کوردی نەیتوانیوە سەروسیما بە خۆی بدات و، مەڵبەندێکی هەبێت بۆ چالاکی هونەری و فەرهەنگی. ڕەوەندی کوردی لەکەنەدا لەسەرەتای هەنگاونانییەتی بۆ سەرو سیما بەخۆدان، تازە خەریکە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆی دەهاوێ. ڕەوەندی کوردی ئەوەندەی پابەندی سیاسەت و ململانێی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بووە(یەک لە دەی ئەوە) پابەندی خزمەتکردنی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی نەبووە. بۆیە ئەگەر ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا تەکانێکی بەخۆی دابێ ئەوا لە کەنەدا هێشتا لەسەرەتای خۆڕێکخستندایە.

*** قۆناغی هەشتایەکان و پاشتریش زۆربەی شیعرەکان شیعری بەرگری و حەماسی بوون و گوزارشتیان لە خەبات و بەرخودان و بە گژداچوونەوەی زۆر و ستەمی دەسەڵاتدا دەکرد، ئایا نازناوی مەشخەڵ هیچ ئایدۆلۆژییەکی بە شیعرەکانت دەبەخشی؟ یا بەواتەکی دی هیچ وا بەستەییەکی ڕۆحی لە میانەی هۆزانەکانت و ناز نێوەکەتدا هەبوون؟**

– بەڵێ من ناوی (مەشخەڵ) م لەو یەکانگیر و ئاوێتە بوونەی شیعر و سیاسەتدا بۆ ماوەتەوە و شانازیشی پێوە ئەکەم. (مەشخەڵ) بۆ من مانای بەرەنگاربوونەوەیە، مانای لایەنگیری هەژار و زەحمەتکێشی کوردستانە. مانای سەروەری خەباتمە دژ بە دەسەڵات و مانای تێکۆشانە بۆ ئازادی. ئیتر نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بۆ من بەخشینی شیعر بوو بە ئایدۆلۆژیای چەپ. بەم بەخشینەش من و شیعر هەردووکمان زەرەرمەند بووین. شیعر زەرەری کرد چونکە لە جوانی بەتاڵ دەکرایەوە ومنیش زەرەرمەندبووم چونکە لە شیعر دووردەکەوتمەوە و شیعرم دەکردە قوربانی سیاسەت. هەر ٣ نامیلکەی (چرای شۆڕش، چاوم لێیە، چەند گۆرانییەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە) و هەروەها تەواوی بەرهەمە شیعریەکانم لە گۆڤاری (ڕابەر) و (هانا)

دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە چۆن ڕۆحی شیعرم لە قەفەسی سیاسەتدا زیندانی کردبوو. من پەشیمان نیم لەو خەباتەی کە کردوومە، وەلێ زۆر پەشیمانم لەو زوڵمەی لە شیعرم کردووە. من لەو سەردەمەدا تواناو بەهرەی شیعری خۆم دوچاری جۆرێک لە ژاکین کرد و لە بری گەڕان بە شوێن ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئەزموونی شیعریم، شیعرم وێڵتر دەکرد و بێبایەختر دەمڕوانییە شیعر. کاتێکیش کەئاشتبوومەوە لەگەڵ شیعر ئەوسا دەرکم بەوە کرد کە چ ئینێرژی و وزەیەکم بە خۆڕایی چووە. ئەوکات هەستم کرد کە ئەگەر نەبوومایە بە کۆیلەی حیزب دەمتوانی دەقی جوانتر و ئیشی باشتر ئەنجام بدەم. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو قۆناغە ئەزموونێک بوو لە ژیانی ئەدەبی و سیاسیم ئەو وانەیەی لێوە فێربووم کە شیعرم زۆر لەجاران زیاتر خۆشتربوێ و نەهێڵم جارێکی دی هیچ کەلێنێک بکەوێتە نێوان من و شیعر. دووبارەی دەکەمەوە من هەرگیز حاشا لەو مێژووە ناکەم چونکە بەشێکە لە باکگراوندی من و مێژووی ئەدەبی من. ئیتر لەو پێودانگەوە (مەشخەڵ) ئەوناوە نهێنییە بوو، کە سەرجەم چالاکییە ئەدەبییەکانمی لەخۆدا کۆکردبوەوە.

**شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین دەروازەیەکی گەورەی بۆ کرایەوە**

*** لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەدەب و ڕۆشەنبیری لۆقەیەکی پێوە دیارە! بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێش خۆیەوە، تۆ وەکو هۆزانڤانێک، خوێندنەوەت بۆ ئاستی ئەمڕۆی شیعری کوردی چییە؟ هەست ناکەیت زۆر و بۆرییەکی پێوە دیارە؟**

**ئەو زۆروبۆرییەی بڵاوکردنەوەیە مانای ئازادی نابەخشێت ئەوەندەی زیان لە ئازادی دەدات**

– جارێ ئەگەر بە پێش فەرز ئەوە وەربگرین کە ڕاپەڕینەکە بزوتنەوەی شیعری کوردی دەکاتە دوو قۆناغەوە، ئەوە بە بڕوای من شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین دەروازەیەکی گەورەی بۆ کرایەوە و، توانی هەناسەیەکی باش بدات. شیعری کوردی دەتوانین بڵێین، تا ئاستێک لە پێشڕەویدایە،. بۆ خوێندنەوەی ئاستی ئەمڕۆی شیعری کوردی، پێویستە بە وردی ڕاڤە بۆ

شیعر بکرێت ( سیفەتی فرە ڕەهەندی،فرە مانایی دەق، زمان، مەسەلەی لۆکاڵبوون، بەزاتی بوونەوە و.. تاد) کە ئەمە بە بڕوای من لە ڕابردووی شیعری کوردی یان لە قۆناغەکانی بەر لە ڕاپەڕین مانایەکی نەبووە و لێکهەڵپێکرانی شیعر و سیاسەت باو بووە. ئەو دەنگە جیدیانەی کەبەر لە ڕاپەڕینیش جێ پەنجەیان بە شیعری کوردییەوە دیاربوو، توانیان تەکانێکی باش بە بزووتنەوەی شیعری کوردی بدەن و لەژێر تەپوتۆزی لەجێی خۆ وەستان دەرکێشن و هەتا ئەمڕۆش ئەوکاروانە تا دێت دەنگی زیاتر ی پێوە پەیوەست دەبێت. لەلایەکی تریشەوە لێشاوێک لە بڵاوکردنەوە و خستنە بازڕای شیعر هەیە، کە بێجگە لە ناشیرین کردنی شیعر هیچی تری لێ شین نابێت. ئەو زۆروبۆریەی بڵاوکردنەوەیە مانای ئازادی نابەخشێت ئەوەندەی زیان لە ئازادی دەدات. هەروەها لێرەدا پێویستە دوو قسەش لە  ئازادی و سانسۆر بکرێت و ڕۆڵی غیابی ڕەخنەشمان لەبەر چاو بێت. سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من یڕوام بە ئازادی  بڵاوکردنەوە وچاپەمەنی هەیە، وە لە هەمان کاتیشدا بڕوام بە ڕێگەگرتنە لەو زۆر و بۆرییە و پاشاگەردانییەی شیعر. ئێمە شاعیری چاکمان هەیە و دەنگی شیعری جیدیشمان هەیە بەڵام لەنێو هەرا و تەپوتۆزی ئەم زۆری و بۆریەدا خەریکن ون ئەبن! باوەڕ ناکەم هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگایەکی چاپەمەنی لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمیان هەبێت. بەرهەم ( شیعر) بە پێی میزاجی سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نوسین وەیان لە خراپترین حاڵتدا لەبەر خاتر و خاترۆکێ بڵاو دەکرێنەوە و هەروەها ئەو ڕەخنەگرانەش کە جەنگاوەری ڕێگای وشەی کوردین و خەمخۆری بزووتنەوەی شیعری کوردین دەبێت لەم بار و دۆخەدا پەیامە ئەدەبی و مێژووییەکەیان بە جێبهێنن و هیچ کەمتەرخەمییەک نەنوێنن لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەیان. ڕۆشنبیرانی کورد و ڕەخنەگرە چالاکە مۆدێرنەکان پێویستە لە هەمبەر ئەم هەلومەرجە دژوارە بزووتنەوەی شیعری کوردی هەڵوێستی جیددیان هەبێت.

*** بەو پێیەی کە ئەنگۆ لە کەنەدان و خۆشتان شاعیرن و شیعریش وەردەگێڕن لە گوینە زۆرتر ئاگادارین، ئایە شیعری کوردی بە بەراورد وێڕای شیعری جیهانی لە چ ئاستێکدایە؟**

– جارێ پێش هەموو شتێک شیعری جیهانی !! ئەمە کێیە ئاگای لە شیعری جیهانی هەیە؟ باوەڕ ناکەم هیچ مرۆڤێک هەبێت ئاگای لە شیعری جیهانی بێت، یان ئاگای لە بزوتنەوەی ئەدەبی جیهان هەبێت. ئێمە بە خوێندنەوەی چەندشیعرێکی وەرگێڕدراوی ئیتالی یان یۆنانی یان مەکسیکی ئیتر شارەزایی ئەوە پەیدا دەکەین، کە ئاستی شیعری جیهانی دیاری بکەین؟ نەخێر. دیاری کردنی ئاستی شیعری هەر میللەتێک پێویستی بە قوڵبوونەوە و تێگەیشتن هەیە، لە قۆناغ وئەزمونەکانی شیعری ئەومیللەتە. پێویستی بە ناسینی کۆسپ وتەگەرەکانی  بەردەم



گەشـەسـەندنی هـەیە. پێـویستی بەخوێندنەوەیـەکی ڕەخنەگرانەی ورد هـەیە لە ئاسـتـە جیاوازەکان. بۆیە هـەر بڕیارێک لەم بارەیەوە دەبێت زەمـینە سـازییـەکی باشی بـۆ بکرێت. لێرەوە بەپێـویسـتی ئەزانم ئەوە بڵـێم کـە نەک هـەر من بەڵکو هـیچ کەسـێک نییـە لە دونیـا بتـوانێت وەڵامی ئەم پرسـیارەی جـەنابتـان بداتەوە. بۆیە و بەناچاری  دەبێ پرسیارەکە بەم شێوەیە لێبکەین:  ئایا شیعری کـوردی لە ئاسـتـێکدایە بتـوانێت سـیـمـای جـیـهـانـی بوونی هـەبێت؟ئێمە میللەتێکین هـەمیشە خـۆمان بە کـەمتر، نەزانتر لە مـیللـەتانی تر زانـیـوە. ئـەم دیدگـا ناهـەمـوارە بۆتە بـەشـێک لە سـایکۆلۆژییـەتی کـورد کـە بەبڕوای مـن پەروەردەی سـیـاسی دەسـەڵات بەش بەحـاڵی خۆی ئیشی باشی لەسـەر ئەم تەوەرە کـردووە. بەهـەرحـاڵ من بە پێچـەوانەی هـەموو ئەوانەی کـە دەڵێن وەڵامی ئـەم پرسـیـارە گـران و قـورسـە. دەڵێم هـەر چاودێرێک (ڕاڤـەکـارێک) لە خـیـلالی خـوێندنەوەی خـۆی بۆ بزوتنـەوەی شیعری کوردی و بەپێی ئەو شارەزاییەی کە هـەیەتی لە زمانێک یان زیاتری جیهانی دەتوانێت تێڕوانینی ڕێژەیی خۆی دەربڕێت. شـیـعری ئینگلیزی خاوەن بناغـەیەکی زیاتر بـە ١٥٠٠ ساڵە و کـەچی شـاعیریشیـان هـەیە ناوی لە ئەنسـۆلۆژیای ئەدەبیدایە و شیعرەکانیشیان زۆر بەهێز نین. ئەمە لە لایەک و لەلایەکی ترەوە چەندین شـاعیری کوردیشـمـان هـەن شـیـعری جوان و بەرزیان هـەیە کـە خـاوەنی سـیـمـای جـیـهـانین وەکـو"شـێـرکـۆ بێکەس، بەختیار عەلی، دلاوەر قەرەداغی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، قوبادی جـەلیـزادە و تاد"و کـەچی تا ئێـسـتـاش بـەرهـەمـەکـانیـان وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان. بۆیە ئەستەم نییـە ئەگەر بڵـێین شیـعری نوێی کـوردی لەسـەر دەسـتی شاعیـرە داهێنەرەکان  هەڵگری سیفات و تایبەتمەندی جیهانییە.




*** شـیـعـرێکی جـوانی لێـریکیت بۆ کـەرکووک نـووسـیـبـوو لە ڕۆژنامـەی سـێـبـەر بڵاو بووەوە لـەبەر ڕووناکی ئەو شـیـعـرەدا**

**پێمباشـە ئەو پرسـیارەت لێبکەم کە تایبـەتمەندییـەکانی ئەو ستایلە شیـعرە چییـە و چۆن جیا دەکرێتەوە و ئایا ئەم شێوازە شیعرە بەهرە و سەلیقەی تایبەتی گەرەکە؟**

– شـیـعـری لیرکی یان شـیـعـری گـۆرانی هـەر لە ناوەکـەیەوە دیارە، کە بۆ مەبەسـتی گـۆرانی دەنوسرێت. ئامانج لێی وەسـەر زار خستنی عیشقێکی تایبەتە جا ئەو عیشقە کۆمەڵایەتی بێت یان سیـاسی. تایبـەتمەندییـەکانی ئەم سـتـایڵـەش بریتین لەبێ گـرێوگـۆڵیی زمـان و سـفـتی دڕاشـتن و ڕۆشنی و کـورتی و هەڵگری هارمـۆنیـایەکی مـۆسـیقی بەهـێز، تاکو هـەسـتی گـوێگر یان بیـسـەر بوروژێنـێ. ئەم شـیـعـرە لیـرکـییـەی من (گـۆرانی کەرکووک) ڕێک بەرجەسـتە کـردنەوەی عیشـقێکە کـەبۆ من بۆتە مـەسـەلەیـەکی ڕوحی گـرنگی و ناکـرێت وەک شـاعـیـرێک بێ هەڵوێست بم لە ئاسـتـیـا لە کـاتێکدا گـەوهـەریتـرین ڕۆژەکـانی ژیانم لە شارێکدا بەسـەر بردووە و دونیـایەک یادەوەریم لەنێـو کوچە و کۆڵانەکانیدا بەجێمـاوە. شارێک کـە ئەمـڕۆ بۆ من بۆتە مـەسـەلەیەکی ڕوحی و ویژدانیی. ئەم سـتـایڵـە ئەوە لە شـاعـیر دەخـوازێت کـە بـە ووردی حیـسـاب بۆ کـێـشی شـیـعـر بکات و مـۆسـیـقـای شـیـعـرەکـە لەیەک تۆندا ڕابگـرێت، و هـەروەها دەبێت شاعیر وشـەی ئاوازدار و پڕ مۆسـیقی بۆ شوێنی شیاوی خۆیان بدۆزێتـەوە و ئامـادەیان بکات. لە (گـۆرانی کـەرکـووک) دا پەیوەندی نێـوان من و سـروشت پچـڕاوە و لە جـێگـەیدا من و شـیـعـر لە بۆتـەی عـەشـقـێکدا بـەیەک دەگـەین. شـێـوازی دەربڕینـەکـەشـم درێژەی هـەمـان ئەو شـێـوازە شـیـعـرییـەیە کـە پێشتر شیعری کوردی پێی خۆی لەسەر قایم کردبوو.

**دیاری کردنی ئاستی شیعری هەر میللەتێک پێویستی بە قوڵبوونەوە و تێگەیشتن هەیە**

**شیعری ئینگلیزی خاوەن بناغەیەکی زیاتر بە ١٥٠٠ ساڵە و کەچی شاعیریشیان هەیە ناوی لە ئەنسۆلۆژیای ئەدەبیدایە و شیعرەکانیشیان زۆر**

*** جـیـهـانی ئـەدەبی منداڵان جـیـهـانێکی تـایبـەتـە، تۆ وەک نووسـەرێک لەو بوارەدا، پێت وایە ئەو تایبـەتمـەندیانە چین، کـە دەبێت لە نووسـینی بەرهـەمی منداڵاندا ڕەچاو بکرێت، هـەروەها تۆ لەم گـەڕانەوەیەت بۆ کـوردسـتـان، هێندەی بەرچاوت کـەوتبێ**

**هەست دەكەیت كار بۆ منداڵان كرابێت؟**

– پێش هەمووشتێک حەزدەکەم ئاماژە بەوە بدەم، کە من هیچ بەشدارییەکم نییە لە نووسینی ئەدەبی منداڵان و بەداخەوە نەمتوانیوە لەم بوارەدا بەرهەمم هەبێت، بەڵام لەبواری وەرگێڕاندا چەند هەنگاوێکم ناوە و هەوڵیش دەدەم هەنگاوی تری بە شوێنەوە بێت. ئەمە لە لایەک و لەلایەکی ترەوە، کە باس لە جیهانی منداڵان ئەکرێت، واتا باس لەو پیاوانەی دوارِۆژ ئەکرێت، کە دەبنە نەخشە دانەر و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا. جا ئەگەر عەقڵ و زەینی منداڵان بە پەروەردەیەکی تەندروست و ساغ پەروەردە نەکرێت، ئەوا لە دوارِۆژدا لە بری ئەوەی مرۆڤی سوودمەندیان لێدەربچێت دەبنە درِندە و دەکەونە وێزەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. دیارە منداڵ لە کۆمەڵگەوە پەروەردە وەردەگرێت. لە کۆمەڵگە قوتابخانە هەیە،خێزان هەیە، تەلەفیزیۆن هەیە، کۆڵان هەیە و ئەدەبیش هەیە. با جارێ قسە لەسەر ئەم سیستەمە سەقەتەی کۆمەڵگا نەکەین، لە بواری خوێندندا، با تەنها قسە لە ئەدەبی منداڵان بکەین. تایبەتمەندی ئەدەبی منداڵان لەوەدایە کە:

یەک : دەقەکان دەبێت تەعلیمی بن. واتا منداڵان وانەی بەسوودی لێوە فێربن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی وزانستی و فەرهەنگی.

دوو : دەقەکان کورت و ڕۆشن بن. واتا بە زمانێکی جوان و بێ گرێ وگۆڵە بنوسرێن. فیلیپ پوڵمان ئەڵێت"کاتێک چیرۆک بە منداڵان دەڵێین زمانی سادەیان پێویست نییە بەڵکو زمانێکی جوانیان دەوێت". دەبێت لە ئەدەبی منداڵاندا بە وردی یاساکانی ڕێزمان ڕەچاو بکرێن، چونکە منداڵ مێشکێکی ئامادەی هەیە بۆ وەرگرتن و چەسپاندنی هەر زانیاری و بابەتێک. بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە بەرهەمی منداڵان بە زمانێکی تێکشکاو و زبر و نارێک بنوسرێن.

سێ: منداڵ دەبێت لە میانی ئەدەبەکەیەوە کەسێتی بەهێز بکرێت و خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی لا جوان بکرێت.

چوار : دەقەکان وێنەدار بن و ڕەنگاو ڕەنگ بن، تا بتوانرێت کاریگەری زیاتر لەسەر بیر و هۆشی منداڵ دابنێت.

لەمانەش گرنگتر ئەوەیە، کە نووسەرانی دەقە ئەدەبیەکانی منداڵان دەبێت زۆر شارەزا و پسپۆڕ بن لەوبوارەدا، واتا ورد لە شایکۆڵۆژییەتی منداڵ تێگەیشتبن، نەک هەر کەسێک ئارەزووی کرد دەست بداتە قەڵەم و شت بۆ منداڵ بنووسێت وەک ئەوەی ئاسانترین کار ئەنجام بدات. مەکسیم گۆرکی دەڵێت "کە بۆ منداڵان دەنوسیت پێویستە بە هەمان شێوە بنوسیت کە بۆ گەورە دەنوسیت، بەڵام باشتر وچاکتر " بۆیە لەم سەردانەمدا شتگەلێکی زۆری منداڵانم بەرچاو کەوت. کەواتە کار بۆ منداڵان کراوە، بەڵام چلۆنایەتیەکی مەزنی پێوە دیار نەبوو.

*** حەز دەکەم بپرسم وەرگێڕان بەلای ئێوەوە چۆنە و چی دەگەێنێت ؟ هەروەها بواری وەرگێڕانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، تاک جەمسەرییەکی پێوە دیارە، زۆربەی تەرجەمەکان لە زمانی بیانییەوە بۆ زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن، بە پێچەوانەوە وەرگێڕەکان لە زمانی کوردییەوە، بۆ زمانێکی دی خۆ بە دوور دەگرن، ئایا ئەمە لە کەم دەسەڵاتی و تێرنەکردنی زمانە بێگانەیەکە یا ئەدەبی کوردی ناتوانێ ڕکەبەرایەتی ئەدەبی جیهانی بکات، بە واتایەکی تر پێت وایە لە ئاستێکی نزمدایە؟**

– وەرگێڕان وەک پراکتیکیکی کلتوری هەر وەک "ئومبەرتۆ ئەکۆ" دەڵێت "گواستنەوە نییە لە نێوان دوو زماندا، بەڵکو گواستنەوەیە لە نێوان دوو کولتور یان دوو ئینسکلۆپیدیا" ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی چڕ و پڕە لە نێو کایەی زماندا ئەنجام دەدرێت. وەرگێڕان دەلاقەی شارەزابوون و تێگەیشتنی شارستانییە جیاوازەکان و نەتەوە جیا جیاکانە لە کلتور وترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی. بە واتایەکی تر، وەرگێڕان پەنجەرەیەکی مەعریفییە بۆ لێکگەیشتن و خوێندنەوەی کلتورە جیاوازەکان لە میانەی پرۆسەیەکی زمانەوانیدا.

مێژووی وەرگێڕان مێژووی بیانییەکانە. بۆیە وەرگێڕان بایەخێکی مەعریفی و کلتوری و فەرهەنگیی گەورەی هەیە. چونکە وەرگێڕان دەروازەیەکە بۆ ڕۆچوونە نێو ڕەهەندە جیاواز و فرە بابەتیەکانی کلتور و لەوێشەوە بۆ نێو زەینی مرۆڤایەتی. وەرگێڕانیش بە پێی یاسای ئەمریکای باکوور، دووەم سیستەمی بەرهەمهێنانە. وەرگێڕان (بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعر) لە بنەڕەتدا (هەرچەندە وەرگێڕەکە چاک و بە سەلیقەش بێت) دەقەکە دووچاری جۆرێک لە غەدرلێکردن دەکاتەوە و بەشێک بە پێکهاتەکەی (چ مۆسیقا بێت یان میتافۆر) بالانسی تێک دەچێت و دواجار دەقەکە شێوەیەکی تر وەردەگرێت جیاواز لە دەقی یەکەم.

واتا:

دەقی یەکەم——— وەرگێڕان ———— دەقی دووەم ( بە بڕێک جیاوازییەوە)

بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر وەرگێڕانی شیعر بوەستێنرێت و بە تاوان لەقەڵەم بدرێت. دەقی دووەم بەهەر جیاوازییەکەوە ئەگەرچی دەقی یەکەم نییە بەڵام هەڵگری خەسڵەتە بنچینەییەکان دەقی یەکەم و کۆدەکانییەتی، کە بە بڕوای من ئەمە پەساپۆرتی ڕێگەدانە بە وەرگێڕانی شیعر. هەرچی ژانرەکانی تری ئەدەب وەک کورتە چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ ،وتار کەمتر تووشی ئەم کێشەیە دەبنەوە.

لێرەدا نووسەر (خاوەنی دەقی یەکەم) وەکو نێرەرێک لە سیاقی تێکستەکەیدا و هەر بەو کەناڵەی کە مەبەستییەتی ناوەڕۆکی دەقەکە بارگاوی دەکات بە کۆد و هێما و پێشبینی ئەوەش لە

وەرگر دەکات، کە توانای تێگەیشتن و کردنەوەی ئەو کۆدانەی هەبێت، کە وەرگێڕ ئەرکییەتی لە میانەی پرۆسەی وەرگێڕاندا زۆر بە وریاییەوە ئەو کۆدانە لە جێگای خۆیان دابنێت و پەیامی هونەری نێرەر ون نەکات. دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت، کە وەرگێڕ نابێت بە هیچ جۆرێک دەستکاری ستراکچەر(بونیاد)ی دەق یان گرێچنە بکات، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات ئەوە دەقەکە دەستکاری کراوە و کۆدەکان شێوێنراون. بۆیە لە وەرگێڕاندا دەبێت وریای زیادەڕۆیی بین و نابێت لە سنوری دیاریکراو بچینە دەرێ چونکە وەک "ڕۆجەر تز بیلّ"دەلّێتî ئەو تێکستەی، کە بە زیادەڕەوی وەردەگێردرێ دەشێ تێکستێکی هونەری چاک بێت بەڵام وەرگێڕانێکی باش نییە" لێرەوە دەگەینە ئەو هاوکێشەیەی کە نێرەر و وەرگر لێک گرێدەدات

نێرەر (نووسەر)ــــــکەناڵــــ کۆد، هێما ، ناوەڕۆک ـــ کەناڵ ـــــوەرگێڕ ـــــکۆد و هێما و کەناڵ ــــــــوەرگر (خوێنەر)

لەم پرۆسەیەدا سەلیقەیی وەرگێر دەردەکەوێت و دەتوانێت کارامەیی بنوێنێت.

دەقی یەکەم (زمانی بیانی) ـــــــپرۆسەی وەرگێڕانــــ دەقی دووەم (زمانی کوردی)

واتا : دەقی دووەم (نایەکسانە یان بڕێک جیاوازە) لە دەقی یەکەم

لەگەڵ ئەمەشدا نووسەرانێک هەن کە بڕوایان وایە شیعر وەرنەگێڕدرێت،چونکە بە وەرگێڕان شیعرەکە لەناو دەقی دووەمدا ون دەبێت بۆیە "جۆن سالیز" پێی وایە شیعر قابیل بە وەرگێڕان نییە جا شاعیرەکە یان وەرگێڕەکە هەر کەسێک بێت.

بە بڕوای من چونکە وەرگێڕان ئەم لێپرسراوەتییە گەورەیەیە، بۆیە دەست بردن بۆ وەها کارێک ترسێکی گەورەی لەگەڵدایە لەوەی نەوەک غەدر لە نووسەر و یان لە دەقەکە بکرێت. من بە گوناهێکی گەورەی ئەزانم "کاولاش"ی "عەبدوڵا سەڕاج" بە سەقەتی تەرجەمە بکرێت. بەڵام کێشەکە تەنها پەیوەندی بە باڵادەستی نووسەرانی کوردەوە هەیە لە زمانی دایک و زاڵنەبوون لە زمانی دووەم. واتا قودرەتی زمانی دووەم لای نووسەران، تا ئەو جێگایەیە، کە دەتوانێت لە زمانی دووەمەوە وەرگێڕان ئەنجام بدات، بەڵام لەتوانایدا نییە لە کوردییەوە بۆ زمانی دووەم ئەمکارە بکات. کەدیارە ئەمە خاڵی لاوازی و گەوهەری وەرگێڕەکانە. بەڵێ وەک پێشتریش وتم گوناهێکی گەورە ئەکەین ئەگەر بڵێین ئەدەبی کوردی ڕووی وەرگێڕانی نییە. بە پێچەوانەوە من ڕام وایە کە نووسەرمان هەیە ئاستی بەرهەمەکانی هیچی کەمتر نییە لە نووسەرانی بێگانە. ئێمە بەرهەمی زۆر جوانمان هەیە بۆ وەرگێڕان هەرچەندە چەند هەوڵێکیش دراوە و هەندێک کار کراوە بەڵام ئێجگار کەمن.

*** لە نووسین و زێتر لە وەرگێڕانەکاندا، کە لە زمانە بیانییەکانەوە وەردەگێڕدرێن بڕێک لە**

**نووسەران زۆر واژە و زاراوەی لاتینی و ئینگلیزی بەکار دەبەن لە بەرهەمەکانیاندا ئایا هۆکاری بەکارهێنانی گوزەرکردنە لەگەڵ سەردەمی جیهانیگیریدا کە زۆرێک لەشتەکان یەکدەخاتەوە، یان نەبوونی هەمان واتایە بە سەنگ و قەبارەیەی زمانە بێیانییەکە، یا بۆ خۆ دەرخستنە؟**

– پێم باشە ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە زمان هەمیشە لە زیندووبوونەوە و گەشەکردن دایە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە، کە لەلێکخشاندندایە لەگەڵ زمانەکانی دەوورو بەریدا. لەنێوان زمانەکاندا هیچ سنوورێک لە ئارادا نییە و هیچ ئاستەنگێکیش نییە بۆ رێگەگرتن لە هاتنە ناوەوەی وشە و دەستەواژە (تازە بێت یان کۆن). فێردیناند دی سوسێر کە بە باوکی زمانەوانی مۆدێرن دەناسرێت دەڵێت"زمان لە گشتییەتی خۆیدا کۆمەڵێک ڕووخساری هەمەجۆر و جیاوازی هەیە". کە یەکێک لە ڕووخسارە جوانەکانی زمانی کوردی لێکخشاندندیەتی لەگەڵ زمانەکانی دەوروبەریدا. ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیاتی کوردی بخشێنین دەبینین، کە ژمارەیەکی زۆر وشە و فرەیزی زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی تێدایە و هۆکاری ئەمەش پرۆسەی لێکخشاندنی زمانە. دیارە ئەمەش بەبڕوای من لاوازی زمانی کوردی نییە بەڵکو زیندویەتی زمانی کوردی دەسەلمێنێت. سەرباری ئەمانەش کۆمەڵێ وشە و دەستەواژەی زانستی و تەکنەلۆژی هەن، کە دەبێت وەکوخۆیان دابنرێنەوە. بەڵام هەندێک نووسەر یان وەرگێڕ هەن، تەنها بۆ قەبەکردنی بابەتەکەیان کۆمەڵێک دەستەواژە دەنوسنەوە کە لەکاتێکدا دەتوانرێت بە کوردی گوزارشت، لە هەمان ئەو دەستەواژانە بکرێت. خاڵێکی تر نووسەر یان وەرگێڕمان هەیە بەرامبەر بە وشە کوردییەکە دێن هەمان ئەو وشە و دەستەواژە بێگانانە لە نێوان دوو کەوانەدا ئەنووسنەوە، کە خۆیان لەو وڵاتانەدا قسەی پێدەکەن. بۆ نموونە دەستەواژە و چەمکە سیاسی و مەعریفییەکان دەچن بە هۆڵەندی یان بە سویدی لەنێو کەوانەیەکدا دەینوسنەوە! ئاخر خوێنەری کورد چ پێویستییەکی بە فێربوونی سویدی یان هۆڵەندی ئەو دەستەواژانە هەیە؟بەبڕوای من دروستر و چاکترە ئەو چەمک و فرەیزانە تەنها و تەنها بە زمانە جیهانییەکان بەتایبەتی بە زمانی ئینگلیزی بنوسرێن و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بیکەنە مەرج بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانێکی مەزنی جیهانییە و ئەمڕۆ بۆتە زمانی زانست و تەکنەلۆژیا و پەیوەندی و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم گۆی زەویە. جیهان لەمڕۆدا لەبەردەم گەشەی سەرسوڕهێنەری تەکنەلۆژیادا زۆر بچووک بۆتەوە و جیهانگیری خەریکە سنوورەکان وکلتورەکان و زمانەکان ئەسڕێتەوە یان باشتر بڵێین یەکدەخات. لەم نێوەدا زمانی ئینگلیزی بەشی شێری پێبڕاوە و، لە ڕیزی پێشەوەی زمانەکانە. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە چەمک و فرەیزەکان چاکترە بە ئینگلیزی بنوسرێنەوە. لەلایەکی ترەوە هەندێک نووسەر یان

وەرگێڕ هەن کە هێزی نوسینیان لە زۆری بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەدا دەبیننەوە کە نوسینەکەیان پێ نمایش کردووە، کە پێم وانییە دەلالەت لە قوڵی مەعریفی ئەو نووسەرانە بکات لە زمان و ئەدەبیاتی ئەو ولاتە، بەڵکە زیاتر خۆدەرخستنە. لێرەشەوە حەزئەکەم ئەوەش بڵێم کە پەتای هەندێک نووسەر گەیشتۆتە ئاستێک، کەلە وتارێکدا چەمکگەلی وەک تاکرەهەندی، میتۆد، مەعریفە، ترادیسیۆن... تاد تێدەئاخنێ، تا ئەم لاوازیەی خۆی پێبشارێتەوە و وا لە خوێنەر حاڵی بکات کە کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرە و ئاگای لە تەواوی بزوتنەوە، فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا و نووسەرەکانیان هەیە.

*** ڕەخنە لە ئەدەبی گەلاندا توانیویەتی کاریگەری و گۆڕان، لە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشەنبیری ولاتاندا بەرپا بکات، پرسیارەکەمان ئاوایە: ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی توانیویەتی ئەو بەربەست و ئاستەنگانە ببڕێت و تەکانێک و مرقێک بە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەدەبی کوردی بدات، ئەگەنا هۆکارەکانی چین؟**

– ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەندییەکی قوڵی بە میتۆدی بیرکردنەوەوە هەیە. بەتایبەت ڕەخنەگر هەمیشە دەبێت بە میتۆدێکی ڕەخنەگرانەی نوێوە مامڵە لەگەڵ (دەق) و جیهانی ئەدەبدا بکات و، ئاستەنگەکانی بەردەم بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی ئەدەبی دەستنیشان بکات. ڕەخنەگر دەبێت سەردەمیانە ڕاڤە بکات واتا دەبێت کوڕی ئەو مێژووە بێت کە تێیدادەژێت. ڕەخنەگر پێویستە خاوەنی ئامێری بەراوردکردن و ڕاڤەکردن بێت، کەئەویش خۆی لە زەمینەیەکی مەعریفی و ڕۆشنبیری قووڵدا دەبینێتەوە. ت. س. ئەلیوت دەڵێ"بەراوردکردن و ڕاڤەکردن ئامێری گرنگی ڕەخنەن". من ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەو ئاستەدا نابینم، کە بەئەرکە مێژوویەکەی خۆی هەستابێت. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هێشتا بواری کارکردنی زۆری لەبەردەمدا ماوە، تا بتوانێت ئاڵوگۆڕێکی مەزن بهێنێتەکایەوە و چلۆنایەتیەکی گەورەش ببەخشێتە ئەدەب. ڕەخنەی ئەدەبی بە بێ تیئۆر ناکارا و ناکاریگەر دەبێت. تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، خاوەن تەکانێکی مێژوویی بەهێز نییە کە توانیبێتی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی وەلابنێ. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ماوەیەکە، خەریکە لەژێر کاریگەری حیزب و ئایدۆلۆژیا بێتەدەر و سیمایەکی نوێ بە خۆی بدات و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردیش، لە ژێر کاریگەری ڕەخنەگر و بیریارانی ڕۆژئاوا خەریکی خوێندنەوەیەکی نوێترن، بۆ ئەدەبی کوردی. بە بڕوای من ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گشتیگیر و کراوە نییە و پێی خۆی لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوو وئامرازە بەکارهاتووەکان لە ڕێبازە جۆراوجۆرەکاندا قایم نەکردووە. هۆکارێکی تر کەمی (زۆر کەمی) بیرمەند و ڕەخنەگری داهێنەری کوردییە. لە فەرەنسا تەنها لە ماوەی ١٥

ساڵدا و لەژێر کاریگەری چوار فەلسەفەی عیملاقدا ڕەخنەی ئەدەبی گەشەگردنێکی گەورەی بەخۆوە بینی" وجودییەت، مارکسیزم، فرۆیدیزم، بونیادگەری" ئەم فەلسەفانەش( ڕێبازانەش) ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنساییان پێکدەهێنا، بەڵام وەک ڕۆلاند بارسیس دەڵێ"ڕەخنە شتێکی جیاواز ترە لەوەی چاککردنەوەی بەیانێک بێت، لەژێر تیشکی بنەمای ڕاستییەکان". ئەرکی ڕەخنە و ڕەخنەگر لە خوێندنەوەی نوێ بۆ هەر دەقێکی تازە یان کۆن هەر تەنها گەڕان نییە بەدوای مانا. سوزان سۆنتاگ دەڵێت " ئەرکی ڕەخنە دەبێ نیشاندانی ئەوەچۆنە و ئەمەچییە و ئەوەیان چییە و چۆنە بێت، نەک مانای ئەمە چییە بێت ". ڕەخنەی مۆدێرن نابێت تا ئاستی گەڕان بە دوای مانای سیاسی دەقەوە دابەزێت، بەڵکو دەبێت گەڕان بێت بۆ دۆزینەوەی فرە ڕەهەندی دەق و توانای داهێنەرانەی نووسەر و لێکدانەوەی فرە مانایی دەق، دەبێت گەڕان بێت بۆ لێکدانەوەی میکانیزم و پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر، خوێنەر و دەق، نووسەر و دەق.

*** لەم سەردەمی جیهانگیری و عەولەمەیدا، کە جیهان تەواو بچوکبووەتەوە و بوارێکی فراوان و گوشاوو بۆ خۆ ڕۆشەنبیرکردن و لە هەمبەریشدا ئاشنا کردنی زۆرێک لە خەڵکی وڵاتان بە بەرهەمی کوردی، ئایا تا چەند نووسەرانی کورد توانیویانە سوود و کەڵک لەم ڕەوشە وەرگرن؟**

– بەڵێ توانراوە سوود لەو ڕەوشە وەربگیرێت و بەڵام لە ئاستی پێویست نا. گەشەی تەکنەلۆژیا سەرباری ئەو نەهامەتی وماڵوێرانییەی کە پێیەتی، کەچی ئەمڕۆ لە ئاستێکی دیاریکراودا خزمەتی مرۆڤیشی پێدەکرێت. بۆ نموونە ئینتەرنێت لە تەواوی جیهاندا دەتوانم بڵێم سەری بە هەموو ماڵێکدا کردووە ( ماڵەکانی کوردستان و چەند جێگایەکی تر نەبێت) لە ڕێگەی خستنە سەر هێڵەوە، لە ماوەی تەنها چەند چرکەیەکدا دەتوانی چی بخوازی لەهەر بوارێکی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی.. تاد وەدەستی بخەی. نووسەری کوردیش تا خۆی بخوازێ دەرگایەکی والای لەبەردەم دایە بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و ئاشنا بوون بە فەرهەنگ وکلتوری گەلان و زانستە مرۆییەکان و تاد. نووسەرانی کوردیش لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێ هەنگاویان ناوە بەتایبەتی لە بواری کردنەوەی وێب سایت و ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی بە زمانەکانی بیانی، کە ڕۆڵیان هەیە لە ئاشنا کردنی کورد و دۆزی کورد بەڕای گشتی جیهان. (تەئکید دەکەمەوە ئەم هەولانە تەنها لە بواری سیاسیدا چوونەتە پێش، ئەگینا لە بواری ئەدەبی وفەرهەنگیدا هیچ شتێکی وا بەرچاو ناکەوێت) بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە کورد لەم هەنگاوەشیدا لە سەرەتایە و من خۆم پێشبینی ئەوە دەکەم لە داهاتودا هەنگاوی جوانتر وگەورەتری بە دواوە بێت.

شیعر



سەڵاح شوان

# غەریبی

هەواڵنامەی کتێب



تا ڕوو لە ئێوەی قیبلەکەم، نەکەم
خەوم لێناکەوێ
بە درێژایی غەمی بەفراویی شەوانم، چاوەڕوانم
کەی خۆر هەڵدێ، هەندێ لە ڕەنگی ئاسمانە
چاو جوانەکەی ئێوەم بە دیاریی بۆ دێنێ
بە دەم خەو و بە دەم مردنیشەوە هەرگیز
پشت لە ئێوەی ئازیز ناکەم
ڕووە و ئێوە بابمنێژن، (لەسەر ئەم عەشقە گەر ماوم)
کێ بیستوویەتی: داربەڕوو ڕەگوریشەی خۆی جێبهێڵێ؟
کێ بیستوویەتی:
پیر مەیخانە،
ماسی ڕووبار،
ئەستێرە ئاسمان جێبێڵێ؟
من ڕەگوڕیشەم لەوێیە..
لە شادەماری خاکەکەی (یەزدانەوە)

خوێن بە جەستەمدا ئەگەڕێ
من پەڕوباڵی وەریو و هەڵکڕووزاوی تەمەنم
لە بن گوێسوانە دووکەڵاوییەکانی ئەوێدا
جێهێشتووە
من ڕووحم لەوێ، لای ئێوە
بە ئەمانەت جێهێشتووە، تادێمەوە
ئەی نابینن
لە زەردەپەڕدا گشت ڕۆژێ
کازیوەی ڕووحێکی تەریو
تەوفی (قەڵا) ی سەرتان ئەکا
دەست بۆ هێلانەی خۆر ئەبات
لە چاوی ئازیزانیدا، لە ڕۆشنایی خوا ئەگەڕێ؛
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە پەڕ شاردا
کەپرێکی پەڕپووت بە چۆڵی جێهێڵراوە
شەوانە مۆمێکی کزی تێدا ئەسووتێ
ئەوە گیانی ماندووی منە
لە نزیکی ئێوە نەبێ
ئۆقرەی نییە
ئەی نابینن
لە گشت کۆڕ و ئاهەنگێکتاندا جگەرەی
دڵێکی خەمخۆر بە بێدەنگ
کز ئەسووتێ و
هەناسەی سارد و سووتانی
هۆڵەکەتان پڕ لە
حەسرەت و
ئومێد و



هەواڵنامەی کتێب

عەشق ئەکات
ئەوە
منم
ئەی نابیستن
پێش ئەوەی ئێوە چاوانتان بچێتە خەو
کشەی باڵی سیمرغێ دێ
ماڵەکانتان لە مۆتەکەی
مەرگ و بەڵا پاس ئەکات و
ئەپارێزێ
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە گۆشەیەکی تاریکی مەیخانەکانی ئەوێدا
مێزێکی چۆڵ بە تەنیا جێهێڵراوە
ئەوە منم
لەگەڵتاندا ئەخۆمەوە
لەگەڵتاندا ئەگریم و پێئەکەم و سەر خۆش ئەبم
لە بیرم مەکەن، سبەینێ لەگەڵتاندا دێمە سەیران
جێم مەهێڵن
من ئێوەم جێنەهێشتووە و
قەت ئەو خاکە جێناهێڵم
ئەو خاکەی کە:
ڕووحی شیعرەکانیمی لێیە
ئەو خاکەی کە:
گۆڕی ئازیزانمی لێیە
بەیانیان زوو – گەر سەرنج دەن –
لە گۆڕستانەکەی پایین شاردا تەمێک
تەمێکی باڵا بەرزی سەرسپی
بە سەر گۆڕێکی بێنازی لاپەڕدا چەماوەتەوە



هەواڵنامەی کتێب

ئەگری و نوێژ ئەکا و
شیعر ئەڵێ
ئەوە منم
ئا لەوێدا بستێ خاکم بۆ جێبێڵن
من دێمەوە
دێمەوە من
لەگەڵ هەوری پڕ لە تاسەی ئاوارەکاندا دێمەوە
لەگەڵ تیشکی خۆر لە زەردەی هەموو غەمێکدا دێمەوە
لەگەڵ خرمەی گەڵارێزانی دوا شیعر و
شاعیرە ناهومێدەکاندا دێمەوە
لەگەڵ رووحە سەر سپییەکاندا دێمەوە
هەر بەفرێکی
پەڕ و باڵی هەڵوەریوی فریشتەیەکتان لێباری
بە پشکۆی فرمێسکێک یادم بکەنەوە
هەر بارانی عەشقێکی پڕ نامرادیتان لێباری
(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە)(١) بخوێننەوە
هەر کزە بای (غوربەتکەش و عاجز) ێ دای
لە رووی زەردی برسێتیتان
هەر گڕەی سۆزی غەریبیی
پیرێکی ئاخر شەڕ خۆی کرد بە باخەڵتاندا
بیرتان بێ: ئەوە منم
یاخوا خەمتان لە من کەوێ ،
سەد لە شکری عەرەب و تورک و عەجەمان
لە دەوری ساتێکتان گەڕێ
بیرتان ئەکەم
سەد دکتاتۆری ملهوڕ و ئاخوندی گێل و گەمژەتان
بە قوربان بێ
بیرتان ئەکەم

سەد کۆشک و تەلاری تازە و
هەزاران ئوتێلی بەرزی پڕ چلچرا و سەما
بە قوربانی خانووە قوڕێکی ئۆردوگا و
گوندە ڕووخاوەکانتان بێ
هەر چیی گۆرانیی جرِن و
سەمفۆنیای لە هەزار نەزمەی ئێرە هەیە
بە قوربانی ساتێ سۆزی سەر خۆشیی (بێگەرد)(٢) و(خولێ)(٣)
بیریان ئەکەم
یاخوا دەرد و بەڵای ئێوە
یاخوا برسێتی و سەرماتان لە من کەوێ
یاخوا چی فیشەکی وێڵتان هەیە هەمووی لە من کەوێ
من ببمە بەڵاوەگێری شەڕی برا کوژیتان
من، بیرتان ئەکەم
یادتان ئەکەم، بە یادی ئێوەوە ئەژیم
هەر دێمەوە
لەگەڵ یەکەم دەسکە نەرگزی دەستی کچۆڵەکاندا دێمەوە
لەگەڵ (دەستەی هەڵپەڕکێی باڵا بەرزانا) دێمەوە
بۆ سەر شایی و سەیران و سەیرانگاکانی
(کچانی خوا) و کوڕانی ئێزدگایاندا
دێمەوە

(١) ناونیشانی کۆشیعری شاعیرە.
(٢) ڕەووف بێگەرد.
(٣) مەحمود زامدار.



تریفە دۆسکیّ

# چەند هەناسەک

هەواڵنامەی کتێب



١

تو و ئەز
یان ئەز و تو
ئەم
شیعرەکین

٢

حەژ تە دکەم حەژمن دکەیّ؟
خۆشمدەوێی خۆشتدەوێم؟
پسیارەکە دەمی چا ڤەخوارنی،
هەرو سپێدی،
لسەر لاپەرێت ڕوژژمیری دهێتە نڤیسین
لسەر خوارنی دهێتە کرن
لسەر ماسنجەریّ بۆ هەڤدوو سێند دکەین
ب ناما موبایلیّ بۆ ئێکودوو دهنێرین

ب شعران
ب چاڤان
ب برژانگ و مژویلانکان
ب ماچێن سەری تبلان
ب گولاڤا سپێدی
ب پیاسا ئێڤارییان
ب جگەرەکا نیڤ شەڤ
ب ئاوازەکا کامگاران
ب دەنگەک هێنک
ب قەفتەک کەنێ و گرنژینان
ئاورییەکا تژێ ماچ
بێ بەرسڤ پرسیار دکەینەڤە
خۆشمدەوێ خۆشتدەوێم؟!



٣

ژوور
تەختەک
بەرچاڤکەک
پەرتووکەک
ماچەکا سەر لێڤا کومەدینێ بوتە دیارینە
ژبیر نەکە

٤

دەمەکە من تو نەدیتێ
چاخەکە
سالەکە
هەیڤەکە
حەفتیەکە
رۆژەکە

دەمژمێرەکە
چرکەکە؟
کا تو؟

٥
تو و سپێدە
تو نەچە، بلا سپێدە بچیت
چووێ
تشتێن تە ڤێکددەم
پەرتووکێن هەلبەستا
گولاڤا تە ژ هناسێن ژوورێ دستینم
جەنتکێ ڕەش
بێهنا کراسێ تە دهلکێشم
شین پێتە د دەنگێ ژوورێ دا ڤەدشێرم



٦
لپشت پەنچەرێ دنێرێ
دکەنێ
ماچەکا بترسێ هەلا پەنچەرێ دهێلێ

٧
هەر تشت فرین
لێ دەستێن مە مانە تێکدا

٨
ژبیر نەکە
روندکا تە دچاڤێ مندایە.
هەناسا تە دبەریکا بایێ وبا ژێ لبەر پەنچەرا من راوەستایە
روحا تە د سەبەتەکە هەوران دایە و هەور دگەل پەرتووکا
مندا جووت بوویە

٩

ژبیر نەکە...

تە ژبیر ناکەم

١٠

شڤێدێ

هەر تشت نڤست

ئەز

ژوور

ئەسمان

گول

هەیوانک

دارێن سەر جادا

چویچک

باخچە

تنێ تو مابووێ

تەژێ دهەناسا مندا

ماچ دچنین





هەواڵنامەی کتێب

١١

قەهوە

وەرە قەهوەکا تەحل

دگەل شعرەکا شرین ڤێ سپێدێ ڤەخۆین

١٢

من بنیڤیکە

قەدەک بلا هەر دگەل تە بچیت

قەدەک بلا هەر دگەل تە بهێت

شیعر



فەرەیدوون ئەرشەدی

# با نەدیوان، بۆ کێ بەرن سکاڵایان



تاکەی بەدیار ئەم کلیلە ژەنگگرتووانەوە دانیشتن؟
تاکەی تێشەی نەدیتنی ئەو دیوی دیوارەکانی بمانتاشێ؟
تا چەند لەم قۆزاخە تاریکەدا
بۆ جووتێ باڵ، لەپ بکوتین؟
لەبن شوورەی ئەستووری زەماندا
پەیژەی شادومانیان پرتووکاوە
دەرگایەک!
لەم بیابانە تەنگەی لەشا
تۆزاوی و خەمبارە گیان،
ڕێگایەک،
نادیاری هەمیشە بێدار، ئەی با!
پەنجەرەیەک!
(دڵدانەوەی با، بۆ بێ ئارامە بابردەڵەکان
بەچی ئارام دەگرێ دڵەڕاوکێی دایک؟

به چ مۆسیقایەک دەنۆێ فەرخە ماسی،
لە چی ناسڵەمێتەوە مامزێکی تەنیا
کەمن پێی نەزانم؟
منم ئەو نادیارە ناسکەی لە دەلاقەی دڵی هەمووانەوە دێمە ژوور و
قفڵی سندووقی ڕازەکانتان دەکەمەوە!
لە ئێوارانی ڕەنگین بە خەنەی شادومانی
فوو دەکەم لە پشکۆی حەزەکان،
ئاگری وەسوەسەی حەواییتان هەڵدەگیرسێنم و
بخووری نیازی داپیرەتان دەکوژێتەوە.

(گلەییەکی نامورادانە)
ڕەوا نەبوو ئەی با!
ڕەوا نەبوو، غەریبان بە غوربەت بلاوێنی و
ڕەندان بە عەتری زوڵفێک وێرانتر و بێ سامانتر بکەیت!
تۆ فەرمانڕەوای لە شکری دۆڕاوی خولیاکان و
پاسەوانی خەزێنەی دەسەڵاتە نغرۆکانمانی.
نەمامی و جوودمان لەبەر حەژمەتی هاتوچووتا چەمیوەتەوە،
گەر لەم بیابانی وجوودەدا لایەکمان لێ نەکەیتەوە
سەرابە ڕەنگاوڕەنگەکان دەمانخافڵێنن.
گەر نیشانەیەک هەڵنەواسی
لەم لمستانە بێ ئاسۆدەیەدا ڕێ دەرناکەین.
ئێمە کە مەستی لا چاوی بێوەژنی خاکین،
کوڕێنیمان بە کام کازیوە بناسێنین؟
چ چێژێ لە بوونی یاسەکانی بەردەلاقەی بوونمان ببەین؟
(وەسفی با، لە کردەوەی ئەزەلیانەی)
لەوەتەی دەریا دەریایە و چیا چیا

هەولێنامەی کتێب

من بەسەر نەرمە شەپۆلەوە، لە تەک پەرییە دەریاییەکاندا و
لە پێخەفی پەڕەی گوڵدا
لەگەڵ کیژۆڵەکانی گزینگدا دەنووم و
خەون بە سەڵتەنەتی خەزانەوە دەبینم،
بۆن بە خونچەوە دەکەم تا بێکەس نەبێ
لە هەڵبژاردنی ئایندەی ناسکترین گوڵدا
هەوەسی نەمان بەسەر شکۆفەدا دەبەشمەوە
لە گۆڤەندی سوێسکەدا بە کاژی مار، سەرچۆپی دەگرم.
لە ژێر باڵی کیژە لادێییەکانەوە دێم و
ڕەنگی قژی بێوەژنان بە شەوگار پیشان دەدەم.
لە مەیخانەی بن ئەشکەوتەکاندا
گوێ لە جنێوی مەستانەی سەردارەکانی جەرگەی شەڕ دەگرم و
لە سەنگەرە چۆڵەکانی پاش جەنگدا
تۆزی غوربەت بە کاکۆڵی شەهیدەێکی نەنێژراوەوە دەپژێنم
بەشانەکانی هەنگویندا دەگەڕێم و تامی ژیانتان لێ شیرین دەکەم
هاژەی من و لەرینەوەی گەڵا وکرانەوەی پەنجەرە، نیشانەکانی بوونن
لێم تێ بگەن!
(تێنەگەیشتن لە با، تێنەگەیشتن لە خودە)
سیبەرەکانمان ماندوون ئەی با،
لە کوێن بەندەرەکانی ئاسوودەیی؟

لەبەر شەکەتی ماسوولکەکانی ڕۆحمانە، نایێنە دیدارت
لەبەر هاژەی خولیاکانە لە تۆ ناگەین،
پێمان بڵێ
کێ جیاوازی سێبەری گۆچانی پیری و
ڕووناکی خەونەکانی جەوانیمان بۆ تەفسیر دەکات؟

چی بکەین بە ڕەشەبای ناو ئێسقان و خۆڵەمێشی ڕەگەکانمان؟
کەس وەکو تۆ
شارەزای چارۆگەی کەشتی حەقیقەت نییە،
هەر تۆی کەلێنی ڕۆحمان بە زەمزەمەی فەنا پڕ دەکەینەوە.
هەر تۆی بەسەر برژانگی بریندارانذا ڕەت دەبی
کزەی جەرگی دایکان بەرەو چیاکان دەهێنی و
شەرمەزاریش نیت.
(با، لەکاتی سەرخۆشی نیوەشەواندا
من شەپۆلانم بە دەریاو
لەنجە بە درەخت و فڕینم بە باڵندە ناساند،
من تەنیایی قەبرستانەکان دەشکێنم.
زەرد ڕەنگی بە گەڵا دەناسێنم تاڵ قەدەری چریکە و تەنیایی بولبول بگری
خەزان چ ئاڵایەکی مەزنە بۆ سەردارێکی وەکو من!
هەڵکورمکانی باڵندەیەک بەسەر شانمەوە.
شکۆیەکی نادیارە، ببینین.
(دڵتەنگییەکانی بولبول بۆ با ئاساییە)
ئەی ڕازی بە گریەی گوڵ و ئاشنا بە تاراجی خەزان!
کە دەست دەخەیتە ناو پرچی درەخت ،
دڵە خورپێی گەڵا، لە ناو لەپی مەرەبانیتدا ئارام دەگرێ،
گەواڵەکان شەیدا دەبن و
جەنگەڵ بە بۆنی بارانێکی سەیر، سەرمەست دەبێ.

وجوودێکی خامۆشە درەخت
گەر تۆ بەدەوریا نەگەڕێی
نەبوونت چ بەختەوەرییەکی مەزنە
بۆ جلە شۆردراوەکانی بەر هەتا،
بۆ بەرز بوونەوەی کەرامەتی کۆلارە!

گەر تۆ نەبی
چۆن گورگ شوێن پێی نێچیرێکی بریندار هەڵبگرێ؟
(کۆتایی پەیڤین، سەرەتای سەرسامییە)
هەر بەرداشی زەمانە دەمانهاڕێ،
ئەگینا بەخت ئەوەندەش حەزی لە ڕەنگی ڕەش نییە!
ڕەنگێکی ترمان بۆ بهێنە، با ئەم بەختەی پێ بگۆڕین.
گەر باڵەکانت ماندووی ئەو هەموو گەڕانەیە
بەسەر لقێکی پڕ کرێشمەی دڵمەوە هەڵنیشە.
من نەمتوانی ئەی با، من نەمتوانی ئەی مردن بە ژنێکی تر بژیم.
خەوفی حەقیقەتێک لە دڵما دەژیا، زەمەنی پیرتر دەکرد.
بەکرداری عەوداڵان
سەرم لەم ئاشووبە دەرنەکرد.
بڵێ با ئەو ئەستێرەیەی بەناوی منەوە لە ئاسماندا دەجیریوێنێ
دایگرن و
بە گەردنمی خۆزگەکانیدا هەڵیواسن،
دڵنیام بە شێوازێکی تر دەژین و
ئەم شێوە مردنە بێمانایەشیان بە دڵ نابێ.
هیچ کلیلێ ئەی با!
هیچ کلیلێ لە ناو لەپی ڕۆژەکاندا نەبوو
دەستی ژیان، دەستێکی بەتاڵ بوو. دەستێکی بەتاڵ!
(با، پەیامی بۆ ئارامی،
با، دوورپات بوونەوەی باڵی پەڕەسێلکە،
با، داستانی وەیلانییەکانی ئێمە لەم هەستییە ئاشووبەدا.)

هەولێرنامەی کتێب



حەمە کاکە ڕەش

# بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن

هەواڵنامەی کتێب

بەردەوام مەستی گەڕان بوو
بۆ دۆزینەوەی تەرمی باڵندە و گوڵەکان
تەرمی باڵندە و گوڵەکانی دەدۆزییەوە
بانگی هەموو دەنگ خۆشەکانی شاری دەکرد
دەیوت وەرن گوڵ و باڵندەکان بلاوێننەوە
گۆرانییە خەمناکەکان بڕژێننە شوێن پێی مەرگەوە
بە کچەکانی دەووت وەک ڕۆژی بوکێنی
خۆتان لە تەل بدەن و خۆتان بڕازێننەوە
بە منداڵەکانی دەووت وەک ڕۆژەکانی جەژن
جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و ئاڵ و واڵا لەبەرکەن
بە پیرێژنەکانی دەووت
تەمی خەمی سەر لێوەکانتان بتەکێنن و
چاوەکانتان بۆ دواجار برێژن و
نینۆکەکانتان بۆیەکەن و
قژی لوول و شێواوتان شانەکەن و



مەمکە چرچ و لۆچەکانتان کەمێ قوت کەنەوە
دەیووت بابێن پیرەمێردە دڵشکاوەکانی ڕۆژانی باران
ئەو پشکۆیانەی بە ئەستەم
گەرمی ژیان لە دڵ و دەستەکانیاندا ماوە
ئەو لافاوانەی لە دڵۆپێک ئاوی کوژراو دەچن
ئەو پیرەمێردانەی هەناسەیان پڕە لە زریان
زریانێکی خامۆش چاوەکانیان پڕە لە تیشک
تیشکێکی سارد،
باڵەکانیان پڕن لە فڕین
فڕینی ڕۆژانی منداڵی
مناڵییەکی بێئۆقرەی دڵشکاو
دڵشکانێک کە هیچ کە سێک پارچەیەکی نابینێتەوە
تا قیامەت
قیامەتێک کە هاتنی لە هیچ و پووچی گوماندا سەرگەردانەو
تاقیامەت هەر دەرناکەوێت وەک قیامەت
بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن
دنیا پڕ کەن لە گۆرانی
گۆرانییەک دڵی بەردەکان پڕ کات لە ئاو
دڵی ئاوەکان ئاگر بگرێ
گۆرانییەک کەمێک دەرەقەتی بێمانایی مردن بێت
کەمێک نیگەرانییەکانی ژیان
بە ئاو پرژێنی خەیاڵ و سادەیی بسپێرێ
گۆرانییەک توانای کردنەوەی پەنچەرەیەکی هەبێت
بە ڕووی مردندا
یان پەنجەرەیەک لە دیوارە پانەکانی مردن بکاتەوە
بۆ ئەوەی گوڵ و باڵندەکان بتوانن
لەوێوە ئا لەوێوە شینایی ئاسمان و
سەوزایی باخچە ببینن

هەواڵنامەی کتێب

هەڵمی دەریاکان و تەمی سەر دارستانەکان ببینن
پیاسەی ئێوارانی دڵە غەمگینەکان و
چاوی پڕ گریانی باران و
شەلەشەلی کزەبای مەغریب و
شەوی تەنیایی و خۆکوشتن ببینن
فڕینی پر مانای کۆترەکان و
وەڕینی پڕ غەمی سەگەکان و
بێدەنگی پر مانای عاشقەکان ببینن،
بابێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
سۆزی دەنگیان بڕژێننە خامۆشی تەرمەکانەوە
بابێن ئەوانەی ئەهلی عەشقن
ئەوانەی تەنیایی لایەک لە دڵی خواردوون
تەنیایی وەک تەمێک تروسکەی سیمایان دادەپۆشێ
بەسەر تەرمی گوڵ و باڵندەکانەوە دەگریا دەگریا
پێدەکەنی هاواری دەکرد،
دەیووت: ئێستایش ئەو ئێوارەیەم لەیادە
وەک چۆن ئەم تەرمانەم لەیاد ناچنەوە
ئاوا ئەو ئێوارەیەم لە یادە
ئێوارەیەک بوو پڕ ئاشوب پڕ ترس
پڕ نیگەرانی و سەرگەردانی
ئا لەو ئێوارەیەدا بوو گوڵێک لە لێوەکانم ڕووا و
باڵندەیەک منی لەسەر باڵەکانی دانا و فڕی بۆ ئاسمان
لەو کاتەدا واهەستم دەکر من لە نەوەی باڵندە و گوڵەکانم
یان بە منداڵی بە شوێن پێی باڵندەکاندا ڕۆیشتووم
لە گەردەلووکاندا بۆ پەڕی باڵە شکاوەکان و
گوڵە وەریوەکان گەڕاوم.

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک



زەینەب یوسفی

# چیرۆکی دەلاقە

بەشی دووەم و سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

لەورۆژەوە کابرا کەوتە بازنەی جەغزەکەوە، دەلاقەی بچووک ئاکامی هات. ئەتۆ نازانی ئاکامی دەلاقە واتە چی؟ ها؟ نازانی؟ ئەمن بۆتی دەگێرمەوە. با. دەیگێرمەوە چۆن چۆنی دەلاقەی بەستەزمان ئاکامی پێ هات. کابرا لە جەغزدا بێ ویست، لەسووڕاندایە، من بەرانبەر بە ئەو لەچوارچێوەی دەرگاکەوە لە سەیرکردندام، بێ ئەوەی هەست بکەم دەلاقە لەشوورا جودا ئەبێتەوە. بێ ئەوە سەیر بکەم دەلاقە ئەبێتە پیاوێک ، وێنەی کابرای نێوان جەغز، دەقاو دەقی خۆی. لەپڕ مۆبایلەکەم لە زەنگ ئەدات، من بەرەو ژوور ئاوڕ ئەدەمەوە، هاوڕێیەکەمە، لەهەندەرانەوە پێوەندی گرتوە، ٤٠ دەقـقەی ڕێک پێکەوە ئەدوێین، من لە قاقای پێکەنین ئەدەم.

چ عەبێکی هەیە حەیاتم؟ نااااا، قەت بە عەیبی نازانم ئافرەتێک وەکوو من لەقاقای پێکەنین بدات، بۆ بە عەیبی دەزانی؟ ڕۆژێکیان ئەم هاوڕێمە بە کامیراکەی دەیان ڕەسمی لەمن گرت دەلاقەی بەستەزمان کە ئێستا خەریکە تووشی گۆڕانێکی مەزن ئەبێت، چاوی پێمانەوەبوو، هەر من ئەم بینی جۆناوچۆن مۆڕم لێ دەکاتەوە، کەس ئاگای لێ نەبوو کە ئەو لەڕاستیدا بۆخۆی مرۆڤێکە. وا دیارە ئێستا من ئیدی خاوەنی دەلاقەیێکی بچووک نیم، سەیر دەکەم کابرا لە بازنەی جەغزدا وەکوو مشکێکی چکۆلانە لە سووڕاندایە. من....

ئێستا... ئەگەر.... بڕوا بکە، ئەگەر لەم ژوورەدا ئاوڕ بدەمەوە، چاوم دەکەوێتە کابرای نێوان جەغزەکەوە. هەی هوو... ئاخر من چووزانم چۆن ئەبێ وابیت؟ واتە من خاوەنی پیاوێکم لەدوو شوێندا؟ هاااا؟ لەیەک کات و دوو شوێن و یەک کابرا؟ بەڵام، باااا، وایە، من چووزانم چۆن وای لێهاتووە؟ هاوڕێیەکەم گوتی: دێمە ماڵتان و چەن ڕەسمی دیکەت لێ دەگرم، گوتم: باشە بەڵام بێ سەر پۆش. هاوڕێیەکەم بە بزەوە گوتی: ئەی بە سەرچاو. من دەمێکە خاوەنی ئەم هاوڕێمە ، هاوڕێیەکی باشە، بەڵام ئەم دەلاقەیە، ئای لەم دەلاقەیە، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم حەیاتم، لەڕاستیدا من ئیدی خاوەن دەلاقەیێک نیم، لەپڕ لەبیرم چوو دەلاقەی پێشوو ئێست بوەتە پیاوەکەی نێوان جەغزەکەو لە هەمان کاتدا کابرای نێوان جەغزەکە هەر لەبازنەکەدا لە سووڕاندایەو بەردەوام عاشقی منەو ئەمەی پشت سەریشم کە ئەگەر بەرەو ئەو بسووڕێمەوە، بێ گومان هەمان پیاوی نێوان جەغزەکەیەو بەردەوام مۆڕم لێ ئەکاتەوە. ئاخر چۆن وا ئەبێت، نازانم ئەبێ لە هاوڕێیەکەم پرسیار بکەم لەوانەیە ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە مەزنە بزانێت.

ئێستا هەر ئەمەندەی لێ دەزانم کەمن لەم کاتەدا، نە خاوەن دەلاقەیێکم کە لەچوارچێوەی ئەوەوە دنیا سێر بکەم و نەخاوەن عاشقێکی تەماویم لەبازنەی جەغزێکی هەتاهەتایی تاکوو هەزاران جار تەفرەی بدەم و دڵی خۆمی پێ گەرم بکەمەوە.

هاوڕێیەکەم ئەیەوێت بێت و دەیان ڕەسمم لێ بگرێت، بەڵام دەترسم، دەمێکە لەتۆ دەترسم، لەوانەیە قبووڵی نەکەم، نازانم ئایا تۆدیسان مۆڕم لێ دەکەیتەوە یان نا؟

## بەشی سێیەم

سەیری خۆم دەکەم لەم ئاوێنەدا،،، چەن دەم بە پێکەنینی، تۆ خۆ وانەبوویت، ئستا من وەکوو تۆم لێ هاتووە، نازانم چیم بەسەردا هاتووە، تۆ بەردەوام لەدواندن و گاڵتەو قسەی خۆش ناکەویت ئایا ئەم هاوڕێیەی تۆ ئیش و ژیانی نیە؟ تۆ، بەڵێ، جەنابت کە بێ کارو بێ عار ئەم ڕۆژانە لە هاتوچۆدایت، بەڵام ئەم خوێڕیە چی؟ ئەی ئەو؟ لەوانەیە ئەویش لەتۆ بکات وئەویش خوێڕیێک بێت وەکوو خۆت، ئەمەوێت بڕۆمە دوکتۆر، هەموو گیانم ژان دەکات، قاچ و قۆڵ و تەنانەت قورگیشم ژان دەکات، مێشکم وەختە بتەقێت، لەوانەیە شەکری خوێنم گرتبێت،،، ئای ی ی ناا خوا نەکات، ئەڵێن زۆر بۆ لاشە مەترسی هەیە، نا، نا، نا، لەوانەیە چونکە دەمێکە دەستم لەپیاسەی ئێواران هەڵگرتووە وام لێ هاتبێت، جەمامم جەمام، هەی هوو چەند پیسی تۆ ئاخرررر ئەمە چ بەزمێکە، گووشی مۆبایلەکەت

ڕەنگی پێوە نەماوە، ئەمەندە لەنێوان لەپتدا ئەیگووشی، بەستەزمانە ئەگەر گیاندار بواتایێ، ئێستا لەنێوان ئەو پەنجانەت هەڵپڕوکابوو، ئەی بە قەبری بابتەوە هەی ئەرێ ئەم سەگ بابە بۆ واز لەتۆ ناهێنێت؟ مەگەر ناڵێن ئەگەر کەس لە هەندەرانەوە بۆ ئێرە زەنگ بدات ئەبێ پارەی زۆر تەرخان بکات؟ هاااا؟ ئەم حیزبابە بۆ واز ناهێنێت؟ ئەمە ٤٠ دەقەی ڕێکە پێکەوە ئەدوێین،،، دەرەوە ئەڕوانم، تۆ دوێنێ، بەتەباشیری سور، جەغزێکی مەزنت کێشاوە، بۆ کیژۆڵەکانی گەڕەک، با لەگەڵ کوڕەکاندا شەڕ ناکەن،،،، کیژۆڵەیێکی جوان لەوێ بە تۆپێک یاری دەکات. وابزانم من دوێنێ شەو خەوێکی سەیرم بەم جەغزە وەبینی، جوان بیرم نایێت، بەڵام وابزانم لەجیاتی ئەم کچەو ڕەنگی ئەم تەباشیرە،.... ئۆففففف چەند ملم ژان دەکات، ئاخخخخخ هەموو گیانم ژان دەکات. لەوانەیە نەخۆشی شەکرم گرتبێت، هەست دەکەم کەسێک لێمی داوە، نەهەهەهەهە بیبرەوە دەی ئەم قاقاو پێکەنینە، بەسی کە بەسیە ئیدی بەسە، تۆ بەدەم قسەوە دیسان پێدەکەنیت و گووشی مۆبایلەکە لەنێوان لەپتەوە جێ بەجێ دەکەیت، بەرەو من دێت، ڕاستی هەر لەبیرتە لەکەیەوە سێکسمان نەبووە؟ هاااا؟ بیرتە، کوڕە ئەم هاوڕێتە مەگەر ئەهێڵێت تۆ بێر لە شتێک بکەیتەوە، ئەزانی لەکەیەوە چاوم بە ئەو لەشە جوانتە نەکەوتووە؟ هەهەهە ئەی داد،،، ئاخرین جار کە ڕووتەوەبوویت بەگوێتدا چپاندم چەن لە ئسپێکی زیوین و جوان ئەکەی حەیاتم، ئۆی...چەن شیرینە ئەو هەموو تیشک و جوانیە لەئامێزدا،، خەریکی چی ئەکەی؟ هاااا؟

نازانم بۆ خەوەکەی دوێنەێ شەوم بیرم ناکەوێتەوە،،، نازانم لەوانەیە هی شەکرەکە بێت، ئەڵێن شەکر کە لەخوێندا پیر بوو مێشک لەکار ئەخات و هیچێک لە زەمیرتدا ناهێتێتەوە، هەرچی بکەی شتێک بیرت ناکەوێت، تەنانەت بیرەوەریە جوانەکانیش لەبیر ئەکەیتەوە، ئەوە چی ئەکەی حەیاتم؟ ئەمن شتێکی نەگونجاوم گۆت؟ هاااا؟ نا نا تکایە وامەکە نااا ئەوە بۆ دنیام لێ تار ئەکەی؟ نازانم لەکوێ بوو خوێندم سێکس جوانترین و شیرینترین بەشی حەیاتی مرۆڤە، ئەی بەقوربانی تەو دەمی بم هەی، بەگیانی تۆ ڕاستە، وایە بەڵام من و تۆ دەمێکە لەیەک دوورین، دوورین و خەمگینانەش ئەژین. کوڕە گیانە وامەکە دەی،،،، بۆ مەگەر نازانی حەزم لەم بەزمانە نیە؟ هاااا؟ ئەی گووی سەگ بەڕۆحی باوکت هاوڕێی هەندەرانی، ئەوە دیسان بۆ دەرەوە پەکێشتی کرد، نانا ئەی من، تو حەیاتم من.....

کورتە چیرۆک



بەکردەروێش

# نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی

لە کاتێکدا بە تولە ڕێگای ئەم نزارەدا بۆ شاری خورماتوو دەڕۆم، زۆر شوێن پێی ساردو ڕچاو بەسەر لێوی ڕێگاکەوە ئەبینم، کە وەک نەقش و نیگار بەجێماون، ئەم شوێن پێیانە لەسەر زۆر شت گەواهی دەدەن، زۆر شت بەدرۆ ئەخەنەوە زۆر شتیش ئەسەلمێنن، ئەوانەی بە درۆیان دەخەنەوە نیگەرانی لە دڵ دەردەکەن، ئەوانەشی ئەیانسەلمێنن داخ ئەنێن بە دڵەوە، ئەم ڕێگایە زۆر کەس پێیدا هاتوون، هەیان بووە هەر سەرەتا کۆڵیان داوەو گەڕاونەتەوە، هەشیان بووە لە نیوەی ڕێگادا گلاوەو هەڵدێراوە، هەبووە سی بەشی بڕیوە، هەبووە زۆرتر، هەبووە کەمتر، بە دەگمەن هەیە بە سەلامەتی گەیشتبێتە هەوارگەو بەردێکی خستبێتە سەر بناغەی ئەم شارە، ڕێگاکەم زۆر بەشەکەتی ئەهاتە بەرچاو، نەمدەزانی ماندوو بوون و برسێتی یان دوری و سەختی ڕێگاکە وایان کردووە هەرەس بهێنم؟ بە ناچاری لەسەر تاشە بەردێکی قەراخ ڕێگاکە فنتکم دایەوە، جگەرەیەکم پێکردو مژێکم لێدا، هیلاکی ڕێگاو تامی تاڵی دوکەڵ، بەرهەمی ئەو ئۆغرەم بوو، بەبی ئەوەی بزانم کەی ئەگەم و کەی ناگەم ملی ڕێگام بەدوای عەولەدا گرتبووەبەر، خوا ئەزانی عەولە لە خورماتوو ماوە نەماوە؟ کی نالّی ئێستا ئەوێشی بە جی نەهێشتووە، بۆ نا ئەی ساڵی دالآش قڕانەکە خۆی حوسەی میمکە حەلیم دەکنەکەیان نەداو ڕۆیشتن دوای سی ساڵ ئینجا گەڕانەوە، ئەوساڵەش نەبوو لە سەر بستی زەوی پەلاماری کوێخا شەلالی داو گۆبەنێکی گەورەی نایەوە، عەولە وەک مریشک وایە جیقنەش دەکاو هێلکەش دەکات، بەرامبەرم زنجیرە شاخێکی بەرزی سەرکەش بوو، هەندی بیرەوەی ڕێگاکە ئەیانتاسانم و هەندێکی تر ئەیان خستمە پێکەنین، ڕاستە ژیان لە گریان و پێکەنین پێکهاتووە،

بەلێم تۆ بڵێی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا لایەنی سێهەمیش نەبێت؟ من دەڵێم هەیە، کەسێکی وەک عەولە کە نەدڵی خۆشەو نە بێزارو غەمباریشە ، نە هیوای بەهیچەو نە چاوەڕوانی هیچیشە، نە غەم بۆ هیچ شتێک ئەخواو نە بە هیچ شتێکیش دڵی خۆشە، ئەو قسەیەشی بەدرۆ خستۆتەوە کە دەڵێ ژیان بی هیواو ئاوات نابیت، هیوای بە چی هەبێت؟ کی ناڵی لەم ڕێگایەدا جرو جانەوە نەیخواردووەو نە بووتە پارویەکی چەوری ڕێگا؟ لەو دەمەدا بیرم لە عەولە ئەکردەوە هەلۆیەک بەسەر سەرمەوە ئەسوڕایەوە، من هەڵۆم خۆشدەوی چونکە هەڵۆ تاقە مەلێکە تا مردن هەر بەهەڵۆیی دەژی، بەرەو دۆڵەکە داگەڕام ، پۆلی کەوی ماندوو بۆ لوتکەکەی تەنیشتم خۆیان ئەکوتا، لە دوو ڕێیانەکەی ئەولاوە ڕێبوارێکی تاین لە پێدەشتەکانی گەرمیانەوە قەدبڕ بۆ بەردەمم دەهات، هەڵۆکە بە حەلحەلەی ئاسمانەوە بەدرۆوە دیار بوو، هەرچی پەڕەندەو پەلەوەری ئەو ناوە هەبوو کێچ کەوتبووە کەوڵیانەوە، جێگایان بە خۆیان نەدەگرت، پاڵ ئەم بنجگەکەو پاڵ ئەو بەردەکەیان ئەکردە لانە، جێگای هەڵۆ لوتکەو باوەشی ئاسمانە لە لوتکەوە بۆ ئاسمان و لە ئاسمانەوە بۆ لوتکە، دەنگی کابرای تاین لە لوتکەکەی بەرامبەرمدا دەنگی دەدایەوە سەوزە سەوزەی دەچڕی، کابرا ولێخێکی سەڵتی بەر خۆی دابوو بۆ شار ئەچوو، بۆ ئەوەی پێی بگەم هەنگاوەکانم گورج کردەوەو شۆڕ بوومەوە بۆ ڕۆخی ئاوەسپی ڕێک لە ئەوەڵ ئاو پێی گەیشتم، پاش سلێو ماندوو نەبوون، بووین بە هاودەمی ڕێگا، ئەو پیاوە کابرایەکی خۆرسکی باڵێ بەرزی نێو قەد باریکی ڕەشتاڵە بوو، خەڵکی خورماتوو بوو لە چەمی داودەوە دەگەڕایەوە، دیار بوو زۆر خەزی لە قسەو دەمەتەقی بوو نەختی گوێشی گران بوو بۆیە زوو زوو هەواڵی زۆر شتی لێم دەپرسی و پرسیارەکانی دووبارە دەکردەوە، لەبەرئەمە وام بەباشزانی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم، تۆزی شەڵتاغ و کەپڵەهەرزیش دیار بوو لە گەرمیان بە پیاوی دەڵێن منجڕ، من لەبیرو خەیاڵی عەولەدا بووم ئەیدۆزمەوە نایدۆزمەوە؟ لەپڕ کابرا وتی: دەبینی ئەوە شتێکە لە بن ڕەوەزەکان دەدرەوشێتەوە، بە مەزەنەی من پارچە ئاوێنەیە تۆ دەڵێی چی؟ وتم بڵێم چی لەوانەیە وابێت؟ بەڵام خۆی وازی نەهێناو هەر قسەی دەکردو بەهەزارو یەک شتی چوواند، کە ئەو قسەی دەکرد خوڕەی ئاوەسپی زۆر شتی لە بنیادەم دەگۆڕی هاژەی دارێکی لی دەکردی بە شەقژەنی باڵی خەرتەلێک، زریکەی مەلێکی دەکرد بە لورەی گورگێک، من زۆر هیلاک و ماندوو برسی بووم تاقەتی قسەکردنم نەبوو، کابراش زۆر حەزی لە دەمەتەقی بوو، من لە بەیانیەوە چاوەڕی بووم ، ڕێبوارێک لەولاوە بێت و ولاخێکی سەڵتی پی بێت و بۆ خورماتوو بچێت تا تاوێک سواری ولاخەکە ببم و لە گەڵیدا بڕۆم ، ئێستاش باش بوو خوا ئەم کابرایەی نارد هەر چۆنی بێت تەحەمولی ئەکەم ولە گەڵیدا ئەڕۆم، دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە شار کابرا فەرمووی لێکردم و وتی: فەرموو میوانم بە، منیش کە کەسم نەدەناسی و شارەزای شار نەبووم لە دڵەوە مەمنوونی بووم و لە بانیشەوە دەمگوت : خوا ئاوایکات دەچمە وتێل ، کابرا وتی عەیبە شتی وا چۆن دەبێت تۆ لە گەڵ منی چۆن

ئەهێڵم بچیتە وتێل و متێل ، ئینجا کوا ئەم شارە وتێلی تیا هەیە؟ هەیەو نییە دوسی خانی پیسو پۆخڵی تیایە، لام داوە ماڵی کابراو چوینە ژوری میوان، دوای بە خێرهاتن و خۆشهاتن، کابرا وتی بە داخەوە کابانی ماڵی لە ماڵ نییە هەردوکیشمان برسیمانە، تۆ دانیشە ئەمن دەچمە متبەق شتێک ئامادەدەکەم ، زۆری پی نەچوو جزوبزی متبەق دەستیپێکرد، لە دڵی خۆمدا هەزارو یەک ختورەم دەکرد، بە خوا بەگوێرەی جزەکەی تاس کەبابییە، نەڕ شیش گۆشتە، گۆشتی سورەوە کراوە، بە خوا قاورمەیە، خێرا خێرا ورگی خۆمم هەڵدەکران، لێدە ئەی گەدەی نەگبەت، لێدە لە گۆشتی سورەوە کراو، ئەمە ساڵێکە پنچڕی گۆشتت نەخواردووە، ئەبی گۆشتی چی بێت، هی مریشکە ، نەڕ کەڵەشێرە ، هی گایە، هی مەرە، هی گۆلکەیە، دەیالا هی هەرچی بێت، خۆمن تێری لی ئەخۆم، گۆشت هەر گۆشتە فەرقی چییە؟ کاکە قەدەرێکی زۆر چاوەڕێم کرد ، دڵم هەر سی و دووی بوو، چی بوو هەر نەیهێنا ؟ خەیاڵ پلێوی خۆم بێزاری کردبووم، دەمگوت تەنیا گۆشت نییە، برنجیشی لە گەڵدایە، تۆ بڵێی چەندم گۆشت بۆ تێکا؟ خۆ ئەم ماڵە لەوەش ناچی دەوڵەمەند بن، بەلام عادەت وایە میوان دەبی ڕێزی لی بگیری و خواردنی باشی بۆ دابنری ، ئەی ئەوە نەبوو کابرای خانەدان تاقە ئەسپەکەی بۆ میوانەکانی سەربری ، کە ئەوان چوو بوون لێی بکڕن! تۆ بڵێی سەوزەو ماستاویشی لە گەڵدا بێت؟ نابی ئەبی لە گەڵیدا بێت؟ شنە بایەکی ناوادە کەمی بۆن و بەرامەکەی دوور خستەوە، لە جیاتی بۆنی گۆشت وپلاو بۆنی قەقنەزو تەپاڵەی سوتاوی هێنا، کابرا هەر دیار نەبوو، لەبەر برسێتی ئۆقرەم لی برابوو، هەستام بە نێو ژورەکەدا سوڕێکم خوارد، زەبای ئیلاهی لی نەبوو، دیسان بۆنی جزوبز هەڵیکردەوە، ملێکم کێشایە دەرەوە سەیرێکی نێو حەوشەکەم کرد حەوشێکی چۆڵ و هۆڵ قەرەی تیا نەبوو، ئەتوت ماڵی دێوو درنجە، لەگەڵ ئەوەی برسیم بوو تینووشم بوو، باش بوو پایز بوو زۆر پێمەوە دیار نەبوو، لە ئاوەسپیش گوێلی دووان ئاوم خوارد بووەوە، ئەگینا تا ئەوکاتە لە تینوا خنکا بووم ، بە خەیاڵی گەرمی گۆشت و جامی ئاوی ساردەوە سەرم نایەوە، لە پڕ ڕەقوهوڕی دەرگا هەڵیساندم، دیتم کابرا بە سینییەک خواردنەوە هاتە ژوورەوە، لە حەژبەتا ڕڕستەپێ قیت بوومەوەو پەلاماری خواردنەکەم داو سینیەکەم لە دەستی کابرا ڕفان ، بەلام هەر زوو خۆم پەشیمان وتەریق بوومەوەو وتم : مام حاجی ببوورە بۆمن شەرمە پیاوێکی وەک جەنابت خزمەتم بکات بۆیە پەلاماری سینییەکەمداو لێم وەرگرتی ، سینییەکەم لەبەردەم خۆما دانا، کابرا چوو جامی ئاو بێنی ، بە پەلە سەری تاوەکەم هەڵدایەوە، گەشکە گرتمی بە خۆمم وت : نەموت؟ خۆیەتی گۆشتە! یان هی قەلە یان هی ماسی سورەوەکراوە ، گوێم لە گەرمی نەبوو بە پەلە سی چوار دانەم لی هەڵدایە دەممەوە، ملچە ملچ دەستم بە خواردنی کرد، تامی گەیشتە قوڕگم سەرم سوڕما، تۆزی وەستام دووبارە تامم کردەوە باوەڕم نەکرد قوتمدا، ئینجا کەمی تەماشام کرد ، دوبارە سی چوار پاروی ترم گلاند لەم کەین و بەینەدا نیوەی تاوەکەم هەڵدا، کەمێک بەر دڵی

گرتم، بەوردی تەماشایەکی پارچە سورەوەکراوەکانم کرد، ئەم دیوو ئەو دیوێکیانم کرد، دیتم ئەمە گۆشت نییە، باینجانی سوورەوەکراوە، لەبەر خۆمەوە وتم باینجان بە زستان؟! لەو دەمەدا کابرا هاتە ژوورەوە و گوتی: ئەرەوەڵا قوربان داوای لێبوردن ئەکەم جگە لەمە شتێکی ترمان نەبوو ، ئێمە لە هاویندا سی ژەمە باینجان دەخۆین، لە گەڵ هەر ژەمێکیشدا ژەمێک بۆ زستان وشک دەکەینەوە، ئێمە هاوین و زستان خواردنمان باینجانە ، ئەوکاتە کەئیتر هەواو هەوەسی خواردنم نەمابوو ، تاڕادەیەک تێریشم خواردبوو، وتم: باشە وا هاوین زانیمان چۆن لێی دەنێن ئەی زستان چۆن؟ کابرا وتی: بە هاوین بە فەردە دەیکڕین و قاژ قاژی دەکەین، خوێی پێوە دەکەین و لە بەر هەتاو وشکی دەکەینەوە بۆ زستان ، زستانیش کاتی لێی دەنێین کەمێک لە نێو ئاوی گەرمدا دەکوڵێنین ئینجا یان لە نێو ڕۆندا سوری دەکەینەوە ، یان دەیکەینە شۆربا ، یان دەیکەینە تەبسی یان قاورمە یان هەرشتێکی تر، من کە ئەوکاتە مەسەلەی عەولەو تاپۆو سەنەدی ئاوایم تەواو لە بیرچوو ببووەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: دەک ماڵی تۆو باینجان و هەتاو زستانیشم بە قوڕ گرت ، سا وەڵاهی ساتێکە بە خەیاڵی گۆشتەوە سەرخۆشم! بەڵام لەبەر ئەوەی برسیم بوو هیچم نەوت و تاوەکەم فڕ کرد تەنانەت پارویەکیم بۆ کابرای خانەخوێش نەهێلایەوە، کابراش کە بەرانبەرم فنتکی دا بووەوە دیتی وا من بە پەلەو شپرزە نانەکەم خوارد ، وتی : ڕاستە برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە ! من ئەو دەمە کە ئیتر زانیم گۆشت نییەو باینجانە سەرم لەسەر سینییەکە هەڵنەبڕی هێندە بە ڕقەوە تەماشای باینجانەکانم دەرکردو قەپم تێدەگرتن دەتگوت بەزۆر پێمی دەخۆن، تاوەیەک باینجان و چوار نانم لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەڵدا، ئینجا دۆڵکە ئاوەکەشم کرد بەسەریدا وتم: ئەلحەمیلا خوانەیبڕی؟ کابرا وتی : عافیەتت بێت خۆ بەدڵت بوو؟ لە دڵی خۆمدا وتم : گەواد هەیە ئەمەی بە دڵ بێت ؟ بەڵام بە دەمی کابراوە زەردەخەنەیەکم بۆ کردو وتم: ئەرەوەڵا دەستت خۆش بێت ، خوا نەیبڕێت چێشتێکی بەتام و لەززەت بوو، دوای ئەوەی پیاڵەیەک چاشم کرد بەسەریدا کابرا لێی پرسیم : قوربان عەیب نەبی جەنابت کوێندەریت ؟ وتم: خەڵکی دێی برایم خوڵامم ! کابرا وتی: کاک برایم خێرە وا ڕێت کەوتوەوتە ئەم ناوچەیەی ئێمە، بۆ خوڵامی هاتووی ؟ ئەی لای خۆتان کارو کاسبی نییە؟ وتم: قوربان ناوم برایم نییەو بۆ خوڵامیش نەهاتوومەتە ناوچەکە ، بەڵام چەکەکەم نەختی قایم لە دەم هاتەدەر، کابرای خانەخوی گوتی: کاک برایم بە عەیب نەبێت چەکت بۆ چییە؟ وتم : حاجی گیان چەک ناڵێم ناوچە دەڵێم ناوچە، بەم بگرەو بەردەیەوە بانگی عەسریدا حاجی رەحیم هەستا دەستنوێژی گرت و قامەتی دابەست، منیش لەبەر خاتری ئەو چوم دەست نوێژم گرت و چوار رکات نوێژی عەسرمکرد، ماڵی حاجی رەحیم لەم پەڕی شارەوە بوو، بۆیە پاپشە یاپشە بەرەو چەقی شار کەوتینە ڕێ ، حاجی لە ڕێگا هەر قسەی دەکرد و منیش هەر سەرم بۆی دەلەقان، باسی شاری دەکرد ئەیوت: شار تێکەڵەیەکە لە کوردو جولەکەو تورکمان ..گەڕەکی جولەکەکان دەکەوێتە سەر ئەم

جۆگایەو بە درێژی جۆگاکە درێژ بووەتەوە، زۆربەی ماڵەکانیان لە قایەو گەچ دروست کراوە نەک وەک ماڵەکانی ئێمە کە هەمووی لە قوڕ دروست کراوە، گەڕەکی تورکمانەکانیش لە پاین گەڕەکی جولەکەکانەوەیەو تا ناوبازاڕ دێت، بە شێک لە ماڵەکانی ئەمانیش وەک ماڵی جولەکەکانە، بەڵام گەڕەکی کوردەکان دەکەوێتە خۆرئاوایی شارەوە، بازاڕی شاریش پێکهاتووە لە چەند قەیسەرییەک، کە هەمووی بە قایەو گەچ و گومبەز دروستکراوە، سی چوار خانیشی تێدایە ئەوانەی لە ئاوایەکانەوە یان لەملاو ئەولاوە دێن بۆ شار دەچنە خان، زۆرینەی بازاڕ بەدەستی جولەکەکانەوەیە، تورکمانەکانیش بڕێکی کەمیان نەبێت شەریکی جولەکەکانن باقیەکانیان لەبەر دەستی ئەواندا شاگردی دەکەن ، یەکێک لە قەیسەریەکان تایبەتە بە ئاسنگەرو دارتاشەکان کە زۆربەی پێداویستی ماڵان لەم بازاڕەدا دروست دەکری ، یەکێکیشیان تایبەتە بە قوماش و پۆشاک و جل وبەرگ، ئەوەی تریان هی خواردن و پێداویسی ژیانی ڕۆژانەیە، کە گەیشتینە نێو بازاڕ دیتم جۆگەیەکی ئاوی گەورە بە نێو شاردا تێدەپەڕی ئاوێکی پاک وسازگاری هەبوو لقێکی بە نێو بازارەکەدا لی جیا دەبووەوە، دەگەیشتە بەر دەرگای ئەو خانەی کە دواتر من لێی نیشتەجی بووم، ئەو خانە هی ناحوم جولەکە بوو، بێجگە لەم خانە دوو خانی تریش هەبوو یەکێکیان خانەکەی عەسکەرەکەڕو ئەوەکەشیان خانەکەی حەمید توتنچی بوو، ناحوم جولەکە کوردیەکی پەتی قسەی دەکرد ،چەند شەوێک لە خانەکەیدا مامەوە ، لەو ماوەیەدا بڕێک مەیانەمان پەیدا کردو بووین بە ئاشنا، دوای ئەوەی زانی بە منالّی لەلای مەلا سدیق قورئانم خەتم کردووەو چەرتەیەک خوێندەواریم هەیە ئێستاش خەڵکی ئاوایی ناردومیان بەشوێن کابرایەکدا بگەڕێم بەناوی عەولە کە هەموو سەنەدو تاپۆی ئاوایەکەمانی دزیوەو هاتووە بۆشار، بزەیەک گرتی وتی: کاک نامۆ ئەو کابرایەی جەنابت باسی دەکەی هەفتەیک پێش ئێستا لەم خانەدا بوو، لەبەر چاوی خۆم ئەو تاپۆو بەڵگەنامانەی ئاوایەکەتان کەباسی دەکەی هەمووی فرۆشتە چەند دەوڵەمەندێکی عارەبی خەڵکی بەغا و خۆیشی ڕۆشت بۆ کەرکوک ، هەر لەو دانیشتنەماندا پێی گوتم مادامێک خوێندەواریت هەیە وەرە لەلای خۆم دەتکەم بە دەفتەرداری ئەم خانە لەوانەشە ماوەیکی تر کۆچ بکەم وبڕۆم ،ئەوکات هەمووی دەبێت بەهی خۆت، پێشنیارەکەی ناحوم جولەکەم پی باش بوو ، بووم بە دەفتەرداری خان، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیم عەولە لە خورماتوو نەماوە جاروبار لەملاو لەولا هەواڵیم دەپسی و بۆی دەگەڕام ، ڕۆژێکیان لە کاتیکدا لە گەڕەکی تورکمانەکان سۆراخی عەولەم دەکرد بێوەژنێکی تورکمان جامێک ئاوی دامی لەو ڕۆژەوە یەکترمان خۆشویست و دواتر خواستم و بووم بە زاوای تورکمان و بووم بە خەڵکی شار ، پاش چەند مانگێک نامەیەکم نارد بۆ خەڵکی ئاوایی تیا نووسیم: بمبوورن من کە لە ئاواییەوە هاتم بۆشار تا عەولە بدۆزمەوە، بەداخەوە خۆم لە شاردا ون بووم و ئێستا پێویستیم بە عەولەیەکە بمدۆزێتەوە.

کورتە چیرۆک



بورهان ئەحمەد زەنگنە

# سەردان

خۆزگەم قسەی ئەوەم بە منداڵەکانم نەدایە، کە ئەمشەو لە ماڵی داپیرەیان بمێننەوە، وا بۆ ساڵێک دەچێ تەنیا مۆڵەتی ئەوەیان دەدەمێ، کە سەر لە بەیانیان بڕۆن و بۆ سەر لە ئێوارە هەمان ڕۆژ بێنەوە. لێ نازانم ئەم بەیانییە بۆچی بەوە قایل بووم؟ کە ئەمشەو لە وێندەر بمێننەوە...؟



پێدەچێ ئێوە بە پیاوێکی دڵپیس، یان کۆنە پەرست، یاخود بە پیاوێکی شەهوانی و هەوەسبازم بزانن بەوەی کە من ڕێگە بە خێزانەکەم و منداڵەکانم نادەم بەجێمبهێڵن و لێم دوور بکەونەوە، بەڵام بڕوام پێ بکەن! من هیچ کامێ لەو جۆرانە نیم.. حەزیش دەکەم بەڕاشکاوی هۆیەکەیتان پێ بڵێم هۆی قایلبوونم بەوەی ئەوان ئەمشەو لەوێدا بمێننەوە،

هۆیەکەی تەنیا ئەوەیە کە من ساڵێکە نەخۆشم، ڕەنگە ئێوە بپرسن و پێم بڵێن:

– ئەی کە نەخۆشی، بۆچی بە پزیشکێکی پسپۆڕ و شارەزا خۆت پیشان نادەی..؟

ئاخر ئەم نەخۆشییە جیاوازە، هەموو ئەندامێکی لەشم لەوانەیە لە هی زۆربەتان ساغ و سەلامەتتر بێ، وەلێ ئەم نەخۆشییە لە ناخمەوە ڕیچکەی گرتووە، لەوێوە سەری هەڵدا، ناووکی ترسێک لە دەروونمدا چەکەرەی کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای ئەو نەمامە بەرزتر و بەرزتر دەبێ، ڕەنگی گەڵاکانی ترسێکی تۆخە، بۆنی گوڵەکانی عەترێکی گەرم و تیژە، ئەم ناوە و دەور و پشتمی ترس پڕێن کردووە، بیر لە ئێستام دەکەمەوە دەترسم، لە سبەینێم، زیاتر دەترسم، لە مانگێکی تر زۆرتر، لە ساڵێکی تر زیاتر و زیاتر دەتۆقم، هەندێ جار دەبمە پارچەیەک لە ترس، چۆن زەندەقم نەچێ.. خۆ من تا ئێستا نەمتوانیوە خانوویەک بۆ منداڵەکانم بکڕم تەنانەت لە گەڕەکێکی زۆر میللیشدا، ئەو خانووەشی کە تیایدا دەژین میراتە و بۆمان بەجێماوە، چەند کەسێک لە کوڕەکانی پوور و خاڵۆکانیشم چاویان لێی داوە، ئەمە ماوەیەکیشە بەتەمای فرۆشتنین، نیازی فرۆشتنی خانووەکە هەڵس و کەوت و ڕەفتارییانی گۆڕیوە، زۆر کەڕەت ئاگام لێیانە، باس لە بەشە میراتی و چۆنێتی دابەشکردنی پارەکەی دەکەن. زەمەن و پیربوونیش بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، (ئای.. تۆ بڵێی پێش ئەوەی بمرم، بتوانم خانوویەک بۆ منداڵەکانم بکڕم؟) گەلێک جار خێزانەکەم گلەیی و سەرزەنشتم دەکات و پێم دەڵێ:

– تۆ بۆ ئەوەندە بیر دەکەیتەوە.. بەخوا بەخوا ئاوەها بمێنیتەوە دەبێ شێتیش بی، جا ئەو کاتە حەیاشمان سەرباری.

– باشە، باش ئافرەت ئیتر بیر ناکەمەوە.

ڕۆژێک، دوو ڕۆژ خۆم دەگرم، بیر ناکەمەوە، کەچی لە پڕێکدا داڵاشی ترسەکە لە ناخمدا دەنیشێتەوە، باڵندەکانی ئارامیم دەکەوتنەوە باڵەفرکێی ترسێکی گەورە، لە ماوەی ئەو یەک دوو ڕۆژەدا کە ڕۆشنایی ترس ئاسمانی خەیاڵمی جێدەهێشت، کە خۆرەکەی ئاوا دەبوو ئیدی من دەرئەنجامی نەمانی ترس و ڕەوکردنی لە خۆم دەکەوتمە گومانەوە، گومانێکی گەورە، بەقەدەر گەورەیی خودی ترس، بە بارستایی و سەنگی دەرهاویشتەکانی، ئیدی جۆرێکی تر لە ترس دەبووە میوانی ژوورەکەم، بەڵام میوانێکی ڕوو درژ و ڕۆح قورس، ئەم ترسە لە منداڵدانی نەترسانەوە لە دایک دەبوو، لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە من بۆچی بیرناکەمەوە، بۆچی ناترسم.؟ بۆیە نەترسان زیاتر دەمیدا بە دەست شەپۆل و ئارەزووەکانی ترسەوە. ئای خۆزی ئەمجارەش وەکو گەلێک جارەکانی تر بەڵێنم پێتان نەدایە کە ئەمشەو ئێوە لە ماڵی داپیرەتان

بمێننەوە، ئاخر من پێشتر گەلێک داواکاریتانم پشتگوێ خستبوو، با ئەوەی ئەمرۆشتان یەکێک بوایە لەوانە، لەبەر ئەوەی داواکاری ئەمڕۆتان گەلێ جیاواز بوو لەگەڵ داواکردنی پێڵاو، کڕینی جل و بەرگی جوان... هیچ لەسەرم نەدەکەوت، پارەی تێنەدەچوو، بۆیە قایل بووم ئێوە ئەمشەو لە ماڵی داپیرەتان بمێننەوە، بە مێشکی پاکی منالانە و بە حەزی دڵە بێگەردەکەتان دەتانزانی ئەم جۆرە داواکارییانە هیچ لەسەر باوکتان ناکەوێ، بۆیە سوور بوون لەسەری، پەیتا پەیتاش دەتانووت:

– دەی باوکە توخوا با ئەمشەو لە ماڵی نەنکمان بمێنینەوە

– خۆ، تۆ چەنێکە نایەڵی تەنیا شەوێک لەوێ بین

– حەیاتم باوە، نەنە مەتەڵی خۆشمان بۆ ئەگێڕێتەوە

سەرەڕای ئەوەی کە دایکتان لە سەرەتادا دەیووت:

(نا نا.. ناڕۆین باوکتان بەتەنیا ئەمێنێتەوە)

بەڵام کە زانی قایلم ئەویش پێی خۆش بوو، حەزی دەکرد شەوێک لەگەڵ دایکی و براکانی بباتە سەر و کەمێکیش لە کەش و ئاو و هەوای ماتەمینی دوور بکەوێتەوە و فەزای دڵە ڕاوکێ و نائارامیی بەجێبهێڵێ، مافی خۆیەتی وا بۆ ساڵێک دەڕوا زۆر کەم لەگەڵیا دەدوێم، لە گەلێک باس و خواستدا ئەو دەستپێشکەری دەکا و دەمهێنێتە زمان، زۆر شەو لە شرین خەودا لە هاوار هاوارم ڕادەچڵەکێ و بە ئاگام دەهێنێتەوە، لە جیرە جیرێ ددانەکانم تەواو قەڵس و بێزار بووە، لە ماوەی ئەم ساڵەدا زۆربەی شەوەکان تا چەند جارێک نەڵێم ئای دایە.. دایکە گیان برژانگەکانم دواماچی ئەو شەوەی یەکتری ناکەن و خەو نابێتە میوانی چاوەکانم. ئەمڕۆ قایل بووم کە ئێوە ئەمشەو لە ماڵی نەنکتان بمێننەوە، ڕەنگە ئەم ڕازیبوونەم لەو هەستەوە هاتبێ کە من هەست بە کەمی دەکەم بەرانبەر بەوەی ناتوانم گەلێ داواکاریتان جێ بەجێ بکەم، بەڕەزامەندی خۆم نییە، ناچارم کە زۆر حەز و ئارەزووتان پشتگوێ بخەم. پڕکردنەوەی بۆشایی ئەم خۆ بە کەم زانینە ڕەنگە لەو ڕووانگەیەوە سەرچاوەی گرتبێ گوایە منیش باوکم و پێویستییەکانتان بۆ دابین دەکەم. نازانم بەرانبەر بە ئێوە من تاوانبارم، یاخود کەسێکی تر تاوانبارە، تاوانبار و بێتاوان ناناسرێن، لە یەکتریان جیا ناکەمەوە، گوناهبار و بێگوناه وەک یەک خۆیان نمایش دەکەن، جەلاد و قوربانی خۆیان بە مەغدوور و زوڵملێکراو دەزانن، خەتاکار و بێ خەتا لەسەر یەک ڕیتم و یەک ئیقاع بەردەوامی بە گۆرانییەکانیان دەدەن، ئەوەتا منیش بوومەتە تاوانبار، بوومەتە بێ بەزەیی و خەتاکار، بوومەتە بکوژی خۆم، ڕۆژانە خوێنی خۆم دەڕێژم و کەچی هەر زیندووم،

بەسەر دیواری لاشەکاندا باز دەدەم و پێم لە تەرمی دڵی خۆم هەڵدەکەوێ، بۆ ئەوەی کەمێک ئەم ڕۆحە سەرما بردووەم گەرم بکەمەوە، باخچە نابوێرم، دەست بۆ باخەڵی گوڵ دەبەم، گیرفانی گەڵا و خونچەکان دەپشکنم، بۆ ئەوەی گیرفانەکانی خۆم گەرم ببنەوە بە من بێت هەرچی گیرفانی تر هەیە بیکەمە یەک گیرفان و بیدوورمە قەد یەکێک لە پاڵتۆکانمەوە، گەلێک لە شەوان دەمەوێ دوا سزای تاوانەکانم بدەمەوە، چیبکەم لە دادگای مێشکی خۆمدا، خۆم بە تاوانبار دەزانم، ئاخر باوکێک بۆچی نەتوانێ پاشەڕۆژی منداڵەکانی دابین بکات، بەڵام کە نیگا پاکیزەکانتان لە خەوی شریندا دەبینم پەشیمان دەبمەوە و لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

(مانەوەی دەستی بەزەیی و پڕ میهری باوکێک لە بڕینەوەی چاکترە).

خۆزگا و سەد خۆزگا ئەم بەیانییە بەڵێنم پێتان نەدایە کە ئەمشەو لە ماڵی داپیرەتان بمێننەوە، منیش ئێستا ئاوەها، هەستم بەم تەنهاییە کوشندەیە و ئەم ترسە مەزنە نەدەکرد، ئەوەتا لە ژوورەکەم خۆم ناگرم، لێم بووەتە جەهەنەم، لێم بووەتە گورگێکی برسی و هاری زستانێکی سەراپا بەفرانبار، دەچمە دەرەوە، لە حەوشەکەدا تەماشایەکی ئاسمان دەکەم، مانگ لەژێر عەبا و پەچەی پەڵە هەورێکدا ڕەنگی سوورێکی کاڵی لە خۆ گرتبوو، مانگ لە زەینی مندا هەر لەوێنەی ژنە کوژراوەکانی ڕۆژهەڵات دەچوو، بێجگە لە ئەمشەو من گەلێک شەوی تریش هەستم بە گریانی مانگ کردووە، گوێم لە ناڵەی ئەستێرەکان گرتووە، لەگەڵ مانگدا گریاوم و لەگەڵ ئەستێرەکاندا شیوەنم گێڕاوە، دەمێکە درکم بەوە کردووە ئیشی من کۆکردنەوەی گەڵای ڕژاو و عەتری پژاوە، کاری من لکاندنەوەی پارچە پارچەی وێنە دڕاوەکانە بە یەکترییەوە نەک کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی شتی تر، ئەرکی من بەشداریکردنی ترسەکانی ئاو و نیگەرانییەکانی باغ و دڵەڕاوکێی باڵندەکانە، لە دەرەوەدا نەحەپەی سەگێک، نەمیاوەی پشیلەیەک نابیستم ئارامییەک بخاتە ئەم دڵە مەئیوسەمەوە، هەر بۆیە زیاتر دەترسێم، من ئەمشەو تەواو تێگەیشتم کە بێدەنگی و کپی و خامۆشی جۆرێکی تر لە ترس دروست دەکات، دەشێ کاریگەرترین و کوشندەترین جۆریان دروست بکات، بەڵام ئەوەی جار جارێک دڵنەواییەک بە ڕۆحم دەدا دەنگی زایەڵەی گریانی یەکێک لە منداڵەکانی دراوسێکانە هەرچەندە بۆ منداڵەکە و خاوەنی گریانی ئازارە و دڵتەنگی، بەڵام بۆ من پێم خۆشبوو گوێ لە دەنگی ئینسانێک بگرم تەنانەت ئەگەر دەنگی گریانیشی بێت، لە دەرەوە خۆم ناگرم، دێمە ژوورەوە، پێش ئەوەی بگەمە ژوورەوە، دەرگاکەی بەر مستەکۆڵە دەدەم، دەمەوێ بیهێنمە زمان، بیهێنمە وەڵام، دەخوازم ببێتەوە بە درەختە سەوزەکەی جاران لە ئاوی ڕێکردووی تەنیایی و ترسی ئەم شەوم بمژێ. بێدەنگی دەرگا و پەنجەرە و دیوارەکان تۆم بیردەخەنەوە کە چۆن توانیوتە نزیکەی دە ساڵ دوور لە هەموو کەسێکت بژی، لە

هەموو شتێکی ئێرە دابڕێی، لە زۆربەی نامەکانتا کە بۆمی دەنێری بۆنی سکاڵا کردن لە دەست تەنهایی لێدەکەم، لە نامەکەی سێ چوار ڕۆژێک پێش ئێستاتدا کە بۆمت ناردبوو، نوسیبووت (تۆ گەلێ لە من باشتری، خاوەنی خێزانی و سێ منالّی جوان و ناسکت هەیە، ئێمە زۆربەمان ناتوانین خانەوادە پیکەوە بنێین، ئەگەر بشتوانین زۆر زەحمەتە هەتا سەر لەگەڵ یەکدا بگونجێین، تا سەر بێ، لێرەدا هەموو شتێک، سۆز و شتە ڕۆحییەکان دەهاڕرێن، جگە لەمەش دڵیشمان دەرچێتە دەرەوە، کەسێک نییە لەپی بۆ بگرێتەوە) لە کۆتایی نامەکەیشتدا داوات کردبوو کە چەند پەڕەی گوڵێک بخەمە دوو تۆی نامەیەکەوە و بۆتی بنێرم، سەیرم دێ لە ئێوەمانان کە چۆن دەتوانن..؟ هەموو عومرتان غوربەت بێ کەچی من تەنیا شەوێکە و وا خەریکە ڕۆحە ئەفسووناوییەکەم لە گیانم دەردەچێتە دەرەوە، نازانم ئەم هەستەم بە نامۆیی و تەنیاییە هی ئەوەیە کە من هەشت ساڵە هۆگر و هاولفی کەسێک بوومە و چەند ساڵێکیشە منداڵەکانم وایان لێ کردووم کە ئەمشەو نەبوونی ئەوانم تەواو پێوە دیار بێ.

(ئای، خودایە من شێت بووم، خودایە ئێرە کوێیە، من لە کوێدام، لە کام شوێنی ئەم دنیایەم، پەروەردگار، ئەم ماڵە ماڵی کێیە، ماڵی منە یان ماڵی کەسێکی ترە، ئەم گەڕەکە کام نەخشە دەیگرێتە خۆی، ئەم شارە دەکەوێتە کام گۆشەی ئەم زەوییەوە، بۆچی سەرم لێ شێواوە، بۆچی جێگاکان ناناسمەوە، لە قولاییمدا هەستی مۆڵکداری مردووە، لەم زەوییە پان و بەرینەدا لەبەرچی خاڵێک نییە من بگرێتە خۆی، ژورێک نییە ئارامیم بداتێ، وا هەست دەکەم هەموو شوێن و جێگاکان دوژمنداریم لەگەڵدا دەکەن، ناحەزی و غەریبی ئەو شوێنەی تیایدا لە دایکبووم هەتاکو کوێ دەڕوات، ململانێی من و جێگاکان هەتاکو کەی بەردەوام دەبێت، ئەمە چ شوێنێکی بێ بەزەیی و بێرەحمە ئاوها و بەم چەشنە دڵرەق و ناکۆکە لەگەڵمدا، ئاوها ستەمکارە دەرحەقم، ئاوها بەم جۆرە ئازارم دەدات، ئەمە چ چەشنە عەزابێکی بە چێژە مرۆڤ بە دەست شوێنەوە دەیچێژێ، ئەمە چ جۆرە ئازار و ناسۆرێکی بەتامە ئەو ژوورەی تیایدا لە دایک بوویت دەیکاتە دیاری بۆت، ئەمە چ برینێکی گەورەیە شوێن لە جەستەی ئینسانەکاندا دەیکێڵێ..؟)

زۆر کەڕەت دایکم تاپۆیەکی لەنێوان دەیان و سەدان نامە و کاغەزی تردا دەردەهێنا و دەیووت:

– کوڕم لە هەموو شتێک زیاتر، لە هەموو نامە و کاغەزەکان زۆرتر ئاگات لەم کاغەزە ڕەشە، لەم تاپۆیە بێت.

بەڵام هەنووکە نازانم بۆچی ئەم تاپۆیە و هەموو تاپۆکانی دونیا هیچ گرنگ نین بەلامەوە، تەنانەت ئەگەر بە دەیان تاپۆش بەناومەوە بن، ئەگەر خاوەن دەیان خانوو، دەیان کۆشک و دەیان

ئەپارتما بم من هەر پێویستیم تەنیا بە یەک ژوور و یەک چەرپایە هەیە تیایدا پشوو بدەم و لەسەری بنووم، من ئەگەر خاوەن سەدان هکتار و دۆنم زەوی کشت و کاڵی بم، ئەگەر ڕەز و باغ و مەزراکانی من چەندین دۆنمی جۆراوجۆر بن، من تەنیا لە ژەمێکدا هەر ژەمێک خواردن زیاترم پێ ناخورێ، لەشی من ڕۆژانە هەر لە سێوێک زیاتر یاخود پرتەقاڵێک زیاتر پێویستی پێی نییە، کەواتە من چیم داوە لە ژمارەی خانوو، لە جۆری ڕەزەکان، لە زۆرکردنی هکتار و دۆنمەکان، لە زۆرکردنی ژمارەکان، لە زیاترکردنی تاپۆکان، من پێویستیم بە تەنیا یەک تاپۆی ڕاستەقینە هەیە، یەک تاپۆی یەک ماڵ و یەک خانوو کە ئەو هەستەم پێ ببەخشێ منیش خاوەن ماڵ و خانووم، من پێویستیم بە موڵکدارییەک هەیە مرۆڤایەتی تاپۆکەی بێت، موڵکدارییەک بەشی هەمووان بکات، هەمووان لە ڕەهێڵە و سەرما و خۆری سووتێنەر بپارێزێ، هەموانیش بتوانن خۆمان بە خاوەنی بزانین و هەر یەکەش ژووری تایبەتی خۆی تیادا هەبێت، تاپۆی موڵکداری ژووری مرۆڤبوونی خۆی. (ئای خودایە من شێتبووم یان ئەوەندە چوومەتە نێو خەیاڵەوە، ئەوەندە جڵەوم بۆ ئەندێشەکانم شل کردووە بۆیە ئێستاکە لە پێش چاومدایت و دەتبینم، یان لەبەر ئەوەیە کە لەم ساتە عومرەی ئێستام بوومەتە وێنەیەکی کت و متی تۆ و لە چوارچێوەی ئەو غوربەتەی تۆ لەوێدا تێی دەژی، یادی تۆیە و هاتۆتە زەین و جەستەی منەوە. نا.. نا.. ئەوەتا لە بەرچاومی، هەناسە ئەدەی، هەمان زەردەخەنەی جاران لەسەر لێوتە ئەیناسمەوە، زۆر کەم گۆڕاوی، بەس کەمێک قەڵەو بوویتە، پرچیشت ماش و برنجی خۆی نیشان دەدا. تۆ بڵێی چاوەکانم درۆم لەگەڵدا نەکەن) بۆ ساتێک بێ دەنگ بووم، واقم وڕ مابوو، تۆش یاقوتی بزە و خەندەکانت لەژێر تیشکی گڵۆپە نیۆنەکەدا دەبریسکانەوە، کە زانیت خەریکە تەواو دەشڵەژێم، دەمەوێ هاوارێک بکەم، بە زمانێکی هێمن و دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەمبیست وتت:

– ئارامبە، من ئەوم

– ئاخر چۆن بڕوا بکەم..؟

– بڕوا بکە، ئاواتی براتم

– تۆ پێش دە ساڵێک ڕۆیشتیی و تەنیا بە نامە هەواڵت دەزانین، ئێستا چۆن بڕوا بکەم کە ئەوی..؟

– ئەتەوێ شوێنی برینی ئەو پارچە بۆمبایەت پێ نیشان بدەم کە لاڕانمی سمی، خۆ لە بیرتە چەند شەوێک لە نەخۆشخانە بە دیارمەوە بووی

– ئەو ڕۆژگارانە لە بیر ناچنەوە..!!

– ئەمە دە ساڵە قەت بیرت لەلامان نەبوو؟

– زۆر کەم

– لەبەر چی، چۆن توانیت.؟

– چونکە ماوەیەکی زۆر برسی رووالەتەکانی ئەوێ بووم

– ئەی ئێستا...؟

– لە هەموویان تێر بووم

– کەواتە مەرۆڕەوە..؟

– جارێ ناتوانم

– کەوابوو دیسان بۆ باوەشی غوربەت دەگەڕێیتەوە..؟

– هێشتا ئەمە قەدەرمە، ئەمەم لە چارەدا نووسراوە

– ئەمشەو چۆن توانیت بگەیتە ئێرە...؟

– رۆحم هانیدام، داوای ئێوەی لێم دەکرد.

– ئەمشەو تۆ نەبوویتایە لە تەنهاییدا دەمردم

– ئێوە لە ماڵی خۆشتان هەست بە تەنیایی دەکەن..؟

– ئەمە سەدەی غوربەت و وێڵبوونی رۆحی ئینسانە

– وا مەڵێ، ئێوە باشترن، ئەم شارەی تیایدا لە دایکبووی گشت جێگایەکی باوەشت بۆ ئەکاتەوە، تەنانەت گۆڕستانەکەیشی!

– وەرە براکەم لە باوەشت بگرم

– نا.. نزیک مەبەرەوە لێم

– پێم بڵێ بۆچی...؟

– پێش ئەوەی بڕۆمەوە پێت ئەڵێم

– ئەی بۆ ئێستا نەبێ...؟

– ئێستا کاتی ئەوەی نییە، پێم بڵێ نە باوک نە دایک نە منداڵەکانی تۆ بۆچی هیچیان دیار نین...؟

– باوە بەسەردان چووەتە ماڵ ئازادی برامان، منداڵەکانی من لە ماڵی داپیرەیانن، دایەش

ھەواڵنامەی کتێب

سەفەرە ئەبەدییەکەی کرد

– ژوورەکە بۆنی دایکمی لێ دێ، با ئەو سەر ئاسکەی قەد دیوارەکە تێر تێر ماچ بکەم.. ئای ئەوە ئەم دیوارە ئەستوورە درزێکی گەورەی تێ کەوتووە!! بۆ دەستێک بەسەر خانووەکەدا ناهێنن..؟ لە دەرەوەش بینیم دیوارەکانی ڕزیبوون، لە زۆر لاوە خەریکە دەڕووخێ

– فریای دیوار و خانوو ناکەوین

– پێمت نەووت چۆن ئەمشەو گەیشتیتە ئێرە..؟

– ئەزانم ئەم جۆرە شتانە داواکاری ڕۆحن، بەڵام ئێستا تۆ حەقیقەتی و لەبەر دەممدای، با بێم بە خۆمەوە بتگوشم

– نزیک مەبەرەوە لێم، کاتی ئەوەم هاتووە بڕۆم، با لە دڵیشتدا نەبێتە گرێ، من ئێستا خراوەمەتە نێو تۆڕی بەرنامەیەکەوە ئامێرێک لە گیرفانمدایە بە حوکمی ئەو ئامێرە ئەبمە گەردیلە وەک شەپۆلەکانی دەنگی نێو جیهازێکی بێ تەل کە چۆن دەنگ ئەگۆڕێتە گەردیلە و لە هەوادا ئەفڕن ئێستا پاش چەند دەقیقەیەکی تر پەنجەم ئەخەمە سەر دوگمەیەکی دیاریکراوی ئامێرەکە، ئەبمە گەردیلە، بە چەند چرکەیەک وەکو دەنگ لە هەوادا ئەفڕم و ئەگەمە شوێنی خۆم، بۆیە ئەمووت نزیک مەبەرەوە لێم نەوەک شوێنێکت بەر ئامێرەکە بکەوێ پێش وەخت ببمە گەردیلە و بەو لەوادە لە فەزادا پەخش ببمەوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پێت بڵێم خواحافیز و ماڵئاوا، سڵاو و ڕێزم بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە نەمیانبینی و نەیانمبینی، دەستی باوکم ماچ دەکەم، ڕێزم بۆی هەیە، بەهیوای هاتنەوەی یەکجارەکی، ئاگاتان لە یەکتری بێت، هەرگیز او هەگیز ئەمشەوت لەیاد نەکەی.

دەستێکی بۆ گیرفانی برد، ئامێرەکەی دەرهێنا، پەنجەیەکی خستە سەر یەکێک لە دوگمەکانی، وردە وردە جەستەی گۆڕا، ڕەنگێکی تری پۆشی، شێوازێکی تری لە خۆ گرت، تەمێکی زۆر کاڵی سپی دروستبوو لە شێوەی ئینسانێک، وەک ئەوەی بایەک لە لوولەیەکەوە دەربچێت باریک و باریکتر بووەوە تا چووە قەبارەی ئەو پەنجەرەیەی کرابووەوە هەر لە پەنجەرەکەوە دەرچووە دەرەوە، بزر بوو.

چیرۆک



زایەر زەنگنە

# ڕیتوالی مێژوویی دێرینەکان

* جانەوەرە سەیرەکە گۆچانەکەی ئەدا بە زەوییەکەدا، لەپایینی هەموو پێکدادانێکی میانەی نوکی گۆچانەکە و کەڤرەکەدا ڕیتواڵێکی سەیری ئەچڕی، چاوەکانیشی ڕەنگیان دەگۆڕا، سپێنەکەی وەک بەدەست ڕەنگ بکرێت ترنجی پێوە دەنیشت، دواتر تا دەهات تێرتر دەبۆوە و ڕەش دادەگەڕا، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕیتوالەکەدا دەنگی پێکدادانەکەشی ئیقاعێکی ترسناکی لێوە هەڵدەستا، خوێندنەوەکەی دەبووە نەڕەیەکی سامناک چاوەکانیشی دەبوون بە گۆمی خوێن.. ڕەنگی زەوییەکەش لێڵ دەبوو، پێچی مێژوو چوون ئاوەژووکردنەوەی ئاوی ڕووبار دەکەوتە بەردەم پاشەکشەیەکی سەیر و بە پەلەپەلێکی چاوەڕوان نەکراو شەو دەگەڕایەوە و تاریکی دادەهات، تا دووبارە خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدەهاتەوە، پەڵە هەورەکان چوون قژ ڕنینەوەی دوێتەیەکی باوک کوژراو هەواریان ڕووە و باشوور تێک دەنایەوە، هەموو ئەم شتانە لە چرکەساتێکدا ڕوویان دەدا، بوونەوەرە ترسناکەکەش وەکو ئەوەی فێی لێ نیشتبێ دەیبۆڕاند، هاوارێک کە تا توخبەکانی دۆزەخ درێژ دەبوونەوە.. هێشووی ئەو بەردانەی لە سەردەمەکانی جەنگەوە بەکەوتنە خوارەوەیان لەژێر لێزمەی خومپارە و ڕەهێڵەی گوللەباراندا شێوەیەکی ناقۆڵایان بەخشیبووە کەلاوەکە... بێ ئەوەی دەستێکیان بگاتێ خۆیان بیراز دەکردەوە، فوارەی خوێ لە زەوییەکە هەڵدەنیشت و بە درزی برینەکاندا هەڵدەکشایەوە، مێژووی دێرینەکان لە دۆزەخەوە

ئەتکایەوە بەسەرماندا دەتووت هەڵهێنانەوەی خەونێکی سامناکە ئێق ئەداتەوە بەسەر زەویدا. مێژووی خوێن و مێژووی جەنگ و قارەمانەکان لەبن هەنگڵی کاتەوە دەکەوتنە خوارێ و وەک هێلکە دەچوقان

بمبورە ناتوانم قسەکانت بۆ تەواو بکەم دەمەوێ لەم چارەنووسە دروست کراوە هەڵێم...

– بەڵام مەحاڵە ئەتۆ بە خۆت کلکی دەجاڵت گرتبوو تابیتە خودان هەموو شتێ

* ئەمەیان هەرگیز ڕاست نەبوو، ئێمە بە شێوەیەکی سامناک ترساندیانین، تا بە خورتی بڕوا بەو دەزگایە بکەین بابمانی لە گۆڕ دەرئەهێنا و لە بەردەمماندا دەیهێنایەوە دوواندن.. ئێمە هەموو ئەوەمان بە چاوی خۆ دیت چۆن جەنگاوەرەکەیان لە دوای چەندین ساڵ بەجێمان لەژێر دارو پەردووی ئەو خانووەیەی بە سەریاندا رووخاند دەرهێنایەوە، ڕۆژێکی سامناک بوو مینا ڕۆژانی جەنگی براگوژی، پەرچەی سوڕاندنی ڕۆژ هێند سادەنییە مرۆ بتوانێ خۆی دەبەردا ڕابگرێت ئێمە زارەتەرەک بووین. دەمێ بەردەکان بەقەد دیوارە گلێنەکەدا هەڵدەقژانەوە و جێی خۆیان دەگرتەوە دەتووت گەڕاندنەوەی فلیمێکی سینەماییە بە ڕاستی من هەر لە فلیمدا شتی وام بەرچاو کەوتبوو.. من نازانم ئەو خوێنەی ساڵانێکی دوور و درێژ لەژێر لێزمەی باراندا شۆرابۆوە و هەتاو هیشکی کردبوونەوە چۆن وەک هەڵقوڵانی کانییەک بە شوێن زامەکانیدا هەڵدەقژان و لێوی زامەکانیان دێنایەوە یەک.. شەهیدێک کە تەنها بە شێوە لە مرۆڤ دەچوو لەنێو ناڵە ناڵی رووح دەرچوونی دواجاری و دەنگی تەقەدا هاوارێکی هێند سامناکی لێوە دەهات زندەقی مرۆی دەبرد،.. ئەو زیندوو دەبۆوە.

– دەکرا هەر ئەو دەمە کونجێکت گرتبا و لەسەر تەنووربانێکی بچووک بچووبایتایەتە خەڵوەتەوە و خۆت دەهەموو شتێ بێئاگا کردبا.

* تازە لەوە دەرچبو هەنگاوێ بزڤری.. حەزی پشکنین و ئەنجام زانینیش لەولاوە بووەستێ، وێڕای ئەوەی ئەمە یەکەم شەهید نەبوو کە لەو خەونە پڕ ئازارەوە ڕاچڵەکێتەوە.

– ئەمە هەمووی لەپای بانگەشە بوو بۆ ئەو سەروەرییەی کە تەنها دەسەڵات بە دێرینەکان ڕەوا دەبینێ..!؟

* ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە ئەو نەمامەی بە دەستی خۆیان چاندبوویان هەموو گەڵایەکی خوێنکی دەسەر ڕژاوە..!! بەڵام هەموو تەرمەکان ئەمەیان قبوڵ نەدەکرد مەگەر ئەوانەی لە بنەچەوە جاش و خۆفرۆش بووبن و بۆ ئەو مەبەستە هاتبوونە دەرەوە .

– فریای سەربوردەی هەموویان ناکەوین.. هەرچی زووترە با ئەمیان کۆتایی پێ بێنین.

* دمێ تۆز و خۆڵی ئەوەندە ساڵەیان لێ تەکان وەک دەعبایەکی عاجباتی بە چەشنێکی ترسناک پێستی لەشی چرچ و لۆچ ببوون، وەک ئەوەی لە دۆزەخەوە بانگهێشت کرابێتەوە شوێنەواری سوتماک بە سەختی بەسەر سیمایدا جێمابوون، دەستەکانی بە جەستەیەوە نوسابوون، پێیەکانی لە دووی نەدەهاتن، بەڵام دەیتوانی لەچوار دەوری خۆ بروانێت و بە غەڵبە غەڵب چەند وشەیەک بدرکێنێ.

ناگەهان وەک زاری بگریت متەقی لێ بڕا هەرچەندیش زێتری قسان دەکرد من زیاتر دەشڵەژام چونکە ئەم شێتە چوون دەیان لەو کەسانەی کەنوکە من لە شێتخانەیەکدا بەڕێوەبەرایەتیان دەکەم شێتێکی مەزن بوو ئەمیش وەک هەر کەسێکیان سەربوردە سەیر و سەمەرەکانی بەم جێگەیەی گەیاندبوو زۆریش نەبوو لە یەکێ لە بەندیخانەکانەوە بۆ ئێرەیان گوێستبۆوە پێ دەچوو مامەڵەیەکی ئێجگار توندیان دەگەڵ کردبێت، بەڵام بۆ وەی بیهێنمەوە قسان هەمان پرسیاری دەمەکانی لێپێچینەوەم لێ کردەوە.

– دەزانی تۆ بە شاردنەوەی ڕووفاتی شەهیدێکی نیشتمان پەروەر تۆمەتبار کراوی..؟؟ بێئەوەی ئارامییەکەی لە دەست بدات سەری بە ملدا شۆڕ کردبۆوە دەستی چەپی لەسەر ئەو مێزە دانابوو کە منی دەپشتەوە ڕۆنیشتبووم پێناچوو سەرنجەکانیشی ئاراستەی جێگەیەک کردبێ ئیتر وەک گوێ بە پەیڤەکانی من نەدات ئەو بەردەوام بوو

* لە قوماشێکی سپی خاجیان پێچابوو دەتووت بۆ حەشری دەبەن، بەواق وڕمانەوە لەو دەستەیەی دەڕوانی کە دەیان گواستەوە تا ئێرە ودواتریش من دڵنیابووم لەوەی کەسێکمان دەگواستەوە کە بەرپرسیارەتی دەئەستۆی مندا بوو، بە نسارەکەدا هەڵمان گەڕاند دواتر بە گوندە نیمچە خاپوورەکاندا تێپەڕین تا لەنزیکترین توخبەوە تێکەڵ بە ژاوەژاوی شار دەبووینەوە.. هێدی هێدی لە شتەکان دەگەیشت، وەهمە گەورەکانی سەردەمی شۆڕشی لا دەڕەوینەوە، باسی کۆگای هەزار بە هەزار و تەلاری بەرز و کۆشکە بە ئاسماندا چووەکان کە بە درێژایی ڕێگا باسمان دەکرد تورەی کردبوو ئەو لەنێو بازنەی ترسێکی ئاڵۆزدا دەخولایەوە... ئەو دەمەی دەمانگواستەوە بێئەوەی لە شتێ بگات لێی پرسیم (بۆ کوێم دەبەن) پێم وت (بۆ شار، بۆ جێگەیەک کە چیتر خەونەکانت هەناسە ساردت نەکەن، دەتبەینە جێگەیەک کە ئیتر خەونەکان گەرمت بکەنەوە.. وتی (ئەو شارە دەسەر زەوییە) پێم وت (دەڵێی بڕوا بە چاوەکانت ناکەی ئەو جادووەی تۆی لە گۆڕ دەرهێنایەوە قەسر و کەنیشکیشت پێشکەش دەکات تا ئیتر لەنێو پێخەفە ئاورێشمیەکانەوە خەونە ڕەنگاڵیەکانت بە چەقەوانەیەک بەرجەستە بکرێت) – (وەک بەهەشت..؟) وتم (بە تەواوەتی

نەخێر لێرە دەبێت ئەو شتانەت خۆش بوێت، کە جاران ڕقت لێیان دەبۆوە، پێویستە بە ئارەزووی سەردارەکان بجولێیتەوە، زمانت هەڵەیەک نەکات خەڵکی وەئاگا بێنێتەوە)

(دەبێ لێرە بە ئاگابی کاتێ کچان وەک خەنجەرێک دەچەقنە لاکەلەت وانەزانی گەوهەرێک لە ناختدا شەوق ئەداتەوە)..!! لە کەناری شار ڕایگرتم دوو دڵ بوو لەوەی بچێت یان بگەڕێتەوە

– دەبوو هەموو تشتەکی بۆ باس بکەی..؟

* نەخێر.. تەنها ئەوانە نەبێت لەگەڵ سیاسەتی حیزبدا یەکیان دەگرتەوە.. بەڵانەکی من خۆم پێ نەدەگیرا و زاریشم بە ئاوای درۆدا نەدەگەڕا بۆیە کە پرسی (ئەدی باوکم) وتم (چەند فرسەخێکە لاشەکەیمان جێهێڵاوە مەگەر بۆنی ئەو کەلاکانەت نەکرد..؟ ئەو لەگەڵ چەندین پیرەمێردی هاوتەمەنی خۆی ڕۆژ تا ئێوارە بە کۆسارەکاندا هەڵدەقژان و بزنە ڕێگاکانیان تاقی دەکردەوە، بەدەم ڕێوە باسیان لە بیرەوەرییە شیرینەکانیان دەکرد مەخابن لە بۆسەی دەسەڵاتی شارەکەی تردا کوژران و تا ئێستاش هاوڵاتیبوونیان بۆ هیچکام لە شارەکان ڕوون نەبۆتەوە).. بۆڵەیەکی سامناکی لێوە هات نەمزانی بۆ چارە ڕەشی خۆی دەگری یان ژیانە پڕ لە درۆکەی ئێمە بەڵام، لەگەڵ هەر وەڵامێکدا یەکێ لە ڕەنگەکانی ئاوێزەی ڕووخساری دەردەپەڕی و سیمای لەنێو شەپۆلی ڕەنگەکاندا دادەچۆڕایەوە.. بە کورتی دەسەڵات و ژیان، پارە و ژیان، ژن و ژیان کۆشکی بەرز و باخی پڕ میوەجات زۆربەی ئەو قسانە بوون کە بۆم گێڕایەوە، دەترسا لەوەی بچێتە شارەوە، دەترسا ئەفسونەکانی دەجاڵ چەشنێ سیحری لێ بکەن غیرەتی گەڕانەوەی نەبێت.. خەریک بوو لەوە دەگەی پەنجەکانی لەگەڵ پەرداخێ مەیدا بەردەبنەوە و ئۆخژەنی سەرسینەی کیژۆڵەیەک ناخی بەتاڵ دەکەنەوە، هەستی گەرمبوونەوەی خەونەکانی وەک کردنەوەی نوشتەیەک بەتاڵ دەبوونەوە.. بریقە و باقی هەزاران گڵۆپی ناو شاریش نمایشێکی جوانی پرشنگی زیوینیان دەکرد.. بە درێژایی ئەو شەوە لەسەر تاتەشۆری قەراخ شارەکە ڕاکشابوو زەینی دەمیانەی جەنگ و ئارامی مەیخانە، هێرش و حەزی پاوان خوازیدا دەخولایەوە، کاتیش وەک ئاوزەنگی ئەسپێکی تیژ تێپەڕ لە ناخیدا قوڵپی ئەدا و خوێنێکی سوور ئەڕژایەوە... ئیتر بەو شێوە شەو ڕابوو، بەڵام کە سپێدە ڕووخسارەکانمانی پێکتر ئاشنا کرد من لە جێگەیەکدا وەک ئەوەی بە درێژایی ئەوشەوە خەونم دیتبێ لەسەر لاشانێکم پاڵ کەوتبووم.. کەچی ئەو ببوو بە داهۆڵ.

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# لە بەهاردا بوو

ن. ئێرنست كلایز ـ چیرۆكنووسی هۆڵەندی

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

هەواڵنامەی کتێب

لە هەمان ڕۆژدا، کە ئەڵمانییەکان شارۆچکەکەیان بەجێهێشت (ڕیمی دی فیردت) دەستگیر کرا.

ئەو لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا لەگەڵ (لینا)ی خێزانی دانیشتبوو، منداڵەکانیش نوستبوون. دەرگاکە کرایەوە و بە زۆر حەوت کەس خۆیان بە ژووردا کرد، کە خەتی سپییان بەسەر شانەوە بوو، لەو دەمەدا بوو، کە ڕاگەیەنرا لەمەولا، لای (برۆنتکس) بە ڕێکوپێکی و بەردەوام کار دەستدەکەوێت. ڕیمی دوان لەو حەوت پیاوەی دەناسییەوە، کە لە کارگەی بیرەی (هۆرمانس) کاریان دەکرد. ئەوانی دیکەی نەدیتبوون. هەموویان تفەنگ و دەمانچەیان هەڵگرتبوو. یەک لەوانەی کە دەیناسی هاواری لێکرد:

– هەستە، هەی ئەڵمانیی چەپەڵ، خێرا پێشمانکەوە.

هەردوو قۆڵی ڕیمیان گرت، یەکێکیان بۆکسێکی کێشا بە دەموچاویدا و (لینا) هاواری لێ بەرز بووەوە. لینا ویستی پەلاماری ئەوەیان بدات، کە لە هاوسەرەکەی دەدات، بەڵام بۆکسێکی بەهێزیش بەر سینگی ئەو کەوت، فڕێی دایە ئەو دیووی مێزەکەوە.

(ڕیمی دی فیرات) لە گەورەکەیانی پرسی:

– جۆرس، من چ خراپەیەکم کردووە؟
(جۆرس ولیدت) هاواری بەسەردا کرد:
– بێ قیمەت، ئیشت بۆ ئەڵمانییەکان کردووە.
دوای ئەوەی ڕیمی لە ماڵەکەی خۆی برایە دەرەوە، بەر لەوەی لە ژێر زەمینەکەی شارەوانیدا زیندانی بکرێت.
چەند ساڵێک بەر لە جەنگ، ڕیمی لای بەڵێندەر (برۆنتکس) وەک چاودێری کرێکارەکانی کاری دەکرد. لە کاتی جەنگ و بۆ ماوەی سێ مانگ بێ ئیش بوو. چونکە (برۆنتکس) ی بەڵێندەر و ماڵ و منداڵی چوبوونە فەرەنسا، بەڵام لە مانگی تەموزدا گەڕانەوە ماڵەکەی خۆیان.
لە سەرەتاکانی مانگی ئابدا، برۆنتکس بۆ خۆی هات بۆ ماڵی ڕیمی بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکاتەوە. لەو جۆرە، ڕیمی لە کاتی جەنگدا بە زەحمەت گوزەرانی بەسەر دەبرد و جار نا جارێک بێ ئیش دەمایەوە.
(ڕیمی دی فیردت) پیاوێکی بە ئارام و جددی بوو، وەک پێویست کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. (برۆنتکس) ی بەڵێندەر هێندەی خۆی زیاتر پشتی پێدەبەست. تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو، لە بارەی جەنگەوە هەر ئەوەندەی دەزانی کە هاوڕێکانی بۆیان دەگێڕایەوە.
ڕۆژێکی یەک شەممە (جان کلیرک) ی هاوسێی پێی وت:
– ڕیمی کوڕم، ئاگات لە خۆت بێت! وریابە دوای جەنگ شتێکت بەسەردا نەیەت.
ڕیمی بە سەرسامییەوە پرسی:
– بۆ شتێکم بەسەردا دێت؟
(جۆن کلێرکس) وەڵامی دایەوە:
– چونکە تۆ لای برۆنتکس کار دەکەیت، ئەویش ئیش بۆ ئەڵمانییەکان دەکات.
ڕیمی تێکچوو، هەرگیز پێشتر ئەمەی بە بیردا نەهاتووە، ئەو هەمیشە لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا ڕاشکاوانە قسەی کردووە، ئەوە بوو خاوەن کارەکەی پێیوت:
– ڕیمی زۆر گوێی مەدەرێ، خۆم هەموو شتێک ڕێکدەخەم، ئەگەر وازیشت لە ئیش هێنا سووک و ئاسان دەتنێرم بۆ ئەڵمانیا.
بەڵام هیچ کام لە کرێکارەکانی برۆنتکس نەنێرران بۆ ئەڵمانیا.
***
لە ڕۆژی ئازادیدا دەستگیریان کرد. دوای ئەوەی بە حەوت کەس بردیان، پێنج گەنج هاتنە

ماڵەکەیان، شووشەی هەموو پەنجەرەکانیان شکاند و هیچ پەنجەرەیەکیان بە ساغی نەهێشتەوە. ئەگەر هەموو شتێکیان تێکنەشکاند، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ (جان کلیرک) و هەردوو کوڕە بەهێزەکەی کە ڕێگەیان نەدان. ڕیمی وەک ئەوەی دەزانی هەردوو کوڕەکەی (جان کلیرک) لە ریزی هێزی بەرگریدا بوون و بە ڕاستی بەرگریکەر بوون. زۆر جار ژیانی خۆیان خستبووە مەترسیەوە کاتێک پەنای سەربازە پەڕەشووتە ئینگلیزەکانیان دابوو. لە یەکێتی (گاند) یش توانییان شەمەندەفەرێکی ئەڵمانی پڕ لە چەک و تەقەمەنی بتەقێننەوە.

کەواتە ڕیمی خرایە ژێر زەمینی شارەوانییەوە، کە شوێنێکە لەوەدایە، هەر شوێنی دانیشتنی لەسەر زەوی ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا شازدە کەسی تر دەستگیر کرابوون، کە دووانیان ژن بوون. لە ژێر زەمینەکەی شارەوانییەوە گوێیان لە دەنگی پاسەوانەکان دەبوو، کە لە دەرەوە دەهاتن و دەچوون. لە دوورەوە گوێیان لە نەغمەی موزیک دەبوو. ئاوازی کەڕەناکان، کە پێدەچوو لە دەوروبەریان لێبدرێت. هەوای بۆگەنی نێو ژێر زەمینەکەش بە زەحمەت هەڵدەمژرا. لەوێدا سەریان گێژی دەخوارد و دڵیان تێکدەچوو. پیرەمێردێکیان، کە دەمو چاوی تەواو دیار نەبوو، هەر دەگریا و سەری بە ملا و بەولادا دە هەژاند و بەردەوام دەگریا.

ئەوانی تر بێدەنگ بوون و تەماشای بەردەمی خۆیانیان دەکرد، دەیانڕوانییە تاریکییە تەومژاویەکە هەروەک ئەزانن چییان بەسەردا هێنراوە.

کاتەکانی شەوگار بێ کۆتایی بوون. کەس خەوی لێنەدەکەوت. هەموویان تا ڕادەی مردن نەخۆش کەوتبوون و نەدەجولانەوە، چاویان نەدەکردەوە. بەیانیی ڕۆژی دوایی ڕێگەیان دان کەمێک هەوای پاک هەڵبمژن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو ژنێک دوو پیاو هەڵبگرن، کە نایاندەتوانی بە پێوە بووەستن. لە حەوشەکەی ئەو دیووی بیناکەدا، لەسەر زەوی درێژیان کردن. بای ساردی دەمە و بەیانی وریایی پێدەدان. هەر یەکە و پەرداخێک ئاویان پێدان، بەر لەوەی بیانکەن بە سێ ڕیز و بیانبەنە سەر شەقامەکە لەگەڵ پاسەوانەکاندا. لە (بۆتسترت) کۆمەڵێک مێرد منداڵ کەوتنە هاوار و فیکە لێیان و بەردەباران کردنیان. (ڕیمی دی فیردت) ئەوەندە نەخۆش و نا ساغ بوو هەستی بە هیچ شەرمەزاریەک نەدەکرد ئەگەر، یەک لە ناسیاوەکانی بیاندیتبایە، باشە، بەردێکی بەرکەوت و خوێن بە شان و ملیدا هاتە خوارەوە.

گەیشتنە کارەگەی شقارتەی (فۆن هیلمرس)، کە دەکەوێتە بەرەکەی تری شارەوە. پاسەوانەکان دەرگا ئاسنینەکانیان لەسەر کلۆم دان، دواتر بە شەق و بۆکس هەموویان خستنە نێو شوێنێکی کۆن و چۆڵی شت چاککردنەوە، کە هەموو شووشەی ساپیتەکەی شکابوون. پێش

هەواڵنامەی کتێب

ئەوان چەند کەسێکی دیکە، لەو کارگەیەدا بوون، خەڵکانێک لە شارەوە هێنرابوون، یان لە دەوروبەری شارەوە. ڕیمی ژمارەیەک لەو سێ چاودێرەی ناسییەوە کە لەلایەکەوە وەستابوون، ئەوان کوڕگەلێکی شۆرەت خراپ بوون، ئەوانە لە کاتی جەنگدا لە بازاڕی ڕەشدا ئیشیان دەکرد.

گومان لێکراوەکان دەیانڕوانییە دەموچاوی پاسەوانەکانیان. زۆرینەیان ئاسەواری توندوتیژی لە ئاست بەکارهێنانیان پێوە دیار بوو. ژنەکان چۆنیان بۆ ڕێکەوتبێت قژیان دەسکەنە کرابوو.

هەندێکیان بە چاوێکی سەرگەردانەوە دەیانڕوانییە پاسەوانەکان و کەسیان هیچ جووڵەیەکیان نەدەکرد، تا ئەو دەمەی پاسەوانەکان دەستیان لێ بەرز دەکردنەوە و کەوتنە قسە پێوتن و تف لێکردنیان و کەسیش لە قسەکانیان تێنەدەگیشتن. دەمە و نیوەڕۆ، مەنجەڵێکی گەورەیان هێنا.. پەتاتە بوو و هەر یەکە و چوار پەتاتەیان پێدان لەگەڵ پەرداخێک ئاودا.

(ڕیمی دی فیردیت) یش وەک ئەوانی تر خۆی لەبەر ئەو حاڵەتەدا ڕادەگرت. لەوانەوە کە دەکرا و دەوترا بیرۆکەیەکی لەلا دروست بوو، بۆ دەستگیرکردنی خۆی و هاوەڵەکانی و ئەو بە خراپ مامەڵە کردنەی لەگەڵیاندا کراوە. پێنج شەش لاویان لەگەڵدا بوون، کە لەوان کەمتر شپرزە و تێکچوو بوون. ئەمان بە دەم پێکەنینەوە قسەیان دەکرد و لەشێوەی بازنەدا دادەنیشتن. بە ڕق و کینەوە تەماشای پاسەوانەکانیان دەکرد. کاتێک دوان لە پاسەوانەکان بۆلێدان تێیاندەکەوتن لێیان دەگەڕان و لە حەژمەتان دانیان لێ چیڕ دەکردەوە، بێ ئەوەی هیچ هاوارێک بکەن، بەڵام لەتاو لێدانەکان سیمای دەموچاویان دەگۆڕا.

بەڵام، پێدەچوو کەسیان ئاگایان لەو نەبووبێت. هەموویان لە شوێن خۆیان دەمانەوە، بە پێوە، بە دانیشتن بێت یان بە پاڵکەوتنەوە.

دوو پاسەوان هاتن بۆ ئەوەی پیاوێک لە گیراوەکان بەرن. بینییان لە پشت دەرگاکەوە خۆی حەشارداوە. توانییان ڕستەی (پاسەوانی تایبەت) بخوێننەوە، کە بە تەباشیر نووسرابوو، ئەوسا هەرایەک نرایەوە. هاوار، ناڵە، لێدان. وەستان، دەرگاکە کرایەوە و پیاوەکە بە حاڵەتێکی زۆر خراپەوە هێنرایەوە، بە جۆرێک بە ئاسانی نەدەناسرایەوە. بە هیلاکییەکی زۆرەوە کەوتە سەر زەوی و خوێن هەڵهێنانەوە.

دە، بیست، سی کەسی تر دەبوو هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەموویان لەوێدا بوون، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا و، لە بێدەنگییەکی مەرگ ئامێزدا چاوەڕوانیی چارەنووسیان دەکرد. هەندێکیان تاڕادەیەک بە ڕەزامەندیی خۆی دەچوو لەگەڵیان، هەروەک عەقڵی لە دەست دابێت و نەزانێت چی دەبێت و چی ڕوو دەدات. بەڵام ئەوانی دی خۆیان بە دەستەوە نەدەدا و لە پاسەوانەکانیان دەدا. بەڵام، بە لێدانی چەکوش و شەق تا دەرگاکە ڕایاندەکێشان. یەک لەوان

کوژرا، دوای ئەوەی گازی لە دەستی یەکێک لە پاسەوانەکان گرت، ئەمەیان بەو پەڕی توندی لێدرا و بە قاچەکانی ڕایانکێشا و دواتر لای دیوارەکە بەجێیان هێشت.. ئێوارەیش.. مرد. هەندێک لە پاسەوانەکان حەزیان نەدەکرد بە خراپی مامەڵە لەگەڵ گومان لێکراوەکاندا بکەن. ئەمان لەوانە بوون کە ڕیمی لە سەردەمی جەنگدا چەند جارێک لای (جان کلیرک) بینیبوونی. بەڵام، دەبوو لەگەڵ جوێنی نابەجێدا لەگەڵ هەرا و زەنادا نارەزایی دەربڕان دەربکرێن. دەبوو لە نزیکەی کاتژمێر چوار دەستگیر کراوەکان بهێنرێتە دەرەوە. حەوشەکەیش پەکپارچە بوو بووە قوڕ و لێتە و ئەستێڵی ئاو.

لای دیوارەکەوە هەموویان ڕیزکران. دواتر سەرۆکی پاسەوانەکان کە پیاوێکی قەڵەو و چاویلکەیەکی لە چاودا بوو فەرمانی دا:

– ڕاکشێن!

ئیتر ناچار بوون بکەونە سکە خشکێ لەناو قوڕ و چڵپاوەکەدا بەسەر دەست و ئەژنۆ بڕۆن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەوەی بە خێرایی نەڕۆیشتایە دەدرایە بەر شەق.

پاسەوانەکان لە ناوەڕاستا وەستابوون و زۆربەشیان سەرخۆش بوون، وەک شێت بە دیمەنی زیندانییەکانی نێو چڵپاوەکە پێدەکەنین. ئەم حاڵەتە چەندین کاتژمێری خایاند. تا دواجار گەیشتنەوە شوێنەکەی خۆیان.

کەس گوێی بەو قوڕ و لیتەیە نەدەدا، کە بە جلوبەرگەکانیانەوە بوو و کەسیش دەستی نەشۆرد. بارانیش لە کونی سەقفەکەوە دەهاتە خوارێ. ئەم حاڵەتە سێ ڕۆژی ڕەبەق بەردەوام بوو، بەبێ خواردن و لەگەڵ گۆڕینی شێوازەکانی توندوتیژی. ڕۆژی سێهەم کەسێک نەبوو بتوانێت بچێتە پێشەوە یان پەرچەکردارێکی هەبێت لە ئاستی لێدانەکان و هەموویان لەنێو قوڕ و چڵپاوی ساحەکەدا بە ڕاکشاوی مانەوە. لە بەیانیی ڕۆژی چوارەمدا، ئەفسەر هاتن و ئیتر لەوەوە بارودۆخەکە باشتر بوو.

گیراوەکان لە مرۆڤ نەدەچوون، سەرتاپایان بە قوڕ داپۆشرابوو، چاوەکانیان مات و مەلوول و سیمایان شەکەت، قسەیان بۆ نەدەکرا، ڕووخساریان تەعبیرێکی نائامادەی ئەوان کەسان بوون کە لە تێگەیشتن مانیان گرتبوو.

فەرمان دەرکرا، هەموویان هەڵسانە سەر پێ و منجەمنجیان دەهات و دەستیان خستبووە سەریان تا خۆیان لە لێدان بپارێزن. بە دوو لۆری بردیانن بۆ ئەو سەربازگەیەی ئەڵمانییەکان لەکاتی جەنگدا کردبوویانە گرتووخانە.

***

دوو ڕۆژ دوای گەیشتنیان ڕیمی هۆشی هاتەوە. لە یەکێک لە کۆلیتە شڕ و پڕەکانی سەر بازگەکەدا لەسەر کۆمەڵێک گژوگیا ڕاکشابوو هێشتا هەموو دەستگیر کراوەکانی تر خەوتبوون. پیاوێکی پیری لە ملای و کوڕێکی سورەش لەولایەوە بوو. هەموو ڕووخسارەکان هەمان ڕەنگی خۆڵەمێشی سەوز باویان هەبوو، ڕیشیشیان ڕەنگی هەمان ئەو گژوگیایەی گرتبوو، کە لەسەری پاڵ کەوتبوون. هەر ئەو جلوبەرگانەیشیان لەبەردا بوو، کە پێیەوە دەستگیر کرابوون. جلوبەرگی شڕ و پڕ و قوڕاوی. هەموویان تەواو لە یەک دەچوون، هەموویان خەوتبوون، تەنها دەنگی هەناسەدانی قورس دەبیسترا بە چاوی نوقاوەوە، گوێیان لە دەنگی نیمچە خنکاو بوو چرپە چرپیان بوو و کتوپڕ هەوای شوێنەکەیان پڕ دەکرد کە پڕ بوو بوو لە تۆزی پووش و گژ و گیا و بۆنی ئەو جەستانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو خۆیان نەشۆردبوو.

ئەو پیاوەی لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو بە پەڕۆیەک سەری پێچابوو پرسیاری لێکرد:

– کە هاتینە ئێرە تەندروستیت باش نەبوو. وا بزانم حەشریان پێکردێت.

ئەو بە شێوەیەکی ئاسایی قسەی دەکرد و ڕیمی وەڵامی نەدەدایەوە. چونکە هێشتا سەری ژانی دەکرد و سەرەتا و کۆتایی بۆ ئەوە نەدەدیتەوە کە بەسەریدا هاتووە. هەموو گیانی دەئێشا، تەنها بیری دەکردەوە... (لینا)، هەردوو منداڵەکەی.. جیان و میلیلک.. ئەوە یەکەمین جار بوو بیری لەوان دەکردەوە. ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کات لای ئەو ئامادە بوون، ئەو ڕۆژانەی لای ئەو درێژ دەبوونەوە تا ڕادەیەک نا ڕاستەقینە و تەمومژاوی و لە دەرەوەی ڕەوتی سرووشتی کات یا زەمەن بوون، تا ئەو ڕادەیەی نەیاندەویست گوزەر بکەن و بگەن بەو ڕۆژانەی لە مێشکی داماویدا ماون. چەندە حەزی دەکرد ماوەیەک بە تەنها بووایە. بەڵام پیاوەکەی لایەوە باسی ئەوەی بۆ دەکرد، کە چۆن و بۆچی هێنراوەتە ئێرە. ڕیمی نیوەی ئەوەیشی نەدەزانی. گەنجەکەی ئەو لایەوە هەستا و لەسەر پووش و پەڵاشەکە چوار مشقی دانیشت و بە نیگەرانییەوە بۆ شتێک دەگەڕا.

ئێستا هەموویان هەڵساون، لای دەرگاکە و پێشاوەکە کەوتبوونە قسەوباس و مشتومڕ. ڕیمی تێبینی کردە کە قسە کردن ئازاری دەمو ددانی دەدات، چونکە بۆکسێکی بەهێزیان دابوو لەلای ڕوومەتی چەپی. بۆیە نەیدەتوانی قسە بکات.

دوای ئەوە وەک زیندانییەک ژیانی بەسەر دەبرد. ناچار بوو هاوەڵەکانی بەیانی و ئێوارەی بناسێت. هەندێکیانی پێشتر دەناسی. بەڵام کەسێکی لە نێویاندا شک نەدەبرد کە پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێت. بۆیە گۆشەگیر مایەوە.

ئەگەر لە قسەیەکیشدا بەشدار بووایە، ئەوە بە هۆی ئەو کاتانەوە بوو، کە تا بێ کۆتایی بوون

درێژ دەبوونەوە، وێڕای سەرقاڵبوونی زیندانییەکان بە قسەکردنەوە بەبێ ماندوو بوون، هەر چەندە لەسەر پووش و پەلاشیش دانیشتبوون. پیاوێکی ئاینی وەک قەشە هاتە سەربازگەکە. ڕیمی داوای هەواڵی ژن و منداڵەکانی لێ کرد، ڕۆژی دوایی قەشەکە هاتەوە و پێڕاگەیاند کە هەموو شتێک ئاساییە.

ڕۆژان بە نیگەرانی و سارد و سڕیی بێزارکەر گوزەریان کرد. شەو زوو داهات، لەو ناوەدا هیچ ڕووناکییەک نەبوو، زیندانییەکانیش بە چپە ئەزموونەکانی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. هەر لەو ناوچەیەدا دەکۆلیتەی تر هەبوو، دەبوو هەموو ڕۆژێکیش لە دەشتاییەکەدا چەند سەعاتێک سکەخشکێ بکەن. لە دواین ماڵ و لە کۆتاییدا ئێواران لەگەڵ قەشەکەدا دەچوونە نوێژ کردن. ڕیمی هەندێ جار لەگەڵیان دەچوو. سەربازگەکەش بە تەلی دڕکاوی دەورە درابوو، تا کەس لێی نزیک نەکەوێتەوە، شوێنی پاسەوانەکانیش لای دەرگاکە و چوار ڕەشاشیش لەسەر چوار قوللەی چاودێری کردن بە پاسەوانەوە دانرا بوون.

***

سەر لە بەیانیی ڕۆژێکی دوو شەممە، هەر هێندەی گەڕانەوە نێو کۆلیتەکە، یەکێک لە پاسەوانەکان خۆی بەژووردا کرد و ڕووی کردە ڕیمی:

– تۆی ڕیمی دی فیردت وا نییە؟

* بەڵێ گەورەم

– باشە! منیش ئەوەم دەوێ. هاتووم هەواڵت پێتڕابگەیەنم کە ژنەکەت لەسەرە مەرگدایە.. دەتوانیت ئێستا بڕۆیت بە زیندوویی بیبینیت.. یان کە مرد ئامادەی ناشتنەکەی بیت. چۆن خۆت بە باشی دەزانیت. پاسەوانەکە هەر وەک لە ئاهەنگی بووک گواستنەوەدا بێت بەو جۆرە قسەی دەکرد.

(ڕیمی) هەروەک کەسێک واقی وڕما کە چەکوشێک درابێت بە تەوقی سەریدا. وەک شتێک چاوی دەکردەوە و پەنجەکانی دەنوشتانەوە تا هەست بە ئازاریان بکات، گوێی لەوەش نەدەگرت، کە وەلامێکی دەویست.

– کەواتە، لێم تێنەگەیشتیت؟

* کەواتە، ژنەکەم نەخۆشە؟

– ئەگەر هەر.. هاتن و وتیان لە گیانەلادایە، دەتوانیت هەر ئێستا بچیت بۆ بینینی، یان کەمرد بچیت بۆ ناشتنەکەی.

دوای چارەکە سەعاتێک، ڕیمی دی فیردت بە شەقامەکانی شاردا بە دەستی کەلەبچە کراوەوە دەپەڕیەوە و دوو ئەفسەریشی لەگەڵدا بوون.

ئەو دەگریا و ئەفسەریەکانیش کپ و بێدەنگ بوون. ڕیمیش بە بێدەنگی دەگریا.

هەرسێکیان هەنگاو هەنگاو بە شێوەیەکی ئامێر ئاسا دەڕۆیشتن و بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەو خەڵکەی وەستاون و تەماشایان دەکەن چی دەڵێن و چی ناڵێن. ڕیمی ڕاستەوخۆ دەیڕوانییە پێش خۆی. بەڵام ناوی خێزانەکەی هەمیشە لە گوێچکەکانیدا دەزرنگایەوە و لەوەدابوو مێشکی کون بکات:

– لینا.. لینا.. لینا

– لێدەم. بە دەنگێکی دوو دڵەوە ئەمەی وت.

یەکێک لە ئەفسەرەکان لە دەرگاکەی دا. دایکی لینا هات و قاپیەکەی کردەوە. کە ڕیمی بینی هەڵبەزیەوە. ئەفسەرەکان کەلەپچەکەیان لە دەستی کردەوە. جاک و میلیک لە پشت نەنکیانەوە وەستابوون و خەم و ناسۆر لە ڕووخساریان بەدی دەکرا. مناڵەکانی کردە ئامێز، لە خەسووی پرسی:

– لینا چۆنە؟

سەرێکی لەقاند و وتی:

– بە هۆی ئەو شۆکەی ئێوارەی گرتنەکەی تۆوە بوو.

ئەمەی وت و بە قادرمەکەدا سەرکەوت. ڕیمی میلیکی دانا و دوای کەوت. هەردوو ئەفسەرەکەش بە دوایانەوە بوون. لای دەرگای ژووری نووستنەکەوە ڕاوەستان. ئەو دەرگایەی کە دەبێ کراوە بێت تا ئاگایان لە ڕیمی بێت.

یەکێک لە ئەفسەرەکان وتی:

– تەنها دە خولەک.

ڕیمی لە دوای خەسوویەوە چووە ژوورێ. ژنێک لەوێ بوو لای لینا. لەسەر مێزەکەی ئەو دیوی سیسەمەکەوە خاچێک دانرابوو و مۆمێکیش خرابووە نێو دەمی بوتڵێکەوە. لینا ئەو بەیانییە ئامادەی کردبوون.. لینا چاوی لە دەرگاکە وەرنەدەچەرخان، چونکە هەواڵی هاتنی ڕیمیان دابووبێ. هیچ شپرزە دەرنەدەکەوت و سۆز و بەزەیی دەرنەدەخست. بەڵام بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا و هەناسەدانەکانی کورتبوون و ڕیمیش هەستی بەوە کرد. چوو لای سیسەمەکەوە دانیشت و دەستە سپییە باریکەکەی گرت.

هەواڵنامەی کتێب

– ڕیمی!

– لینا!

چاوەکانی نوقاند و پرسیی:

– زۆریان لێداویت؟

– نەخێر لینا، لێیان نەداوم.

بەڵام وادەرنەدەکەوت باوەڕ بەم وەڵامەی ڕیمی بکات. ڕیمی هەستی کرد لینا پەنجەکانی دەگوشێت، دەستی هەڵگرت و خستییە سەر لاملی.

– ڕیمی!

– لینا!

– هەمیشە خۆشمدەویستی؟!

– منیش لینا، هەمیشە خۆشم ویستوویت و خۆشت باش دەزانیت.

– بەڵێ ڕیمی.

قوڕگی تەواو نەبوو نەیدەتوانی بە ئاسانی قسە بکات.

– ڕیمی، دەبێ کراسێکی پاک بکەیتە بەرت.

– باشە لینا گیان.

***

– ڕیمی، کەی دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

– وا بزانم تەنها سێ چوار ڕۆژێکە.

***

– ڕیمی؟

– بەڵێ لینا گیان.

– لەم سەربازگەیەدا لێیان داویت؟

– نەخێر لینا گیان.

***

– ئەگەر هاتیتەوە، دەبێ لێرە بارکەیت ڕیمی گیان.

– بەڵێ لینا گیان.

– دایکیشم لەگەڵ خۆت بەرە.

– ڕاستەکەیت. دەبێ بیبەم.

– ڕیمی، ئەی ئەم ئەفسەرە بۆ لێرەیە؟

– ئاا، لەگەڵمدا هاتووە، پیاوێکی باشە.

– دەستم لێبدە ڕیمی، جارێکی تر با دەستت بەرم بکەوێت.

ڕیمی بە نەرمونیانی دەستی خستە سەر ڕووخساری. ئەویش جارێکی تر چاوەکانی نوقاندەوە و هەناسەی ئارامتر بوو.

لە مۆمەکەوە ڕووناکییەکی خۆڵەمێشی بەخش دەبوو، بارانیش بەر پەنجەرەکە دەکەوت. لۆرییەک لەو کاتەدا گوزەری کرد و ئەو شەقامەی هەژاند. ئەو ژنەی کە ڕیمی نەیدەناسی لە بەردەم مەریەمی پاکیزەدا مۆمێکی دادەگیرسان، مۆمی سەر ئاگر دانەکە. دایکی ليناش چاوی بڕیبووە کچەکەی. ئەفسەرەکەش لەسەر دوا پلەی سەرەوەی قادرمەکە دانیشتبوو و منداڵەکەی خستبووە سەر ئەژنۆکانی. کچە بچکۆلەکەیش دانیشتبوو لە پلەیەکی خوارتردا. ئەم ئەفسەرەیان دەستی کرد بە گێڕانەوەی هەقایەتێک، ئەفسەرەکەی تریش پشتی دابوو بە دەرگاکەوە و دەیڕوانیە زەوی. کەمێک دوای ئەوە دەرگاکەی کردەوە و بە ئەسپایی چووە پێشەوە و دەستێکی خستە سەرشانی ڕیمی و وتی:

– دی فیردت، بە داخەوە کوڕم.. کاتەکە تەواو

ڕیمی ئاوڕی لێدایەوە و ئەفسەرەکەیش چاوی بڕیە زەوی، چونکە زیندانییەکەی بە ڕەنگ هەڵبزرکاوی بینی.. دایکی لینا ئیشارەتی دایێ. ئەفسەرەکەش سەری لەقاند و بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:

– منیش خێزانم هەیە.

ئەفسەرەکەی تری هاوڕێی وازی لە گێڕانەوەی هەقایەتەکە هێنا.

لینا لەوە دەچوو خەوتبێت.. (ڕیمی) بە هێمنی دەستی خۆی لە ژێر دەستی لینا ڕاکێشا نەبادا بە ئاگای بهێنێتەوە. دووبارە هەستایە سەر پێ و بەسەر ڕووخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لینادا چەمایەوە، ئەو دەستەی ماچ کرد، کە لەسەر چەرچەفەکە دانابوو. بە بێدەنگی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و ئەفسەرەکەیش لە پێشیەوە.

– ڕیمی!

ئەم هاوارە هەموو ماڵەکەی گرتەوە، لە سەرەوە تا خوارەوە. لینا لەسەر پێخەوەکە دانیشتبوو، باوشی بۆ ڕیمی گرتبووەوە. فرمێسک چاوەکانی گەشاندبووەوە و تایەکی گەرمیشی ڕووخساری ئاگردا بوو.

به بازێک، ڕیمی خۆی گەیاندە لای، جەستە لاواز و بچکۆلەکەی کردە ئامێز و بە هێمنی پاڵی

خستەوە و ڕووخساریشی خستە سەر ڕووخساری هاوسەرەکەی.

ڕیمی دی فیردت دایە پرمەی گریان، بەو گریانەی هەموو ئەو ئازارانەی دەرپەڕاند کە دەمێکبوو لە سینەیدا پەنگی خواردبووەوە، هەموو ئەم خەم و ناسۆرەیش، کە ڕۆژانێک بوو دڵی تەنگ کردبوو لیناش هەردوو دەستی نابووە سەر شانەکانی ڕیمی، هەردوو ئەفسەرەکەیش لەبەر دەرگاکەدا وەستابوون، تەماشای دەرەوەیان دەکرد. دواتر هەردوو منداڵەکەیش کەوتنە گریان و دایکیشیان گریا.

ڕیمی گەڕایەوە سەربازگەکە لەگەڵ هەردوو ئەفسەرەکەدا، سەری دانەواندبوو بە زەحمەت هەنگاوی دەنا و لەوەدا بوو لەسەر شۆستەکەش بکەوێت. هەستی بە هیچ شتێک نەدەکرد. وەک مردوویەک دەڕۆیشت. ئەفسەرەکەی لای ڕاستییەوە قوتو و یەک تووتنی خستە گیرفانی زیندانییەکەیەوە بەڵام زیندانییەکەی هەستی بەوە نەکرد. ئەوی تریشیان کۆتەکەی دەستی ڕیمیی گرتبوو. نەدەبوو بەر لەوەی بگەنە دەرگای سەربازگەکە کۆتەکە بخەنە دەستی، بەڵام ڕیمی گوێی پێ نەدا. تا ئەو ساتەش باران بەردەوام دەباری. تەنانەت بارانیش لای ئەو هیچ جێی سەرنج و بایەخ نەبوو. جارێکی تر، پاسەوانەکە هاتەوە نێو کۆلیتەکە. جارێکی تریش بەرانبەر ڕیمی وەستا کە لەسەر پووش و پەڵاشەکە دانیشتبوو و سەری خستبووە نێوان هەردوو دەستی. لەوەتەی گەڕابووەوە، قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردبوو. پاسەوانەکە تەماشایەکی کرد و خۆی شپرزەنواند. دوو دڵ بوو، دواتر چەند مژێکی لە سبیلەکەی دا و وتی:

– دی فیردت.. کوڕم، مرد... سبەینێ تەرمەکەی دەنێژرێت. ئەمەی وت و ڕۆیشت.

بێدەنگی لە کۆلیتەی ژمارە ١٤ دا تا ڕادەی تۆقین بوو.

***

شەوی بە بەزەیی بەسەر زەویدا هاتبوو و چارۆکەی لە بیرچوونەوەی دابوو، بەسەر کۆلیتەکانی سەر بازگەی بە زیندان کراو. لە کۆلیتەی ژمارە (٧) دا، کە گەورەترینی کۆلیتەکان بوو، چەند کاژێرێک جووڵە و هەرایەک بەردەوام بوو. وەک هەموو ئێوارانێک، هەرا و زەنایان بوو، گۆرانییان دەوت، هەرایان دەکرد، تا ئەو دەمەی دەنگێکی گڕ و گەورە بەسەر هەرا و زەناکەدا زاڵبوو، ئەو کات هەموو زیندانییەکان بێدەنگبوونەوە و کشانەوە نێو تاریکییەکە.

هەردوو گڵۆپەکەی نێوان کۆلیتەکان بە هۆی ڕەشەباکەوە دەجوڵانەوە و زیکەیان لێ بەرز دەبووەوە و پریشکی ڕووناکییان دەپرژاند، بەسەر ڕێگەکە و ئەستێڵە ئاوەکاندا. دوو پاسەوانیش بە هەنگاوی ڕێک بەلای کۆلیتەکاندا دەهاتن و دەچوون. لەگەڵ داهاتنی شەویشدا، بای ساردی خۆرئاوا هەڵیکرد و ئاوی بارانەکەیش بەلاری خۆی دەدا بە شووشەی باش دانەخراوی

پەنجەرەی کۆلیتەی ژمارە (٦) دا و تەمومژەکەی لەسەر لادەبرد، ئەستێرەکانی دەردەخست، مانگیش دەرکەوت. لەم کاتەدا زیندانییەکان دەخەوتن، جگە لە (ڕیمی دی فیردت) کە لەسەر پووش و پەڵاشەکە ڕاکشابوو. ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە مایەوە، هەردوو دەستی نابووە پشت ملی و لە ساپیتە تاریکەکە ڕامابوو، گوێی لە هەناسەی قورسی هاوڕێ خەوتووەکانی گرتبوو.

دواتر زیاتر چاوی بڕییە ئەو گۆشەیەی، کە لە هەموو شوێنێکی کۆلیتەکە تاریکتر بوو، چاوی ژانی دەکرد، دەسووتایەوە، هەروەک بۆ ماوەیەکی زۆر ڕوانیبێتە ڕووناکییەکی بەهێز. ئایا دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ئێستا چی بۆ دەکرێت؟

نەیدەتوانی ئەوەندە بیر بکاتەوە. ڕیمی ئیتر بیری نەدەکردەوە. بە کورتی... لێگەڕا بیرۆکەکان خۆیان خۆیان بکەن بە مێشکیدا، هەر پڕا و پڕ وەک ژوورێکی بێ دەرگا و پەنجەرە، یان دەرگا و پەنجەرە واڵا. شتە مەئلوفەکان و وێنە هەژێنەرەکان زۆر بە خاوی دەهاتن، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا، بۆ هاوسێکان، بۆ هاوەڵانی ئەم مەینەتی و دەردەسەرییەی ئێستای، وێنەکان هیچ پەیوەستییەکیان لە نێواندا نەبوو، لۆژیکییانە لە یەکێکیانەوە نەدەچووە ئەوی تریان، وەک مێشێک، وەک پەروانەی دەورەی شەمی سووتێنەر بوو. دواتر دوور دەکەوتەوە و دیسان دەهاتەوە بۆ هەمان خاڵ... لینا...

هەواڵنامەی کتێب

– ڕیمی.

– لینا؟

– بە ڕاست لێیاندایت یا نا؟

– نەء لینا، لێیان نەداوم.

***

لە کونجێکی سینەیدا، شتێک وەک ئاسنی سوورەوەکراو دەیسوتاند، ئاواتە خواز بوو لە بیری بچێتەوە و چیدی هەستی پێنەکات، لە خۆی دوور خستەوە، بەڵام بەبێ وەستان و وەک ئامانج و ئاسەواری ئەوەی ماوەتەوە دیسان دەگەڕایەوە.

***

– ڕیمی.

– بەڵێ لینا گیان.

– کە هاتیتەوە، دەبێ لێرە بارکەیت.

– باشە لینا گیان.

***

کاتەکان بە خاوی گوزەریان دەکرد، بە خاویش بزر دەبوون. پەنجەکانی کەوتبوونە ژان ئەوەندە خستبوونییە پشت سەری، کەچی لای نەدەبردن ئێستا و دووبارە، گوێی لە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنەوەی هاوەڵانی دەگرتەوە کە دەووت ئاهو هەناسەی ساردی بە ئارامن، گوێی لەمەیان دەگرت کە بەدەم خەوەوە ورێنەی دەکرد و شتی نادیاری دەوت، یان هەر دەکۆکی و دەکۆکی. گوێی لە خشەی قاچی پاسەوانەکە بوو لەبەر دەرگاکە و گڤەی باکەی سەربانیشی دەهاتە گوێ. هەروەک کەسێک بەسەر کۆلیتەکەدا بڕوات. ئێستا، ڕیمی دی فیردت بیر لەوە ناکاتەوە چی بەسەردا هاتووە، لەو ساتەوە لەنێو ماڵ و منداڵی هەڵیان بچوڕقاند، تا زیندانی کردنی لە ژێر زەمینی بینای شارەوانی و دواتر لە کارگەی کۆنی شقارتە دروست کردندا. بیری لەو لێدانانە نەدەکردەوە، هەروەها لە سکەخشکێی نێو قوڕ و چڵپاوەکە و لە برسێتی... وەک مرۆڤێکی هیوا بڕاو، بێ ڕۆشنایی، بێ خودا و خاوەن بوو. تەنها چاوەڕێی ئارامگرتن و زەلیل بوون بوو. ئەوانەی نەدەبینی وەک سەگی هار کەوتبوونە وێزەی، هەر گوێی لەو هاوار و نەڕەیە وبوو کە زاڵبوو بەسەر دەنگی دەستگیر کراوەکاندا.

***

– ڕیمی.

– بەڵێ لینا گیان.

– بەردەوام خۆشم ویستوویت، دەزانیت؟

– منیش لینا گیان، بەردەوام خۆشم ویستوویت.

***

بەمجۆرە کاتەکان وا ڕۆیشتن وەک ئەوەی کۆتاییان نەیەت، ئەویش پاڵکەوتبوو و دەیڕوانییە تاریکاییەکە. با دەنگی زەنگی کڵێشاکەی دەهێنا، کاتێک زەنگەکە لێدەدرا و زەنگەکەش هەر لێدەدرا. دواتر هەستا و دانیشت، بەبێ بیر کردنەوە جارێکی تر ڕوانییەوە هاوڕێکانی، ڕوانییە ئەو پووش و پەڵاشەی لەسەری دادەنیشتن و دەخەوتن. دواجار بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت لەسەر پێیە پەتییەکانی ڕاوەستا.

کورسییە نزمەکەی هەڵگرت و خستییە ژێر دەلاقەی ڕووناکیەکە و لەوێ دانیشت. مانگیش لە نێو هەورە پڕ بارانەکانەوە دەدرەوشایەوە. ئەویش تەنها گۆڕستانەکەی دەدی. خاچە ڕەشەکانی دەبینی، کە لە تەنیشتی یەکترەوە بوون و ڕیزیان بەستبوو، ڕیزی درێژ و هی کورت.

لە ژێر ڕووناکییە زەردەکەدا هەڵسابووە سەر پێ و دەستەکانی درێژ کردبوون و لە یەک کاتدا مردن و ژیانی دەهێنایەوە بیر خۆی. ئەو سێبەرە سادەیەش کە هەردووکیان خستبوویانە سەر

هەواڵنامەی کتێب

زەوی، ئامـاژەی بە بوونی پاسـەوانێک دەدا، کـە لەنزیک خـاچی گـۆڕەکـانـەوە چوار مـشـقی دانیشتبێت. لەوێوە ڕووناکییەک پرشنگی دەدا، وەک ئەوەی یەکێک لەوێدا بێت، بەڵام نەخێر، ئەوە تەنها پرشنگی مانگ بوو. لە دووریشەوە، ڕێگەی گۆڕستانەکە کە بەلای ڕاستا دەچوو، لە پردەکە و ماڵەکانیش دەپەڕییەوە و پەڵەی ڕەشی دروست دەکرد، شەوی هێمن و ئارامیش بەسەر هەموو دیمەنەکاندا درێژ دەبووەوە.

(ڕیمی دی فیردت) بە جۆرێک لە بەر هەڵستییەوە لە مانگ و گۆڕستانەکەش ڕامابوو. شتێکی توندونامۆ بوو. هەندێ جار، بیرکردنەوەی باڵی دەگرتەوە و ئەمی لە دوای خۆیەوە بەجێدەهێشت لە حـاڵەتی هەڵچـووندا. نەیدەزانی لێرەدا چی دەکـات، یان ئێـسـتـا چی دەبینێت. هـەسـتی بە جەستەی خۆی نەدەکرد، هەستی بە ئازاری گورچیلە و شان و مل و قۆڵەکانی نەدەکرد، هەروەک ئەم جەستەیە کە جەستەی خۆیەتی، لە ناکاوڕا دیارنەمابێت. ئاخۆ ئەوە بە هۆی شەو نەخەوتنیی دوو شـەوی ڕابردووەوە بووبێت؟ هەر هێندەی خۆی دا بەسـەر قاچەکەی تریدا، ئازارێکی زۆری پێگەیشت وەک ئەوەی تیرێکی بەرکەوتبێت: (بەیانی تەرمەکەی دەنێژرێت).

لەبەر ئـەوەیە، بەڵێ، ئەو بـەم هۆیەوە لێرەیە، لەم سـاتەدا، لەم شـەوەدا، تەمـاشـای پێش خـۆی دەکـات، لـەو ڕێگەیە دەگـەڕێت لە پردەکەوە دەست پێدەکـات و دەگاتە دەروازەی گـۆڕسـتـانـەکە. جارێکی تـر هـەستی بەم دەردە سەریەی کردەوە، لە بەگیروەسـتـانی ڕەگە دەرمـارەکـانی و ئازار و ژانە سەری.

شـەوی بە بەزەیی کـاتەکـانی ڕادەکـێـشـا، هـەورەکـان مـانگیـان داپۆشی. هەردوو گـڵـۆپە هەڵواسـراوەکـەیش لە سـەرەوە ڕووناکـیـیـەکی سـارد و سـڕیان دەخـسـتـە سـەر قـورەکـە، زیندانییەکانیش بە هۆی شەکەتییەوە لە خەوێکی قووڵدا بوون.

ڕیمی لە کورسییە نزمەکەی دابەزی و هاتەوە سەر پووش و پەڵاشەکە بۆ ئەوەی ڕاکشێتەوە دەستەکانی خستنەوە پشت سەری.

– ڕیمی

– بەڵێ لینا گیان

– دەبێ کراسێکی پاک بکەیتە بەرت

– باشە لینا گیان

***

کاتێک لە دەلاقەکەوە تیشکێکی خۆڵەمێشی ڕەنگ دەرکەوت، بۆ جاری دووهەم هەڵسایەوە و دەست و دەموچاوی شۆری، بە جۆرێک کەس لە خەو بە ئاگا نەهێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو قوتووەی هەڵگرت کە دایکی لینا بۆی دانابوو و خستبوویە پشت پووش و پەڵاشەکەوە کە کردبوویە جێ خەوی.. و.. کراسە پاکەکەی لەبەر کردەوە. نەعلێکی تازە و پاکی لە پێ کرد، هێلەکە ڕەشەکەی لەبەر کردوو مل پێچە شینەکەی کردە ملی.. دواتر دانیشتەوە و کەوتە تەماشا کردنی دەرەوە.

کاتێک تیشکە خۆڵە مێشەکە ئەو ناوەی گەرم داهێنا بە جوانی گۆڕستانە گچکەکەی بە دی دەکرد. مەودایەکی کورت دوور لە خۆی تەلەدرکاویەکانی سەر یەکێک لە خاچەکانی بەرچاو کەوت، شتێک بەملا و بەولادا، بەلای ڕاست و چەپدا لارە لارەی دەکرد، ڕەنگە ئەو جەنازە بووبێت. هەموو شتەکان لە مردن زیاتر دەردەکەوتن، بەڕادەیەک تیشکی مانگ نەبوو کە ئەوانەی ڕووناک دەکردەوە. دەرگاکەی جوان تێبینی دەکرد و هەردوو دیواری لا تەنیشتەکان و ریزە درەختەکان وماڵەکان و موحاجەرە سپییەکەی پردەکەی دەبینی. بەڵام، هیچ کەسێک لە ڕێگەکەدا بە دی نەدەکرا. ڕووناکییەکە سەوز داگەڕا، سەوزێک وەک سەوزایی دەریا. سەربانی ماڵەکانیشی بە ڕەنگی شین دەبینی. هەروەک قوللەی کلێساکەی (سان جوزێف) ی دەدیت، کە چۆن لەگەڵ گزنگی بەیانیدا قووت دەبووەوە. بەڵام بەردەوام کەسێک بەو گۆڕەستانەدا نەدەهات کە لە پردەکەوە دەگەیشتە گۆڕستانەکە.

سەیرە! لەسەر دیواری ئەودیووی سەربازگەکەوە چۆلەکەیەکی گچکە وەک یەکەمین نیشانەی ژیان دەرکەوت، کە لە خەو هەڵدەستا. چۆلەگەکەیەک بوو با پەڕەکانی بۆز کردبووەوە، چووە سەر خاچی یەکەم کە دەکەوێتە لای چەپی دیوارە بچکۆلەکەوە. چۆلەگەکەیەکی تریش گەیشتە لای. بێگومان هەردووکیان لەسەر کاری ئەمڕۆیان ڕێککەوتبوون کە لەو ساتەوە دەستی پێ دەکرد. دواجار بە سووکەڵەیی فڕی. بەڵام، کەس لەسەر ڕێگەی سەر پردەکەوە بە دی نەدەکرا.

کەواتە ئەم خاچە دارینەی سەر ئەو گۆڕە هی کێیە؟ ڕەنگە نووسرابێت لەسەری: ئەمە گۆڕی..... دواتر لە دێڕی دووهەمدا دوو مێژووی لە دایکبوون و مردن نووسراوە. ڕەنگە خاوەنی ئەو گۆڕەی لە ژیانیدا ناسیبێت؟ ڕەنگە هاوکات قسەیشی لەگەڵدا کردبێت. لە، مەودایەکی کەمێک دوورترەوە خاچێکی گچکەتری بینی. ڕەنگە هی منداڵێک بێت... خاچێکی تریش کە لەوەدا بوو بکەوێت و شتێشی لەسەر نووسرابوو لە بەرانبەر سەربازگەکەدا بوو، بەڵام ئەوەندە لێرە دوور بوو، کە بتوانێت نووسراوەکەی بخوێنێتەوە لە کۆڵێتەکەیەوە.

لە ڕێگە سەرەکییەکەشدا گۆڕی دەوڵەمەندەکان وەک مۆنومێنتێ جوانی وەک گۆڕەکەی (ڕۆمیلری) دارنووس وابوون. بەڵام هیچ لەسەر ڕێگەکە نەدەبینرا.

***

ئەو هەرا و زەنایەی ئێستا دەیبیستێ، ئاخۆ لە دوایەوە لە کۆلیتەکەوەیە یان لە دوورەوەیە؟ ئەی ئەو دەنگەی بانگ دەکات؟ بڕوات تەماشا بکات؟ نەخێر! نایەوێت... ئامادە نییە.. چونکە.. لەوێ، لەسەر ڕێگەکە چوار کەس تەرمێکیان هەڵگرتبوو. پیرە ژنێکیش لە دوایەوەیان بوو کە منداڵێکی لە ئامێز گرتبوو لەگەڵ قەشەکەدا، هەروەها پێنج شەش کەسێکی تریش بەڕێکی لە بەردەمیانەوە ڕێیان دەکرد، هەروەک بیانەوێت هەرچی زووترە کارەکە تەواو بکەن. چوونە نێو گۆڕستانەکە.

پیاوێک هاتە پێشەوە کە پێشتر چاوەڕوانیی دەکرد. گۆڕی خانەوادەی (ڕۆمیلر) یان گوزەراند، بە نێو گۆڕەکاندا دەڕۆیشتن، وەستان... چەندە ئاواتە خواز بوو ئەوانەی دەوروبەری هەڵیبگرن و بیخەنەوە سەر جێ خەوەکەی.

***

ڕیمی دی فیردت هەشت مانگ بە دەستگیر کراوی مایەوە. دواتر ڕۆژێکی سێ شەممان برایە دادگا. دادوەر بە ڕاستی پیاوێکی باش بوو. زۆر بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکانی پیاوێکی سادە و ئاسایی دەگرت کە لە بەردەمیدا ڕاوەستێنرابوو و دەیتوانی هەر پرسیارێکی بوێت لێی بکات. دادوەر دەیزانی لە دوای گرفتەکانی ڕیمیەوە چ ئازار و مەینەتییەک هەیە، گوێی لەو هاواری ئازارە بوو، کە ڕیمی شاردبوویەوە. بۆیە کەوتە گریان. دواتر وەک باوکێک ئامۆژگاریی کرد. لە کاتی قسەکردنیدا خەمێکی قووڵی لێ بەدیدەکرا.

بە تەنها مایەوە، ماوەیەکی زۆر تەماشای پێشەوەی خۆی دەکرد.. لەبەر ئەوەی دادوەرێکی دادپەروەر بوو.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ (ڕیمی دی فیردت) دەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.. ئەوەش لە بەهاردا بوو.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە:** کتێبی "كان ذلك في الربيع" وقصص عالمية مترجمة / دار الشؤون الثقافية / ٢٠٠٢، وەرگێڕ بۆ عەرەبی: مها محمد حسن.

# چرا هەڵكە

ئیحسان مستەفا

هەولێرنامەی نوێ

**«ئیحسان مستەفا بەهرەداری و وەستایی خۆی وەها سەلماندووە، کە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەردەوام ببووایە لە سەر چیرۆک نووسین و دەستی لێ هەڵنەگرتبووایە، لەوە دەبوو لە كۆڕی چیرۆكی كوردیدا ببووایەتە چیرۆكنووسێكی لێهاتووی گەورە و خزمەتێكی زۆری بكردبووایە».**

حوسێن عارف

## دایك

ئێستاش لەبیرمە، هەر چەند ساڵەكانی پێشوو دەهێنمەوە بەر چاو دێتەوە بیرم ، پیرێژنێكی پیر، بە قەدی باریكی، بە پێستی چرچی، بە ئێسقانی بەرزی، بە قژی سپی و شێواوی. دێتەوە بەر چاوم.

بەڵێ، ئێستاش هەر، چیرۆكەكەی بە تەواوی دەزانم، هەر چەند سەرنجی بدەمێ، وشەكانی پارچە پارچە لە دڵێكی بریندار و خەمناكەوە دەهاتنە دەرەوە، دێنە پێش چاوم.

ئێستاش بە چاوی خەیاڵ دەیبینم، وشەكانیم گوێ لێیە. چۆن لە بیری

کەم. ها. چۆن لە بیری کەم، من بە دەستی خۆم عەرزو حاڵەکەم بۆ نووسی، لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، بە دەنگێکی کز ونزم و باریک، بە دڵێکی بە کوڵ و جۆشەوە، بە قوڵپە قوڵپی گریانەوەی دەیوت و من دەمنووسی. ئەمە پێش چواردە ساڵە.

ڕۆژێک بۆ ماڵ دەهاتمەوە دەنگی پیرێژنێکم گوێ لێ بوو:

– ئەرێ قوربان ئەفەندی نەهاتەوە. گەلێک ئەفەندیم لە ڕێگادا دی بۆ ماڵەوە دەچوونەوە.

چاوم هەڵبڕی سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆمم کرد، لێت نەشارمەوە تووڕەش بووم، چونکە خوێندنی لێ بڕیم. ژنێکی پیری چەماوەی پشت دەرپەڕیوم دی، دارێکی خواری بە دەستەوە بوو، دەهاتە پێش، کلاشە دڕاوەکەی لە دوای خۆی کێش دەکرد، بە نزمییەکەوە لەپێش خۆیەوە قسەی دەکرد و دوعای چاکی بۆ دەکردم.

دایکم وتی:

– کوڕم ئەمە دووجارە ئەم ژنە دێتە ماڵمان، تۆش لێرە نیت. ڕۆڵە خێرت دەگاتێ عەرز و حاڵەکەی بۆ بنووسە، پارەشی بۆ نووسینی نییە.

تووڕە بووم.

– ئێستا کەی کاتی عەرز و حاڵ نووسینە؟

ویستم هەزار بەهانە بۆ ئەم پیرێژنە بدۆزمەوە، بەڵام کە پیرێژن دیتی من قسە ناکەم دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وتی:

– کوڕم یا خوا مەعاشت دە دینار بی، ببی بە حاجی، ببی بە قۆمیسەر، بەدڵساردیەکەوە قەڵەم و کاغەزم ئامادە کرد، دەستم کرد بە نووسین، دەم نادەم پیرێژنەکە دەیوت (ئا.. بە قوربانت بم).

کوڕی دەری کرد بوو. ژنەکەش شکایەتی لێ دەکرد، داوای پارەی لێ دەکرد، دەیوت:

کوڕم ئیشم پێ ناکرێ، چۆن ئیش بکەم. ناتوانم بە تەواوی بڕۆم. نازانم چی بکەم.

دایکم پێمی وت:

– ڕۆڵە چاکت کرد، ئەم ژنە کوڕێکی دەوڵەمەندی هەیە، دایکی دووکانێکی بۆ دانا، بە سایەی ئەم دووکانەوە پارەی پەیداکرد. پاشان ژنیشی بۆ هێنا. ئینجا کوڕە و ژنەکەی پیرەدایکیان دەرکرد.

پیرێژن زمانی کراوە:

– ئەرێ بە خوا کوڕم. دووکانم بۆ دانا. کردمە نەجار. کە هیچی نەبوو. ئەرێ بە خوا

هیچی نەبوو. چ بکەم تاقانە بوو. چۆن بێ ئیشی ببینم. باوکیشی مردووە، چەک و خشڵی خۆم فرۆشت. دووکانێکی ئاوەدانم بۆ دانا، هەتا نەمردووم ژنیشم بۆ هێنا. دەست و لاقی پیاوە گەورەکانم ماچ کرد تا لای عەسکەرەکان بیکەنە خاوەن قۆنتەرات ، ئەو چاوانەم کوێر بێت ئەگەر خراپییەکم بۆی ببی.

ئینجا ئەمە چوار مانگە لە ماڵی دەری کردووم، منی قوڕ بەسەر کە نۆ مانگ لە سکی خۆمدا هەڵم گرت، دوایش سێ ساڵ نەنووستم. ئەرێ بە غەوس سێ ساڵ. نەوەک بگریی منیش لە خەو دابم.

پیرێژن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وتی:

– پێرار کە گرانەتا گرتبووی سەعاتیک چییە جێم نەدەهێشت. هەموو جۆرە ئیشێکم بۆ کردوە. بە کوڕی خۆم بڵێم: نوێژیشم بۆ دەکرد، دەستم هەر لە ئاسمان بوو. شەو و ڕۆژ دوعام دەکرد چاک ببێتەوە. ئێستاش دەرکراوم. لە کون و قوژبنان دەگەڕێم نانی شەوم نییە. دوێنێ چوومە لای، داوای شتێکی لێ بکەم سینیەکی پڕ ماسی سوورەوەکراوی لە بەردەمدابوو، بۆ عەسکەرەکانی دەبرد. ئەم چاوانەم کوێر بێ، پارچە گۆشتێکی نەدامێ. کوڕم کە ئینسان پیر بوو، وەک منداڵی ساوای لێ دێ حەز لە هەموو شتێک دەکات. ئەرێ بە پێغەمبەر هیچی نەدامێ و بە عەسکەرێکی وت دەریکە. ئێستاش ڕۆڵە نەمدەزانی چی بکەم تاکو دایکت کوڕی ساغ بی، پێمی وت شکایەت بکە، نەفەقەی لێ وەرگرە، ئێستاش تۆی عومر درێژ ئەم خێرەت کرد و ئەم حەرز و عاڵەت بۆ نووسیم.

ئینجا پیرە دایک بە خشەخشی کڵاشەکەی بە تەقە تەقی دارەکەی لە پێش چاوم ون بوو، دەم بە دوعاوە چووە دەرەوە. ئیتر نەمزانی چی بە سەرهات. پاش هەشت ساڵ، لەگەڵ هاوڕێیەکانم لە گەڕان بووم ڕێگامان کەوتە ناو گۆڕستانێک لە ناکاو چاوم بە پیرێژنێک کەوت: پیرێژنێکی سەر و پۆتەلاک شێواو، رووت و رەجاڵ، زۆر کەساس، بە کزییەکەوە لە تەنیشت گۆڕێکەوە، لەپەوڕوو کەوتبوو، بە ئاستەم نووزەی دەهات، وەکو باران خوڕخۆڕ فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوەو دەی وت:

– کولەکەی ڕۆحم ڕۆ. هێزی ئەژنۆم ڕۆ. خوێنی دڵم ڕۆ. بڕبڕەی شتم ڕۆ. رووناکی چاوە کزەکانم ڕۆ. ئەی ڕۆڵە ڕۆ.

کاتی چوومە پێشەوە و چاک لێی ورد بوومەوە، ناسیمەوە کە ئەمە ئەو پیرێژنە کڵۆڵەیە کە هاتە ماڵمانەوە و عەرز و حاڵەکەم بۆ نووسی.

## سکاڵای مردوو

ئاه خودایە. ئەم خەوە چی بوو، هەروەک فلیمێکی سینەمایی لە پێش چاوم هات و ون بوو.

شەوێکی هاوین لە سەرجێی نووستنەکەم دانیشتبووم، خەریکی خوێندنەوەی وتارێکی برادەرێک بووم، پێش ئەوەی بینێرێ بۆ گۆڤارێک، بە ناوی (ئادەمیزاد و پێشکەوتن) هوە .بەراستی وتارێکی پڕ مانا و بە کەڵک بوو، پاش ئەوەی وتارەکەم خوێندەوە، بە برام گوت:

–عەلی. دەبینم دەنگی دراوسێکەمان نایەت، لام وایە تووشی ناخۆشیەک بوونە.

– نەختێ ئارام بگرە ئێستا گوێمان لە دەنگی دەبێت. ها ئەم وتارە ئی کێیە.

دەستی بۆ وتارەکە درێژ کرد (ئادەمیزاد و پێشکەوتن) رەنگە وتارێکی جوان بێت، پاشان ئەم یەک دوو دێرەی لێ خوێندەوە، گوتی:

– بە خوا من رام لێ نییە. رەنگە تۆش رات لێ نەبێ، چونکە بە وێنەیەکی شیعری نووسراوە. هە هە ها. وایە کاکە.

لە کاتی قاقای پێکەنینی براکەمدا دەنگی شمشاڵێک هات، دەنگێکی نزم و سووک، دەنگێکی ناسک و لەت لەت بوو، غەمبار، لام وابوو ئەم دەنگە هەموو غەم و ئازاری هەژاریی پێوەیە.

برام – عەلی – وەڵامی دایەوە:

– ها. نەم گوت نەختێ ئارام بگرە، تۆ بە قسەی من هیچ باوەڕ ناکەی. بە راستی دراوسێیەکەمان شمشاڵێکی نایاب و جوان لێ دەدا

بەڵام سەرسام مابووم نەمدەزانی بۆچی ئەم شەوە نەغمەکەی گۆڕیوە، لە شەوەکانی رابردوودا نەغمەی وای لێ دەدا، دەیهێنایە هەڵپەڕین، کەچی لەم شەوەدا نەغمەیەکی بە گرین لێ دەدا، هەر وەک ناڵینی کچێک کە گوێ لە خیانەتی دڵدارەکەی بێت. من و عەلی برام، کز بووین، بە هەموو هۆش و دڵمانەوە گوێمان لەم نەغمە گرت. کەی. ئیتر نەمزانی چی بوو.

خۆم لە پێش زەریایەکی گەورەدا دی، بە ئاوە روونە شینەکەی، کە شەوقی مانگ دەکەوتە سەر ڕووی لووسی، بە تاسەوە ماچی دەکرد، هەر وەک دڵدارێک کە کاتێکی درێژ بێ یارەکەی نەدی بێ. ئەستێرەکان لەم زەریایەدا دەدرەوشانەوە وەک بریسکەی چاوی پشیلەیەک کە لە جێگایەکی تاریکدا دەبینرێ.

هەواڵنامەی کتێب

لە ناکاودا چاوم بە کچێک کەوت کچێکی لاواز و ڕەنگ زەرد، بە لەنجەی سستی دەهات بۆ لای ئەم زەریایە، جار جاریش دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و تەماشایەکی دەکرد. ئاه ئەوا نزیک بووەوە. داخوا بۆچی دێتە لای ئەم ئاوە، لەم شەوەدا. زۆر چاک دیم، هەروەکو گوتم کچێکی لاواز و باریک بوو، بەڵام زگی ئاوسابوو، هەر وەک ژنێکی زگپڕ. دەگریا.

فرمێسکەکانی وەک ئاونگێک دەبریسکایەوە و دەهاتە خوارێ. قسەی دەکرد بەڵێ قسەی دەکرد، گوێم لێ ڕاگرت، بە دەنگێکی کز و خەمگین سکاڵای دەکرد، دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی بوو.

– ئاه خودایە. ئەمە نۆ مانگە خەفەتی مەرگ لە دڵمدا چەقیوە، نۆ مانگە دەزانم کە پاش ئەم کاتە دەمرم. ئەمە نۆ مانگە شەو و ڕۆژ لەبەر تۆ دەپاڕیمەوە، ئاه من بۆچ وا ئاخر شەڕ بووم، کاشکی نەهاتبامە ئەم گێتیەوە، ئەم گێتییە کە پارە پەرستن و خۆپەرستن نەبێت هیچی تری تێدا نییە

خودایە تۆڵەی من، لەم مێردە بێ هۆشەم بکەوە، ئەم مێردە کە هۆی مەرگی من بوو. مەرگێکی بە ڕەنج و بە ئازار

خوایە. ئەمە نۆ مانگە دەگریم و دەناڵێنم، بۆ ئەوەی منداڵم نەبێ. چۆن حەز بکەم منداڵم ببێ کە منداڵبوون و مردنم پێکەوە دەبێت. خودایە چیم کرد بوو، تا بمخەیتە ناو ئەم ئاسیبە زلە، ئەم ئاسیبە کە یەکێک لە پێش ئەمەدا بمرێ مردنی خۆی بزانێ.

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێک بوو، ئەم ڕۆژە ڕەشە، هەرگیز لە بیرم ناچێ، تا ڕۆژی مەحشەر. ئەم ڕۆژە لە پاش شوو کردنم، ژنێک منی بینی و ئامۆژگاری کردم، لە ناو ئەم ڕەنجە منیان بردە لای دکتۆر. گوتی:

– ئەگەر ئەم ژنە منداڵی ببێ دەمرێ. بۆ ئەمە حەبێک هەیە، بابیخوات تاکو منداڵی نەبێ غەیری ئەمە چارەیەک نییە.

زۆر شوکرم کرد، خودایە. خواردنی حەبێک چییە خۆ لە مردن قورتار دەبم، با منداڵم نەبێ، بەڵام بە هەڵە چووم، ئەم مێردە بێ وێژدانە تووڕەبوو، لاقی بەزەویدادا: چۆن منداڵم نەبێ، کەس بێ منداڵ بووە، ئەی ئەم ماڵ و دەوڵەتەم بۆکێ بمێنێ. بۆ ئەم دایکە پیرە، یان بۆ ئەم برا مل ئەستوورە. پاشان کێ دەڵی قسەی ئەم دکتۆرە ڕاستە، هەزار جار قسەیان بەدرۆ دەرچووە، نەخێر من ڕازی نیم با بڕۆینە لای دکتۆرێکی تر.

– منیان بردە لای دکتۆرێکی دیکە، پارەیان دابووێ تا بڵێ ئەم قسەیە ڕاست نییە. چی

بکەم خودایە. گریام و نالاندم، بە فرمێسکی گەرمم دەستم شووشت، بەڵکو رازی دەبێ ئەم حەبە بخۆم و ئەم ترسە لە دڵمدا نەمێنێ، بەڵام ئەم بێ هۆشە پتر تووڕە بوو، گوتی:

– ئەگەر ئەم حەبە بخۆی، منداڵت نەبێ، تەڵاقت دەدەم. من تۆم بۆ منداڵ بوون هێناوە.

وای دڵت وەک سەرەند کون کون بێ. وا تێ دەگات من ئالەتێکیم بۆ منداڵبوونی هێناوم، یان لە ئادەمیزاد نیم. چوار مانگی پێ نەچوو زانیم مردنم نزیک بووتەوە، هەستم کرد کە منداڵ لە زگمد دەبزوی، ئاه خودایە. لەم ڕۆژەدا، ژینم بوو بە دۆزەخ، تا ئەم ڕۆژەدا هات، ڕۆژی منداڵ بوونم، چارە نەبوو مردم، مردنێکی بە ئازار ئێش. چی بکەم لە ناوچاوانم وات نووسوە.

سەرم سوڕ ما، من لە خەوندام، یان نە نووستووم. سەیرم کرد کچەکە دەستی پتر هەڵبڕی و هاواری کرد:

– خودایە، تۆڵەی من لەم مێردە بێ هۆشەم بسێنە، کەسم نییە خوایە هەر تۆم هەیە.

لەم دەمەدا، لە دوورەوە دوو تارماییم دی. روویان لە کچەکە دەکرد، هەر یەکە قولێکی گرت یەکێکیان گوتی:

– بێچارە لە خانەی مردووانەوە رایکردووە، هاتۆتە لای خوا سکاڵا بکات، نەیتوانیوە تا ڕۆژی قیامەت ئارام بگرێ.

لەم کاتەدا بە ئاگا هاتم، دەنگی شمشاڵەکە کزببوو براکەم پێکەنی و گوتی:

– ها چ زوو نووستی لەم هاتو هاوارەدا.

بەڕاستی دەنگی ژنان دەهات، گوتم چی بووە. خێرە.

– پیاوێکی دراوسێمان، ژنەکەی تەڵاق دا، چونکی ئەمە دوو ڕۆژ خواردنەکەی سوێر دەکات.

پێ کەنیم، گوتم:

– ئەمەش کۆنە بەزمێکی تری ڕزیوە.

## موشکیلەی وەستا جەعفەر

بە سەر چاوان. لە ئەوەڵەوە بۆت دەگێڕمەوە. ئەوەڵەن من کەرم

شکارتەیەکم لە کەرایەتیدا هەیە. ئەرێ بۆ خۆم هاوێشتە ناو ئەم قوڕە.

خوات لێخۆشبێ بابە. گۆڕت پڕ لە نور بێ. چەند جار گوێت راکێشام.

– کورِم نەکەی دوو ژن بهێنیت، کورِم جەعفەر. دوو ژن نەهێنی، پاشان سوارت دەبن.

بەڵام ملم بشکێ بە (یەک) رازی نەبووم و (یەکی) تریشم هێنا، ئامۆژگاری باوکیشم شکاند و مەپرسە لە چ حاڵێک دام . هەردووکیان لێم بوون بە عزرائیل، هەر وەکو کەرێک سوارم دەبن. کاشکێ بە سواریش رازی بوونایە. جگە لە جووتەش. یەک سوارم دەبێ و ئەوی تریش بە نەقیزە دەمهاژوات.

هەموو دەم گریان و هاوارە لە ماڵمان. مردم هەندێ جەرِە و مەسینە بکرم، هەموویان بە سەر یەکتردا شکاند. تەماشای هەر لایەک بکەی چاوت بە مووی زوڵف و ئەگریجە دەکەوێ. هەتا کەنناسی شارەوانی جار جار کە: زبڵی خانوومان دەبات پێم دەڵێ:

– وەستا جەعفەر.بۆ خاتری خودا ئەم هەموو مووە چییە. ئەفەندی. خۆ جارێ رۆژەک نەبوو بڵێم ئۆخەی. هەموو دەم هاوار دەکەم. ئوف دەکێشم. کچێ بەسیەتی (نەخشین) کچێ چاوت کوێر بێ (مامز) لێم گەرِێن نانەکە زەقنەبووت کەم. چی بکەم گەرووم کەوت هەندی هاوار بکەم. دەستم شل بوو هەندی لێتانبدەم. پێرێ قوماشم بۆ کرِین. گوتم زستانە و سەرمایە کەیفیان دێ. هەندەی پێ نەچوو. شەربەیەکی تازەم کرِیبوو هەلا هەلا بوو. جنێودان دەستی پێکرد. هەر لەبەر ئەوە چونکە قوماشەکەی (نەخشین) نیو گەز لە هی (مامز) زیاتر بوو. توخوا ئەفەندی چی تێدایە. نەخشین لە چاو مامز هەندی فیلێکە.

دوێنێ شەو: لە سەفەر گەرِامەوە. زۆر ماندوو بووم. یەکسەر چوومە هۆدەی خۆم و هەردووکیانم بانگ کرد:

– کچێ نەخشین، مامز گیان.

هیچ یەکێکیان نەهاتنە لام خزمەتێکم بکەن. زۆر دڵتەنگ بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم: موستە حەقت بێ جەعفەر.

– ئەفەندی. کاکی تۆ زۆر زیرەکە، باوەرِکە هیچم نەکرد. خەوتم، بەڵام بەیانی زوو هەڵسام. دووجەرِە ئاوم بەسەری خۆمدا رژاند. پاشان شەهادەتێکم هێنا. جارێ نەچووبوومە دەرەوە.. قەوما.. ئەمما چۆن قەومانێک.. هەر مەپرسە.. جنێو لە مابەینیاندا دەستی پێ کرد

– ئا... حوشتر... لۆری. بە شەو چوویتە لای.

– چاوت کوێربێ قالۆچەی رەش. من چوومە لای، یان تۆ چوویت. هاهاها تومەز ئەفەندی تەگبیریان کرد بوو کە هیچ یەکێکیان نەیەنە لام، بەڵام من بەیانی (غوسڵم) لە خۆم دەرکرد

وایان زانی کە لەگەڵ یەکتر خەیانەتیان کردووە، ئاوڕێکم دایەوە، سەیرم کرد (مامز) سەری شکاوە... هاها. ئەفەندی هەرا بوو، ئێستاش ئەفەندی، قوربانت دەبم چارەیەکیم بۆ بدۆزەوە. پێکەنی و گوتی:

– محامیت بۆچییە. ژنەکانت لەسەر ئەم (ئیشە) قابیلە شکایەت لە یەکتری بکەن، یان دەرحەق بەتۆ شکایەت بکەن.

– ئەفەندی... بە قوربان... تێنەگەیشتووی... ئەوان دەرحەق بە من شکایەتیان کردووە... گوایە کە من لە ژنەکانم داوە و سەری هەردووکیانم شکاندووە.

## جۆخین و خوێن

– حاکم بەگ. تۆ دەفەرمووت بۆچ مچە ئاغام کوشت. خودا دەزانێ، چ سوێندت لە سەر من نییە. مچە ئاغام نەکوشتووە، مچە ئاغا منی کوشتووە. لەوانەیە باوەڕم پێ نەکەی، بەڵام ئەمرۆڵڵا ڕەزای حەق. من پیاوێکی مردوومە، چیم لە چی نەماوە. لە چ ترسم هەبێ. فەرموو گوێم لێ ڕاگرە. بزانە من مچە ئاغام کوشتووە، یان ئەو منی کوشتووە، (ئەمە چل و یەک ساڵە). لە گوندی مچە ئاغا جووتیارم. بێ وچان کۆشش دەکەم و نیوەی بەروبوومی دەدەمێ. نەمهێشتوە ڕۆژێ مرتە مرتم لەگەڵدا بکات. قسەم پێ بڵێ، لە هیچ کەسێک قسەی ناشرینم قبووڵ نەکردووە، هەموو شتێک بە فەرموودەی خودایە. پێرار ڕۆژێک مچە ئاغا خوڵامێکی خۆی ناردە دوام. گوتم: خێرە.

– گوتی: ئینشائەڵڵا خێر دەبێت. چوومە خزمەتی.

بە ڕوویەکی گەش فەرمووی دانیشتنی کردم و جغارەیەکی پێدام. شێوام هیچ شتی وا نەدیتراوە لە مچە ئاغا. پاش گفتوگۆیەکی کەم. فەرمانی کرد کە: کچەکەی خۆم – جێگەی بەهەشت بێ – بدەمە خوڵامێکی خۆی. لە جێگای خۆم ڕاچەنیم. من سوفی عەولای حەمە ڕەش. کچی خۆم بە خدرۆکی بدەم. خدرۆکی خوڵامی ئەم پیاوە خراپە. دزە. بێ نامووس و کافرە. بەبێ ترس و لەرز وەڵامم داوە.

– ئاغا. ئەگەر فەرماندەی سەری کچەکەم ببڕم. قسەت ناشکێنم، بەڵام بێ ئەدەبی نەبێ. سەرم ببڕی کچی خۆم نادەمە خدرۆک، تووڕە بوو فینجانی قاوەی دا بە ئەرز، دەستی بەجنێودان وقسەی پیس کرد. هەندەی پێنەچوو. لە ئاوایی دەری کردم. چی تێدا هەیە، جووتیارێکی باش و ڕاستگۆم . لە هەموو جێگایەک قەبووڵم دەکەن. بارم کرد. خۆم و کچەکەم چووینە گوندی. (.....) لەوێدا زەویەکی گەورەم بە دەست کەوت. تۆیەکی زۆرم

چاند. ئەوەی هەمبوو چاندم، شەو و ڕۆژ، خۆم و کچەکەم پاش نوێژکردن دوعامان دەکرد. خوا مەرحەمەتمان پێ بکات . بارانمان نەبڕێتەوە. تاکو شتێکیش بەر من بەکەوێ.

که بەهار داهات. بە کەرەمی خوداوە. دەغڵێکی زۆر باشم هات، کە تەماشای دەغڵەکەم دەکرد شوکرانە و حەمدی خوام بۆ دەمایەوە. کچەکە داوای شتێکی دەکرد. دەمگوت:

– ڕۆڵە. سەبرکە بە مەرحەمەتی خوا. جۆخینەکە هەڵبگرم. هەموو داوایەکت جێبەجێ دەکەم. هەموو دەم چاوم لە ئاسمان بوو. دەستم لەسەر دڵ بوو. تەرزەی لێ نەدات، دووربی لە ئافاتی خەراپ. کە وەختی دروێنەدا هات. بە خۆم و کچەکەم، هەر لەوەختی بەیانی تاکو ڕۆژئاوابوون، دروێنەمان دەکرد، ئەم ڕۆژەم قەت لەبیرناچێ کە، سەیری جۆخینەکەی خۆمم کرد لە چاوی پیس بە دووربێت هەندی قەڵاتێک بەرز بوو. شەوان تاکو بەیانی، خەوم لە خۆم حەرام کرد بوو. پاسی جۆخینەکەم دەکرد. بەیانیش کچەکەم پاسی دەکرد.

نەزری دوو مەولوودی پێغەمبەرم کرد بوو: کە ئەم جۆخینە بەخێر هەڵبگرم. لە کەیفان کچەکەم شاگەشکە بوو. گفتم دابووێ کە قادە جلێکی ئاگر بارانی بۆ بکەم، بەڵام قەلەندەرەی چاوی پێ نەکەوت و مرازی حاسل نەبوو. لەم وەختەدا، بیستمان. چوار جۆخینی مچە ئاغایان سووتاندووە. خودا دەزانێ زۆر عاجز بووم. گەرچی مچە ئاغاش دەری کردبووم. ڕۆژەک خزمێکی خۆم هاتە لام و هۆشیاری کردم و گوتی:

– مچە ئاغا سوێندی خواردووە، جۆخینت بسووتێنێ. چونکە وای زانیوە کە تۆ جۆخینەکەی ئەوت سووتاندوە.

که گوێم لەم خەبەرە بوو شێت و هار بووم.

– چۆن خەرمانم دەسووتێنێ. دەری کردم، شار بە دەری کردم، ئێستاش خەرمانم دەسووتێنێ.

حاکم بەگ. خوای لەسەرسەران ئارەزووی چۆن بێ. وا دەبێ. پاش حەفتەیەک کچەکەم نەساغ کەوت، بوو بە داوە دەزییەک، تەنها پێستەو ئێسقانی ما. لە نکەنکی و هاواری جەرگم سووتا ناچار بووم جۆخینەکەم تەسلیمی پیاوێک کرد. کچەکەم بردە خەستەخانەی هەولێر. لەویدا دختۆرێک گوتی:

– کچەکەت تووشی تیفۆبووە

– کچەکەیان لەوێدا نواند. منیش ناچارمام بگەڕێمەوە سەر جۆخینەکەم. پاش نێوەڕۆ بوو، بە پیادە ڕێگای خۆم گرتەبەر. لە ڕێگادا گوێم لە ئاخ وئۆف و بابەی کچەکە دەبوو.

فرمێسکم لە چاو دەهاتە خوارەوە. پاش نیوە شەو، نزیکی گوندەکەم بوومەوە. تەماشام کرد رووناکی ئاگرێکی گەورە و بێئامان دیارە. بە هەڵاتن چوومە پێش. گەیشتمە سەر جۆخینم . نەفەسم بڕابوو.سەیرم کرد: جۆخینەکەم هەمووی دەسووتێ و هیچی نەماوە.

هار بووم، زمانم گیرا، هەستم کرد، حاکم بەگ. هەر دووچاوم دەرپەڕی کە تەماشای جۆخینەکەم کرد. چاوم بە سووتان و ناڵەی کچەکەم کەوت. یەکێک لە جووتیارەکانی گوند گوتی:

– خودا چاوی مچە ئاغای کوێرکات. پیاوەکانی جۆخینەکەتیان ئاگردا.

یەکسەر بەم نیوە شەوە گەڕامەوە هەولێر لە خەستە خانە کچەکەشم ئەمری خوای کرد بوو. حاکم خۆش بێ. بە یەکجاری شێت بووم. چاوم ئەرزی نەدەدیت نەمزانی چۆن گەیشتمە گوندی مچە ئاغا. بەر لە هێوارە بوو. یەکسەر رێگای دیوەخانم گرتەبەر. تەماشام کرد، مچەئاغا لەگەڵ چەند برادەرێکی، خەریکی قومار کردنن، بە بێ بگرە و بەردە، قوربانی خەنجەرێکم کرد. حاکم بەگ.( من مچەئاغام نەکوشتووە.) مچەئاغا منی کوشتووە.

## کوێرە

– خودا خێرتان بنووسی شەوی جوعمەیە.

بە تەنیا خۆر و سێبەری، لەژێردار ئەلکتریکێک راوەستابوو، خۆی هاوێشتبووە سەرگۆچانی. دەستە چرچەکەی بۆفلسێکی خێرەومەندێک کردبووەوە. هەروەکو دەغڵێکی رەنگ زەردی تینوو. قومە ئاوێک لە ئاسمانی دڵسۆزەوە دەرۆز بکات.

ئەم گۆچانە چەند لەلای خۆشەویستە. ئایا هاوەڵی کوێرەوەری نییە. شەو و ڕۆژ لە ژێر دەستی دانییە. ئایا ئەم دارە لەو ڕۆژەوەی کە کچەکەی ئەمری خودای کرد، لەجیاتی چاوی نییە.

خۆزگەم بەپار. کە مۆمی ژیانی کچەکەی نەکوژابووەوە، دەستی دەگرتو و رێگای نیشان دەدا.

خۆزگەم بەپێرار. کە چاوێکی مابوو. وەکو هەر کەسێک کاری خۆی دەکرد و چاوی لە دەستی کەسێک نەبوو.

– خوا خێرتان بنووسێ.

ئەم ژیانە، چ ژیانێکە. لە ناو دەریادا، گیان دەدا. وەک پیرە ماسییەک. لە ناو گۆمە

هەواڵنامەی کتێب

ئاوێکی شێلودا بێ و ورده ورده ئاوی کەم ببێ. لە بەیانیەوە تاکو نیوە شەو. دەمی شل دەبێ بۆ پارچە نانێک. هەموو دەم لە باوەشی تاریکی دایە. دیلی شەوە. شەوێکی بێ ئەستێرە. دەڵێی قالۆچەیەکە، کەوتۆتە ناو گۆمە قیرێک. لە هەموو شتی جوان بێ بەشە: لە درەوشانەوەی ئەستێرە، لە پێکەنینی مانگ، لە بە بووک چوونی بەهار، لە خوناوی لالەزاران. لە خشتەکانی بینای ژیانی. ڕۆژ بە ڕۆژ، دەڕووخێت، هۆش و یادگاری خۆشی ورده ورده لە ناو فرمێسکیدا دەتاوێتەوە. خۆزگەم بەو ڕۆژە کە، تاکە چاوێکی هەبوو. ئیشی خۆی جێ بەجێ دەکرد. وەک هەموو ڕەنجبەرێک نانی خۆی و کچەکەی پەیدا دەکرد، بەڵام کێ دەیزانی لە دەفتەری ژیانی. ئەم نەگبەتیانە هەبوون. ئەو ڕۆژەی قەت لەبیر ناچێتەوە کە: لە ئانی دروێنە. لە پڕێکدا ژانە چاوی گرت. نەیزانی ئەم ژانە لە کێوە هات. ئایا کاری گەرمایەتی بوو یان تەپ و تۆزی دروێنە. قەیرانی ئەم ژانە لە کێوە هات، بەڵام زۆر چاک دەیزانی. بێ ئیش و کار ما. خوا خێری وەستا مام عەولا بنووسێ، زۆر هەوڵیدا چاوەکەی چاک بکاتەوە. هەموو جۆرە دەرمانی بەکارهێنا، هەتا ئاوی کاردی، بەڵام لە دەستی دەرنەچوو. کوێر بوو. زۆر شوکرانەی خوای کرد، لەو ڕۆژەوە تامی برسیەتی بە تەواوی زانی. مانگێک. دوو مانگ. سێ... چوار... ناچار ما، قۆڵی کچەی گرت و هاتە ناو شار بۆ دەرۆزە کردن. چەند پێی ناخۆش بوو.

– خوا خێرتان بنووسێ

ئەم وشەیە دەرگای گوێی دەهەژاند و پەردەی دڵیدا دەگیرساند، ئایا هیچ شتێک هەیە بەرانبەر برسیەتی ڕابوەستێ. قەت نەیدەزانی نەگبەتیی هێشتاکە سێبەریەتی و لە دوای دەڕوا و خۆی ئامادە دەکات شاپێکی تری لێ بدا. ڕۆژێک شاپەکەی تریشی پێ کەوت. کچی تاقانە و نازداری نەخۆش کەوت. چەند جار دەستی هەڵبڕی و هاواری بۆ سەروچاوەی ئایین کرد:

– خودایە. بۆ خاتری گەورەیی خۆت کچەکەم پێببەخشە و لێممەستێنە. بە زۆری مەزانە. لە جیاتی چاومە.

ئەو شەوە بەدەی قەد لە مێشکی ناسڕێتەوە کە کچەکەی لە ناو ئاگری تادا دەسووتا. داوای ئاوی لێ کرد. شێت و هار بوو. بەم نیوە شەوە ئاوی لە کوێوە بۆ بهێنێت. گۆچانەکەی هەڵگرت و بە تەقەتەقی دارەکەی ڕۆیشت. کە: گوێی لە نوزەی دەبوو. (بابە قومەک ئاو) کزەی جەرگی دەهات. چەند جار ساتمەی کرد کەوتە ناو ئاوی پیس. لە دەرگای ماڵانی دا هاواری کرد:

هەواڵنامەی کتێب

– بۆ خاتری خوداتان قومە ئاوێک، بۆ خاتری مردووتان . کە پاش دەمێک گەڕایەوە، کچەکەی ئەمری خودای کرد بوو. زۆر گریا لە هەردوو چاوی کوێری فرمێسک دەهاتە خوارەوە. دەمێک بە ڕیشە سپیەکەی دەنووسا و دەکەوتە خواروە.

لەم دەمەدا دەستی هەڵبڕی. فرمێسکی ڕژاوی سڕیەوە:

– ئوف ف خۆزیا ئەو وەختە بمردبوومایە. پاش کەمێک ملی کەچ کرد و ڕۆیشت. هێشتا فرمێسکی وشک نەببوو:

– خودا خێرتان بنووسێ. شەوی جومعەیە.

## مەلا پیرۆتی جادووگەر

یاهو. بەشەر چ مەخلوقێکی عەجایبە. دوێنێ چاوم بە سمێڵێک کەوت. یادگارێکی کۆنم : بیست ساڵ لەمەو پێش هاتەوە بیر. دەتوانم بڵێم. ڕۆژی هەزار سمێڵ دەبینم، بێ ئەوەی یەک زەرە سەرنجی بدەمێ، بەڵام سمێڵەکەی دوێنێ. بە ژن و باڵای، شۆخ و شەنگی، ئەم جۆگە ڕوونەی کە: لە ناوەندی لووتی بەرەو خوارەوەی دەچێت. ئەم سمێڵە نایابە. ئەم یادگارە خەوتووەی بە ئاگا هێناویەوە مەلا پیروتی جادووگەری خستەوە بیرم. خوای لێ خۆش بێ.

– (پیاوێکی زانایە لە زانستی سیمیا، پیاوێکی مەردانەیە). هەروەکو باپیرم دەیوت:

باپیرم خوا لێخۆشبێت پیاوێکی کۆڵەوار بوو. بە هەموو شتێک باوەڕی دەکرد. نیوەی دەوڵەت و سامانی خۆی خەرجی زانستی سیمیا کرد. تاوەکو مەلا پیرۆتی جادووگەری ناسی. ئینجا وازی لە زانستی سیمیا هێنا. کاشکێ مەلا پیرۆت چوار ساڵ لەمەوبەر باپیرمی ناسیبووایە. بۆیە دوێنێ چاوم بەو سمێڵە کەوت. مەلا پیرۆتم هاتەوە بیر. دەسبەجێ فاتیحایەکەم بۆ خوێند. خوا قبووڵی کات. بیست ساڵ لەمەو پێش بوو ئێستاش بە بیرمە کە: نیوەڕۆژێکی پێنج شەممە لە گەرمەی هاویندا لە (مەلە) گەڕابوومەوە ماڵێ. باپیرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم دەستی مامۆستا مەلا پیرۆت ماچ بکە، پیاوێکی زانایە، مەردانەیە.

سەیرم کرد. پیاوێکی ڕەشتاڵەی گوڕی ناشرین و ڕەق دانیشتووە. هیچی بە پیاو نەدەچوو. غەیری سمێڵە نایابەکەی نەبێ. هەموو شتی لەبیر لادا بوو: جل و بەرگی. عامامەی، دارسیغارەکەی، تەسبێحی. هەموو هۆش و زانستی خستبووە سەر سمێڵی.

دەست ماچ کردنم لەبیر چوو. چاوم گیرۆدەی سمێڵی بوو. پاشان لە ماڵەوە زانیم. ئەو

مێوانەش وەکو زۆربەی مێوانانی ترمان لە: زانایانی سیمیایە. نان و میوەم بۆ بردن. دووبارە باپیرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم چوار هێلکەمان بۆ بکڕە. خێرا ڕانەوەستی، گوتم:

بابە، هێلکەمان بۆچییە. ئەدی تازە مەلا پیرۆت نانی نەخوارد.

مەلا پیرۆت بە ڕووترشی بە جواب هات. تەماشای باپیرمی کرد و گوتی:

– ئا. غولامێکی نەفام خەری.. این خزمتکارست... باپیرم پێکەنی و گوتی:

– ڕۆڵە. تۆ هەقت نەبێ. هێلکەمان پێویستە. بەتەماین تەجرەبەیەک بکەین. ئینشائەڵلا خودا ڕوومان ڕەش ناکات بە هەوڵ و کۆششی مامۆستا.

زۆر منداڵ بووم. تەماشای سمێڵی مەلا پیرۆتم کرد و بە جواب هاتم:

– نەخێر خزمەتکارنیم. عجم آست.

ڕام کردە دەرەوە هێلکەکانم بۆ هێنان. دانیشتم و گوێم ڕاگرت، باپیرم گوتی:

زۆر بە خێر بێیت مامۆستا. ڕۆژێکی بەخێر و بەرەکەت و پیرۆزە، بە خودا دەرفەتێکی باشە. بەتایبەت ئەمڕۆ پێنج شەمەیە، بۆ پاش نوێژی جومعە، چل و هەشت سەعات ماوە. بۆ کاتی تەجروبەمان، هەروەکو بەڕێزت فەرمووی. مەلا پیرۆت بێدەنگ بوو. تەماشای کتێبێکی کۆنی دەکرد. پاش کاتێک هێلکەکانی لەیەکتری خشاند و لە کەیفان گوتی:

– کوڕم ئیلهامێکم بۆ هاتوو. لەم تەجروبەیەدا بە سەر دەکەوین. ڕۆژی شەممە. هەموو قاپ وقاچاخمان دەبێتە ئاڵتوون، ئەمما کوڕم نابێ بە کەسێک بڵێی. بێدەنگ بووم. ئەمە سەد جارە گوێم لەم قسەیە دەبێ. قاپوقاچاخمان هەر پاقرە. پاش سەعاتێک لە ناوەندی حەوشی ماڵمان. دۆزەخێک پەیدا بوو. مەنجەڵێکی لە قوڕ دروستکراویان دامەزراند بوو ئاگریان – لەم چلەی هاوینە – لە ژێر دەسووتاند. کە هێوارە داهات. دراوسێیەکەمان هاواری کرد:

– بەسیەتی وەستا حەسەن، سووتاین بۆ خاتری خودا. باپیرم. پێکەنی و دەیگوت:

– دەبێ هەتا پاشی نوێژی سبەینێ، ئاگری لە ژێر بسووتێ، ئینجا ئەم دەرمانە. کە لە ناویەتی دەبێتە تۆزێکی سپی، ئەو وەختە کەمێک لەم تۆزە سپیە. پاقری دەکاتە ئاڵتوون. بەو مەرجە نابێ قەپاغی ئەم مەنجەڵە هەڵبگیرێ. تاکو پاش نوێژی سبەینێ.

سبحەینێ لە خەو هەڵسام. سەیرم کرد باپیرم بە تەنها دانیشتووە و بارێک داری قەلاشکەری خستۆوەتە بەر دەمی. کە نیوەڕۆ داهات. مەلا پیرۆت ئیزنی خواست و چووە



هەولێر... کتێب

دەرەوە هەتا وەختی پاش نوێژ باپیرم لە بیست سبیل زیاتری کێشا. سەد جار لە ڕێبواران پرسیارم کرد:

– مامە. لە نوێژ دەرچوون.

لە دوادا زانیمان نوێژ تەواو بوو. کەس نەما لە نوێژی جومعە دەرنەچووبێ، بەڵام مەلا پیرۆت نەهاتەوە.

باپیرم زۆر تەنگاو بوو. پاشان نەیتوانی چاوەنۆڕی مەلا پیرۆت بکات. قەپاغی مەنجەڵەکەی هەڵگرت. لە ئانی هەڵگرتن بە بیسملاو وێردخوێندن، هەموو فیکری وابوو کە چاوی بە تۆزێکی سپی دەکەوێ. هەروەکو مەلا پیرۆت فەرمووبووی، بەڵام هیچی نەدی جگە مشکیەکی ڕەش نەبێ. باپیرم ڕەنگی زەرد بوو. چووە ژووری و سوێندی بە قورئان خوارد و تۆبەی کرد. کە: جارێکی تر خەریکی زانستی سیمیا نەبێت، بەڵام زوو نەختی ئاردی نشاستەی لە ناو کاغەزێک داناو خستیە ناو گیرفانیەوە. بە غەمگینی و ماتی لە هۆدەی مێوانان. دانیشت. وەختی عیشایێ مەلا پیرۆت پەیدا بوو:

– سەلامون ئەلەیکوم.

باپیرم وەڵامی دایەوە. بە پێکەنین هەر دوو قۆڵی هاوێشتە سەر ملی ئەمبەر و ئەو بەری ڕوومەتی ماچ کرد.

– هەی دەستخۆش مامۆستا، تەجرەبەکەمان سەرکەوت. بە سەرت قەسەم کە: قەپاغەکەم هەڵگرت تەماشەم کرد هەروەکو فەرمووت تۆزێکی سپی. وەکو ئاردی نشاستە لە ناویدا بوو. ئەلحە مدولیللا بە ئاخری عومرم سەرکەتوو بووم، خودا پلە و پایەت بەرز بکاتەوە، تەماشاکە.

کاغەزەکەی کە نشاستەکەی لە ناو دانابوو. دەرهێنا

– سەیرکە وەک چۆن فەرمووت وایە.

مەلا پیرۆت تێکچوو.سەیرم کرد لە خۆشیان سمێڵی دەلەرزی. بە پێکەنینەوە گوتی:

– وەستا حەسەن ئەی بەشی من.

باپیرم وەڵامی دایەوە:

– بەشی چی مامۆستا. حەقدەستی ئەم دەرمانە. هەشت لیرەت وەرنەگرت، تۆبە خۆت ڕاز و نهێنی ئەم دەرمانە دەزانی، دەتوانی بۆ خۆت دروستی بکەی.

– ئامان وەستا فەرموو ئەمە هەشت لیرەکەت، بەڵام نەختێ لەم دەرمانەم بدەرێ. من

گەلێ تەجروبەم کردووە، بەڵام لە دەستم دەرنەچووە.

هەروەکو کتێب دەڵێ، بەڵام خودا ئەوە لە دەستی تۆی دەرچوواند.

باپیرم هەشت لیرەکەی لێ ستاندەوە و گوتی:

– کەواتە. فێڵت لە من کرد: لە سەدان سەد. نیو مسقاڵت نادەمێ مەلا پیرۆت داهاتوە دەست و پێی باپیرم ماچ بکات، باپیرم گوتی: قەیدی ناکات. مامۆستا بۆ خاتری خوا نەختێکت دەدەمێ. فەرموو، لە پرێکدا کاغەزەکەی کردەوە. هەموو نشاستەکەی بە دەم و چاو و سمێڵی وەرکرد و هاواری کرد:

– ئەم ئاودەڵەی باوێنە دەرەوە.

لەو رۆژەوە، باپیرم ئەم مەراقەی تەرک کردووە. خۆزیا مەلا پیرۆت باپیرمی زووتر ناسیبووایە.

## ئاماژە

* دایک: لە ژمارە (٤) ی ساڵی (١٩٤٤)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا بڵاوکراوەتەوە.
* سکاڵای مردوو: لە ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٤٤) ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا بڵاوکراوەتەوە.
* موشکیلەی وەستا جەعفەر: لە ژمارە (٥٤) ی ساڵی (١٩٥١) ی ڕۆژنامەی (هەولێر) دا بڵاوکراوەتەوە.
* جۆخین و خوێن: لە ژمارە (٥٨) تی ساڵی (١٩٥٢) ی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە.
* کوێرە: لە ژمارە (٦٩)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە.
* مەلا پیرۆتی جادووگەر: لە ژمارە (٧٥ – ٧٦) ی ساڵی (١٩٥٢) ی ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوە**: دامەزراندن و ئەفراندن و پێشرەوێک: مەحموود زامدار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٩ هەولێر.